ئیمام شافیعی
مەزنترین فەقیهی ئیسلام
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى . عربي . فارسي)
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
حبيب محمد سعيد

ئیمام شافیعیی

مەزنترین فەقیهی ئیسلام

حبيب محمد سعيد

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب : ئیمام شـــافیعیی
نـــووسەر : حبیب محمد سعید
چـــاپـــی : یەکەم
ساڵی چاپ : ١٤٢٢ ك - ٢٠٠١ ز
مافی چاپ بۆ نووسەرە
ژمارەی سپاردن (٢٧٧)ی ٢٠٠١ ز

پێشەکیی

الحمد لله رب العالمين و الصلاة والسلام على سيد المرسلين محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .

لە ماوەی بیست و سێ ساڵدا قورئـانی پـیرۆز هاتـە خوارەوە و کرایـە خـەڵاتی محمد المصطفی ﷺ ، کە نەخشەیەکی تێر و تەواوی خوایی بوو بۆ گرۆی ئادەمیزاد تا ئاخرزەمان.

ئەم نەخشە رەنگینەی پەروەردگار هەموو ئەو ئەحکامانەی تێدا بوون کـە خـوای گـەورە بۆ رێکـ وپێکـکردنی ژیانی مرۆڤ ناردبوونی ، تا دین و گیان و عـەقڵ و وەچـە و سـامانی شوێنکەوتوانی دینی خوا پارێزراو بێ .

سوننەتی پێغەمبەریش ﷺ کـە بریتی‌یـە لـە فەرمایشت و کـردار و بڕیارەکـانی ، بـووە روونکەرەوەی قورئان تا موسڵمانان بە جوانیی لێی تێبگەن . سەرەڕای ئەوەی کـە هـاوەڵان - خوا لێیان رازیی بێ - عەرەب بوون و، قورئان بە زمـانی ئـەوان هـاتبووە خـوارەوە و، بـە چـاکیی لێـی تـێ دەگەیشـتن و ، زیـاد لـەوەش کـە پێغـەمبـەری خوایـان ﷺ لـە نـاودا بـوو پرسیاریان لێ دەکرد ، یـان خـۆی هـەندێ شـتی بـۆ روون دەکردنـەوە و ، بـۆ ئـەنجامدانـی هەندێ شتیش هەڵی دەنان و ، لە ئەنجامدانی هەندێکی تریش دوورەپەرێزیی دەکردن ..

هاوەڵانیش - خوا لێیان رازیی بێ - هی وایان هـەبوو توانـای وەرگرتنـی زانسـتی زیـاتر بوو و ، هی واشیان هەبوو زوو بە زوو موسڵمان بـوو بـوو و ، هـی واشـیان هـەبوو بـە هیـچ شـێوەیەکـ لـە کـۆڕی پێغەمبـەر ﷺ دوور نەدەکەوتـەوە . لەبـەر ئـەوە هـەندێ لـە هـاوەڵان ریوایەتی فەرموودەیان زیاتر دەکرد و هەندێکیش کەمتر .. کاتێکیش کە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بە پەروەردگاری گەیشتەوە ، زانستی قورئان و فەرموودە لـە سـنگی هـاوەڵاندا بـوو ، بەڵام هەریەکەیان بە پێی توانای لەبەرکردن و زیرەکیی خۆی .

کە سوپای رزگاریخوازی ئیسلام لە دوورگە دەرچوو و بۆ رزگـاریی گـەلان بـەرەو وڵاتـان کەوتـە رێ و ، وڵاتـان رزگـار کـران ، هاوەڵـە شـارەزاکان یـان ئـەوە بـوو سـەربازی سـوپای رزگاریی بوون ، یان لە شارە گەورەکانی ئەو وڵاتانەدا نیشـتەجێ دەبـوون تـا خەڵکەکـە لـە ئیسلام شارەزا بکەن ..

بەمە هەندێکێ نیشتەجێی شام و ، هەندێکێ عیراق و ، هەندێکیش میصر بوون .. بـەڵام زۆربەی زۆریان مـەدینەیان کردە مەڵبەندێکی گشتیی و تیایا مانەوە .

دیارە کە هاوەڵان دەگەیشتنە هەر وڵاتێکێ دەبوونە سەرچاوەی زانسـت و ، فـەتوا لـەوان داوا دەکرا و، بەرەبەرە مرۆڤە زیرەکێ و دڵسۆز و خواناسەکانیان لێ کۆبوونـەوە و مەردانـە بوونە قوتابیی قورئان و چینی تابیعین پێگەیشت .

کە سەردەمی تابیعین‌یش هاتە بەرەوە ، زاناکانیان زانست و فیقهی قورئـان و سـوننەت و ، ئیجتیهاد و فەتوای هاوەڵانیان وەرگرت و ، بـە پێـی سـەردەمی خۆشـیان را و حوکمـی خۆیان خستە سەری . دوای ئەوانیش تابیعی تابیعین هاتن و ئـەوانیش زانسـت و ئیجتیـهاد و دەلیلی پێش خۆیان وەرگرت و ، بە پێی پێویستیی رۆژگاری خۆشیان ئیجتیهادی خۆیان کرد ..

بەمە موسڵمانان بوونە خاوەنی زانستێکی زۆر ، تا موسڵمانان لە سایەیدا هـەموو گـیر و گرفتێکیان چارەسەر بکەن ، دوای ئەوەی بووبوونـە خـاوەنی کۆمەڵگایـەکی پێشـکەوتوو، کە ئەو رۆژە سەرزەویی کۆمەڵی وەها خوێندەوار و چاوکراوە و پێشکەوتووی تێـدا نـەبوو .. ئەو رۆژە سەرانسەری زەویی لە تاریکیی و زوڵم و دواکەوتندا دەگەوزایەوە..

جـا هـەندێ لـە زانایـان دەقـەکانی قورئـان و سـوننەتیان بـۆ بڕیـاری کارویـاری رۆژانـــە بەکاردەهێنا و ، هەندێکیش لەو دەقانە حوکمیان دەردەهێنـا و، ئەگـەر دەقیشـیان دەسـت نەکەوتایە رایان بۆ فەتوادان بەکاردەهێنا و ئیجتیهادیان دەکرد .

بە بۆنەی ئەم بۆچوونە جیاوازەوە دوو قوتابخانـە دروسـت بـوون : یەکـەم : قوتابخانـەی فەرموودە لە حیجاز . دووهەم : قوتابخانەی را (رأي) لە عیراق .

بەڵام شافیعیی ـ خوا لێی رازیی بێ ـ دەوری تایبەتیی خۆی بووە ، چونکە خوای گـەورە زیرەکیـی کـەم وێنـە و ، لێهـاتنی زۆر و ، راسـتیی و پـاکیی و ئیخـلاص و تـەقوای پێبەخشیی بوو ، تا لە ماوەیەکی کەمی تەمەنیدا زانستی ئەو رۆژە هەمووی کۆ بکاتەوە .

یەکەم جار لە مەککە زانستی لە سوفیانی کوڕی عویەینە و ، موسلیمی کوڕی خـالیدی زنجیی و ، سەعیدی کوڕی سالمی قەدداح و ، داوودی کوڕی عەبدوڕڕەحمانی عەططار و ، عـەبدولمـەجیدی کـوڕی عەبدولعـەزیزی کـوڕی ئـەبوڕوواد وەرگـرت . پاشـان خـۆی گـەیاندە مـەدینە تا زانست لە خزمەتی ئیمام مالیکی کوڕی ئەنەس و ، ئیـبراهیمی کـوڕی سـەعدی ئەنصاریی و ، عـەبدولعەزیزی کوڕی موحەممەدی دەراوەردیـی و ، ئیبراهیمی کـوڕی ئـەبو یەحیای ئەسلەمیی و ، موحەممەدی کوڕی سـەعیدی کـوڕی ئـەبوفودەیکێ و ، عـەبدوڵڵای کوڕی نافیعی صائغ دا وەربگرێت .. دوای ئـەوەش خـۆی گـەیاندە یەمـەن و لـە موطریفـی

کوڕی مازین و ، هیشامی کوڕی یووسفی قازیی صەنعاء و ، عومەری کوڕی ئەبوسـەلمەی هاوەڵی ئەوزاعیی و ، یەحیای کوڕی حەسسانی هاوەڵی لەیثی کـوڕی سـەعدیش زانستی وەرگرت .. هەروەها لە وەکیعی کوڕی جەڕڕاح و ، ئەبوئوسامە حەممادی کوڕی ئوسـامە و ، ئیسـماعیلی کـوڕی عولیـە و ، عەبدولوەهـابی کـوڕی عەبدولمـەجید زانسـتی وەرگـرت ، هەروەها زانستی ئەهلی (رأي) لە موحەممەدی کوڕی حەسەن بە بیسـتن لێـی وەرگـرت و ، لە کتێبەکانیشی باری وشترێکی نووسینەوە ..[1]

بەم شێوەیە ئیمام شافیعیی توانیی زانستی زۆربەی مەزهەبەکانی سەردەمی خـۆی وەربگرێت ، کە کەسی تر توانای نەبووە ئەو هەمووە زانستە لە شار و ولاتـە جـۆرا و جۆرەکـاندا کـۆ بکاتـەوە ، سـەرەڕای لەبـەرکردنی کۆمـەڵێکی زۆر لـە فـەرموودەی پێغەمبەر ﷺ ، بە رادەیەک کە وتراوە : « ليس هناك حديث في الأحكام لم يضمّنـه الشافعي كتبه ».

دوای وەرگرتنی ئەو هەمووە زانیارییـە شـەرعییە دەستی بـەکار کـرد : عـەقڵی فراوان و ، چاوساغیی و دوورەبینیی و ، ئیخلاص و دڵسۆزیی و ، زانینی عەرەبییەک کە هیچ کەس شان لە شانی نەدا ، ئەمانـەی هـەموو خسـتنە کـار بـۆ ئیجتیـهاد .. بـۆ دەست خستنی دەلیلی شەرعیی.. تا ئەوە بوو نەخشەیەکی ژیرانەی، بـە پشـت‌گـیریی بەهێزترین بەڵگەی شەرعیی، بۆ مەزهەبەکەی داڕێژا ..

بەمە شافیعیی ، جیاواز لە هەموو موجتەهیدانی تر کـاری دەکـرد .. یەکـەم جـار بناغەی دادەڕێژا و پاشان بە دەلیل و بەڵگەی ڕێک و پێک بۆچوونەکانی دادەمەزراند ، تا ئەوەبوو مەزهەبی شـافیعیی بووە قوتـابخانەی سـێهەم لە نێوان قوتـابـخانەی (رأي) و قوتابخـانەی (حديث) دا .

شافیعیی یەکەم جار بایەخی بە قورئانی پیرۆز دەدا .. هەوڵی دا بـە جوانیـی لێـی تێبگا و ، بە فەرموودەی صەحیحیش ئایەتەکانی روون بکاتەوە .. بەمە هەنگاوێکی گەورەی نا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی فراوان کەڵک لە فەرموودە وەربگرێ بۆ دەرهێنانی حوکمە شەرعییەکان ..

[1] الامام الشافعي ، فقيه السنة الأكبر ص ١٠-١١ / عبدالغني الدقر .

جا لەبەر ئەوەی کۆمـەڵگای کوردەوارییمان بە درێژایی مێـژووی ئیسـلام پابـەندی مەزهەبی ئیمام شافیعیی بووە و ، زانا بەڕێزەکانیش لەو قوتابخانە ئازیزە زانسـتیان وەرگرتووە ، وامان بە چاک زانیی شتێک لە ژیانی مامۆستای پایەبەرز و مەزنترین فەقیهی ئەهلی سوننەت بخەینە بەردەست گەلی کـوردی موسـڵمان ، بـەو هیوایـەی جێی رەزامەندیی خوای گەورە بێت و ، موسڵمانانیش کەڵکی لێ وەربگرن .. سا خـوا کۆمەک بێت ..

سلێمانیی
١٤٢٢/١/١٦ ک
٢٠٠١/٤/١٠ ز

پێگەیشتنی شافیعیی

یەکەم صەدەی حوکمی دەوڵەتی عەبباسیی ، لە بارەی شارستانێتیی و رۆشنبیریی و فیکر و زانستەوە بە چەرخی زێرین و گەشاوەی ئیسلام دادەنرێت ، چونکە خەلیفە بەوپەری رێک و پێکی‌یەوە دەستی بەسەر کاروباری وڵاتدا گرتبوو و ، پێویستیی موسڵمانان لەو وڵاتە پان و بەرینەدا بە هۆیەکانی گواستنەوەی ئەو سەردەمەوە جێبەجێ دەکران .. موسڵمانان زۆر حەساوە و چاوکراوە و دڵ ئاسوودە و بێخەم بوون .. خۆیان سەرداری سەرزەویی بوون ..

خەلیفە یانێ یەکەم دەست رۆیشتووی سەرزەویی ..

کۆمەڵگای ئیسلامیی یانێ کۆمەڵی پێشکەوتوو و خاوەن مافی سەرزەویی ..

قورئان و سوننەت یانێ نرخ و بەها دیاریی‌کردن بۆ مرۆڤ .. هیچ کافرێک لە رووی نەدەهات لە ئاستی خۆردا چاو هەڵ بێنێ ، چ جای گاڵتە بە ئیسلام و موسڵمانان بکات .. ئەو رۆژە پیاو پاسەوانی شەریعەت و دەوڵەتی شەریعەت بوون .. ئەو پیاوانە سەنگی مێشوولەیان بۆ کافران و مونافیقان دانەدەنا .. هەتا زانا بەرزە پایەدارەکان بوونیان بۆ خەلیفەش لە قەڵەم نەدەدا و ، خۆیان لە دام و دەزگای بە دوور دەگرت ، تا زیو و زێری دەوڵەت کار نەکەنە سەر دڵیان و ، ئەو پرۆگرامە قیامەتی‌یەی کە بۆ خۆیان و شاگردانیان نەخشە کێشاوە لەکەدار نەبێت و ، کۆمەڵی موسڵمان هەردەم چاوی لە ئالای شەکاوەی قوتابخانەی شەریعەت بێت ، کە دەستە دەستە و پۆل پۆل زانا خواناسە رەببانی‌یەکان تیایا دەردەچن و ، ئەرک و فەرمانبەریی سەرشانی خواپەرستان دەگرنە ئەستۆ و ، هەریەکە لە قوژبنێکەوە خەریکی گەیاندنی بانگی تەوحید دەبێت ، تا بە تیشکی زێرینی ئیسلامی بێگەرد تاریکیی کوفر و ئیلحاد برەوێتەوە و ، ئەو دێوە زمەیە لەسەر شان و ملی ئادەمیزادی بێچارە بخرێتە خوارەوە ..

ئا لەم چەرخە رووناکە گەشاوە دڵرفێنە پڕ بەختەوەری‌یەدا ئیمامی شافیعیی هاتە دنیاوە و ، بۆ خزمەتی ئیسلام دەستی بەکار کرد ، تا یەکێ لە موعجیزەکانی ئازیزی

نەبێزراومان حەزرەتی محمد المصطفی ﷺ بێتە دیی ، کە ئاماژە بۆ ئیمام شافیعیی دەکات کە زانایەکی قورەیش سەرزەویی پڕ لە زانست دەکات ، کە دەفەرموێ : (عـــالم قریش یـــملأ طباق الأرض علماً) .[2]

لە رۆژی (حروراء)یشدا ، کاتێک کە ئیمام عەلیی ویستی عەبدوڵلای کوڕی عەبباس - خوا لێیان رازیی بێ - بنێرێ بۆ لای خەواریج ئەم فەرموودەیەی بۆ گێڕایەوە کە دەفەرموێ : « لا تؤموا قریشاً ، وائتموا بها ، ولا تَقَدموا علی قریش وقدِّموهـــا ، ولا تعلموا قریشاً ، وتعلموا منها ، فإن إمامة الأمین من قریش تعدل إمامة الأمین من غـیرهم وإن علم عالم قریش لیسع طباق الأرض » .

جا ئیمام عەلیی بە عەبدوڵلای فەرموو : پێیان بڵێ : لە سـەرچیی تـاوانبـارم دەکـەن ؟ شاهێدیی دەدەم کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی فەرمووە .[3]

جا لە بارەی ئەو فەرمایشتەی ئازیزەوە : « عالم قریش یملأ الأرض علمـــاً » ئیمامی پایەبەرز (ابو نُعیم عبدالملك بن محمد الفقیـــه) دەری بڕیـوە کـە زانایـەکی قورەیشـیی سەرزەویی لە زانست پڕدەکات و ، کتێبـی زۆری دەبـن و ، موسـڵمانان بـە پـیرو گەنجـەوە تەدریسیان دەکەن و ، دەیانکەنە چاوساغی خۆیان و لە فەتوا شـەرعیـیەکاندا پشتیان پـێ دەبەستن .

جا مامۆستا (عبدالملك) دەری دەبڕێ کە ئەم ناونیشـانانە تەنـها شـافیعیی دەگرنـەوە و تەنها زانستی ئەم و کاریگەریی زانستی ئەمە کە ئەو فەرموودەیەی پێ تەئویل بکرێت .[4]

ئیمام شافیعیی : ئەبو عەبدوڵلا ، موحەممەدی کوڕی ئیدریسـی ، کـوڕی عـەبباسـی کوڕی عوثمانی ، کوڕی شافیعیی ، کوڕی سائیبی ، کوڕی عوبەیدی ، کـوڕی عـەبدیـەزیدی، کوڕی هاشمی ، کوڕی موطەللیبی ، کوڕی عەبدمەنافە کە باپیری باپـیری پێغەمبـەرەﷺ. واتە لە عەبدمەنافدا یەک دەگرن .

ئیدریسی باوکی شافیعیی لە مێژوودا شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەنووسراوە ئـەوەندە نـەبێ کە لە مەدینەدا ژیاوە و ، دواییش بۆ عەسقەلان ، کە دەکەوێتە وڵاتی فەلەسـتین ، کۆچـی کردووە و هەتا مردنی لەوێ ماوەتەوە .

[2] سەیری تەخریجی ئەم فەرموودەیە بکە لە (کلیات رسائل النور / ٢ / المکتوبات ص ١٣٧ ، ١٤٤) دا .

[3] الطبقات الکبری للسبکي (١ : ١٩٨) .

[4] الإمام الشافعي ، فقیه السنة الأکبر / عبدالغني الدقر ص ٤٠ ـــ ٤١ .

عەبباسی کوڕی عوثمانی باپیریشی لە مێژوودا زۆر باس نەکراوە ئەوەندە نەبێ کە فەرموودەی ڕیوایەت کردووە و لێشی‌یەوە ڕیوایەت کراوە .

عوثمانی کوڕی شافیعی باوکی باپیریشی تا سەردەمی خەلافەتی ئەبولعەبباسی سەففاح ژیاوە و ، شافیعی کوڕی سائیبی باپیری باپیریشی کە بە بۆنەی ئەوەوە نازناوی (شافیعیی) لێ نراوە ، هاوەڵی پێغەمبەر بووە و لە فەرموودەیەکیش‌دا کە حاکم تەخریجی کردووە و ئەنەس ڕیوایەتی کردووە باسی هاتووە . ئەڵێت : ڕۆژێکیان پێغەمبەر ﷺ لە ژێر چادرێکدا دەبێت و سائیبی کوڕی عوبەیدیش دێتە خزمەتی و کوڕەکەشی ، واتە شافیعی کوڕی سائیب ، لەگەڵیا دەبێت . ئەوە بوو پێغەمبەر ﷺ سەیرێکی کوڕەکەی کرد و فەرمووی : (من سعادة المرء أن يشبه أباه) [٥] فەرمووی : خۆشبەختی‌یە کەسێک لە باوکی خۆی بچێت ..

سائیبیش ، واتە باوکی شافیع ، لە کاتی جەنگی بەدردا موشریک بووە و لەناو سوپای قوڕەیش‌دا هەڵگری ئالای نەوەی هاشیم بووە و سەرەنجام دیل دەکرێت و بە فیدیە خۆی ڕزگار دەکات . پاشان موسڵمان دەبێت . لێی دەپرسن : بەر لەوەی فیدیە بدەیت بۆچ موسڵمان نەبوویت ؟ ئەڵێت : نەمویست موسڵمانان لەو فیدیەیە بێبەش بکەم کە بە تەمای بوون .

کاتێکیش کە لەگەڵ عەبباسی کوڕی عەبدولموطەللیب‌دا بە دیلیی دەیانهێننە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ دەری دەبڕێ کە لەگەڵ سائیب‌دا برای یەکترین کە دەفەرموێ : (هذا أخي وأنا أخوه) . [٦]

وتراویشە کە : سائیب لە شێوەدا لە پێغەمبەری خوا ﷺ چووە . جارێکیان نەخۆش دەبێت ، عومەر ئەفەرموێ : هەستن با بچین عەیادەی سائیبی کوڕی عوبەید بکەین ، چونکە ئەو لە پیاوە پاڵفتەکانی قوڕەیشە .. [٧]

عوبەیدی کوڕی عەبد یەزیدیش لە « الإصابه » دا بە هاوەڵ لە قەڵەم دراوە . هەروەها عەبد یەزیدی کوڕی هاشمیش هاوەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ بووە ..

---

[٥] الإصابة (٢ : ١١) .
[٦] الإصابة (٢ : ١١) .
[٧] الإصابة (٢ : ١١) .

هاشمی کوڕی موطەللیبیش برازای هاشمی کوڕی عەبدمەنافـە ، کـە باپیرە گـەورەی پێغەمبەری خوایە . جا لەبەر ئەوەی کە موطـــەللیب و هاشم برایـەتییان زۆر خۆش بـووە موطەللیب کوڕەکەی ناو ناوە هاشم .

موطەللیبی کوڕی عەبدمەنافیش مامەی عەبدولموطـــەللیبی باپیری پێغەمبـەری خـوا بووە و هەر ئەویش پێی گەیاندووە . چونکە هاشمی کوڕی عەبدمەناف لە شـاری یـەثریب لە هۆزی خەزرەج ژنێـک مـارە دەکات و کوڕێکی لێی دەبێ و ناوی دەنێ (شـیبة‌الحمد) ـ کە عەبدولموطەللیبە ـ لەگەڵ دایکیدا سەردانی یەثریب دەکەن و هاشمیش بۆ بازرگـانیی بەرەو شـام دەردەچێ و لـەوێ لـە شـاری غـەززە کۆچی دوایـی دەکـات .. دوای ماوەیـەک موطەللیب دەچێت بۆ یەثریب و دەبینێ وا (شیبة الحمد)ی برازای گەورە بووە . ئیـتر لـە پاشکۆیدا هەڵی دەگرێ و دەیهێنێتەوە مەککە و کە خەڵکیی لە پاشـکۆیدا دەی بینـن وا دەزانن بەندەیە و کڕیوەتی ، لەبـەر ئـەوە نـاوی دەنێـن عەبدولموطـــەللیب . هـەندێکیش ئـەڵێن : لەبـەر ئـەوەی کـە موطـــــەللیب شـەیبەی بـرازای بـەخێوکردووە ناویـان نـاوە عەبدولموطەللیب .

بەڵێ عەبدمەناف چوار کوڕی هەبوون : هاشم و موطـەللیب و عـەبدشـەمس و نەوفـەل ، بەڵام هەروەک هاشم و موطەللیـب پـەیوەندییان پتـەو بـوو ، ئـەوا منـاڵەکانیشیان هـەروا یەکتریان زۆر خۆش دەویست ، هەتا نەوەی موطەللیب ، بە موسـڵمان و کافریانـەوە ، شـان بـە شـانی نـەوەی هاشـم ، لەوکاتـەدا کـە قورەیـش گـەمارووی ئـابووریی خستبووە سـەر پێغەمبەر و موسڵمانەکان ، پشتگیریی موسڵمانەکانیان کرد . بۆیە پێغەمبـەری خـوا ﷺ لە کاتی دابەش کردنی (خمس) دا نەوەی موطەللیبیشی وەک نەوەی هاشم لـە قەڵـەم دا و لە (خمس) بەشی دان . بەڵام نەوەی عەبدشەمس و نەوەی نەوفەل بەشی نەدان هەرچـەندە ئەوانیش وەک نەوەی موطەللیب ئامۆزای نەوەی هاشم بوون .

پێویستە لە یادیشمان بێ کە بەناوبانگترین هۆزی موضەر کەنانەیـە و ، قورەیشـیش لە کەنانەیە و ، هەرکەسێک لـە نـەوەی نـەضری کـوڕی کەنانـە بووبێـت بـە قورەیشـییان ژماردووە .

جا لەبەر ئەوەی کـە قورەیـش ئـەهلی حـەرەم و پارێزگـاری مـاڵی خـوا بـوون ، لـەناو عەرەبەکاندا پایەدار بوون و ، لە کاتی گەشتی بازرگانییدا کەس نەیدەتوانی دەستیان بـۆ بەرێ ، یان ڕێیان لێ بگرێ . ئەوەتا قورئانی پیرۆز ئاماژە بۆ ئەمە دەکات و دەفـەرموێ :

﴿ وقالوا : إن نتبع الهدى معك نتخطف من أرضنا ، أو لم نمكن لهم حرما آمنا يجبى إليه ثمرات كل شيء ، رزقاً من لدنا ، ولكن أكثرهم لا يعلمون ﴾. (القصص : ٥٧)

کافرەکان دەیانوت : ئەی موحەممەد ! ئەگەر ئێمە شوێن ئەم رێبازی هیدایەتە بکەوین لەگەڵتدا ، ئەوا هەموو خەڵکەکە دەبێتە دوژمنمان و لە شوێن و مـاوای خۆمـاندا دەمـان فرێنن . خوای گـەورەش وەلامـی ئـەو نەفامانـە دەداتـەوە : کـە هـەر ئێمـە لـەو حـەرەمی مەککەیـەدا تـەمکینمـان بـەوان نەبەخشیوە کـە لـە هـەموو لایەکـەوە رزقیـان بەسـەردا دەبارێنین ؟ لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان بەو نیعمەتە نازانن .

هەروەها قورئانی پیرۆز لە سوورەتی (قریش) دا منەت بەسەر قورەیشدا دەکـات کـە رزقـی پـاک و بێگـەرد و ئـەمن و ئاسایشـی پێبەخشـیون و تـرس و برسـێتیی لێ دوور خستوونەتەوە .

هەموانیش دەیزانن کە لە ناو هەموو عـەرەبدا قورەیشـییەکان بـە عـەقل و ژیریـی و دانایەتیی و دانبەخۆداگرتن ناسرابوون .. چیی رەوشـتی بـەرز هـەبوو ئـەوان دەسـتیان پێـوە دەگرت . لەبەر ئەمە بووبوونە سەردار و خەڵک شوێنیان دەکەوت .

ئەوەتا ئیمام بوخاریی فەرموودەیەک لەو بارەوە لە ئەبوهورەیرەوە ـ خوا لێی رازیی بـێ ـ ریوایەت دەکات کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ : « الناس تبع لقريش في هذا الشـأن. مسلمهم تبع لمسلمهم ، وكافرهم تبع لكافرهم ... الحديث » .

هەروەها موسلیمیش لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە ـ خوا لێـی رازیـی بـێ ـ دەگێڕێتـەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : « الناس تبع لقريش في الخير والشـر » . دەفـەرموێ : قورەیش چاک بن یان خراپ بن خەڵک شوێن پێیان هەڵ دەگرێت ..

زۆربەی ئەوانەی کە ژیانی ئیمامیان نووسیوە لەسەر ئەوە یەک دەنگن کـە دایکـی لـە هۆزی (ئـەزد) ە و ، هـەر هەمووشـیان لەسـەر ئـەوە یـەک دەنگـن کـە ئـافرەتێکی زۆر خواناس و رەوشت بەرز بووە و ، خاوەنی فیطرەتێکی پاک و خاوێن بووە .[٨]

لە بارەی زیرەکیی دایکی شـافیعییەوە دەگێڕنـەوە کـە لەگـەڵ پیـاوێک و ژنێکـی تـردا دەچنە بەردەم قازیی مەککە بۆ شـاهێدییدان .. لـەو کاتـەدا قـازیی دەیـەوێ ژنـەکان یـەک یەک بانگ بکات بۆ شاهێدیی ، کەچیی دایکی ئیمـام نـاڕازیی دەبـێ و بـە قـازیی ئـەڵێ :

---

[٨] الطبقات الكبرى (٢ : ١٧٩) .

بۆت نیە ئەو کارە بکەیت ، چونکە خوای گەورە دەفەرمویّ : ﴿ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَى ﴾ (البقرة : ٢٨٢) . بەمە قازیی واز لەو بۆچوونەی خۆی دێنیّ .

ئیبن حەجەر ئەم هەڵوێستەی بە لاوە چاکْ دەبێت ، کە ئەڵێت : « وهذا فرع غريب ، واستنباط قوي » [٩] .

لە رۆژی جومعەی دوا رۆژی مـانگی رەجـەبی سـاڵی صـەد و پـەنجای کۆچیـی‌دا ئیمام شافیعیی هاتۆتە دنیاوە ، کە ئەو ساڵەیە ئیمـام ئەبوحەنیفـە کۆچی دوایـی تێـدا کـردووە . بەڵام نووسەران بۆ شوێنی لە دایکْ بوونی جیاوازی‌یان هەیە . هـەندێ ئـەڵێن لـە غـەززە و هەندێکیش عەسقەلان و هەندێکیش یەمەن و هەندێکیش مینا ، بەڵام ئەوەی راستتـر بـێ ئەوەیە کە لە غەززە لە دایکْ بووە و دایکی بردوویەتی بۆ عەسقەلان ، وەکْ یـەکێکْ لـە قوتابیەکانی ، کە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولحەکەمە گێڕاویەتـەوە [١٠] . پاشانیش لە تەمەنی دوو ساڵیی‌دا براوە بۆ مەککە و لەویّ گەورە بووە [١١] .

بەڵام ئیبن حەجەر وەهای بۆ چووە کە لە غـەززەی عەسـقەلان لـە دایـکْ بـووە و ، لـە تەمەنی دوو ساڵیی‌دا دایکی بردوویەتیەوە بۆ حجاز بۆ ناو خزمەکانی ، بەڵام کە گەیشتۆتە دە ساڵیی لە ترسی ئەوەی کوڕەکەی نەسەبی خۆی لە یاد بکـات یـان بفـەوتیّ هێناویەتـەوە مەککە ناو خزمە قورەیشی‌یەکانی [١٢] .

کە شافیعیی چاوی کردەوە و فامی پەیدا کرد خـۆی لـە مەککـەدا بینیـی .. مەککـەی شوێنی دابەزینی وەحی و ، مەڵبەندی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئیسلام .. ئەو مەککەیەی کە لە هەموو کون وقوژبنێکی سەرزەویی‌یەوە دڵان کەمەندکێش دەکات .. ئەو مەککەیـەی کە خوا بە بۆنەی کەعبەی پیرۆزەوە شەرەفمەندی کردووە ..

لە مەککەدا کە چاوی هەڵ هێنا مزگەوتی حەرامی بینیی کە هەردەم لە قورئانخوێـن و زانای حـەدیث و شـارەزای فیقهـ و خـەمخۆرانـی ئیسـلام و قوتـابیی و گویّگـران پـڕە و ، کەعبەی پیرۆزیش لە ناوەڕاستی‌دا بە درێژایی ساڵ بە شەو و بە رۆژ لـە تـەوافکـەران چۆڵ نابێت ..

---

[٩] توالي التأسيس (٤٦).
[١٠] توالي التأسيس (٤٩) .
[١١] شذرات الذهب (٢ : ٩) .
[١٢] توالي التأسيس (٤٩) .

لەم شوێنە پیرۆزەدا و لەناو زانایـان و پیاوچاکـانی موسـڵمانان‌دا شـافیعیی چاوی هـەڵ هێنا و ، بە ژیرانە جێی خۆی کردەوە و رووی لە وەرگرتنی زانیاریی نا ..

سەرەتا دایکی ژیـر و بەسـەلیقەی ویستی کورەکـەی بداتـە دەسـت مامۆستایەک تـا خوێندنەوە و نووسینی فێر بکات ، بەڵام بیری کـردەوە ئـەوێکی دەسـت‌کـورت توانـای نیـە مووچەی مامۆستاکەی بدات ، ئیتر کورەکەی چۆن بخوێنێت ؟ مامۆستا کە ئەمەی زانیـی و هەستیشی بە نەجیبیی و زیرەکیی و رەوشت جوانیی شافیعیی کرد ، وازی لە کرێی خـۆی هێنا و بەوەندە رازیی بوو کە هەر کـاتێ خـۆی لـەوێ نـەبێ ئـەم جێـی بگرێتـەوە . بگـرە لەوانەشە مامۆستا هەستی کرد بێ کە بۆ فـێرکردنی شـافیعیی ئـەوەندە مـاندوو نـابێ کـە شایانی کرێ وەرگرتن بـێ . چونکـە تـا مامۆسـتا ئایـەتێکی فـێری منـاڵێک دەکـرد خـێرا شافیعیی ـ هەر بە بیسـتنی ـ لەبـەری دەکـرد و ، مـامۆسـتا هـەر شتێکیشـی بـۆ قوتابیـان دەخوێندەوە تا بە دوایدا بی‌نووسن ، خێرا شافیعیی هەمووی لەبەر دەکـرد ، تـا رۆژێکیـان مامۆستا پێی ئەڵێ : بۆم حەڵاڵ نیە هیچت لێ وەربگرم .[13] بەم شێوەیە خەریک بوو هەتا ئەوە بوو لە تەمـەنی حەوت ساڵیی‌دا هەموو قورئانی لەبەرکرد .[14]

ئەمە سـەرەتای زانسـت وەرگرتنـی شـافیعیی بـووە . دوای ئـەوە دەچێتـە مزگـەوت و ، بەوپەڕی حەز و تاسەمەندی‌یەوە و ، بە مێشکێکی ساف و زیرەکەوە لە خزمـەتی زانایـان‌دا زانست وەردەگرێت ، بـەڵام ئـەوەندە دەسـتی کـورت دەبێـت نـاتوانێ بـۆ نووسـینەوەی ئـەو زانستەی کە دەی‌بیست کاغەز بکرێت .. ناچـار دەست بـە کۆکردنـەوەی ئێسـقان و دەفـەی شانی وشـتر و پارچـە پێسـتە دەکـات هـەتا فـەرموودەیان لەسـەر بنووسـێتەوە ، تـا چـەند کووپەیەکی دایکی لەم شتانە پڕ دەکات ..[15]

ئەوەندە دەست‌کورت دەبێ خزمێکیان ئامۆژگاریی دەکات تـا واز لـە خوێنـدن بـهێنێ و دەست بداتە کاسپیی کردن ، کەچیی ئیمام دڵی نایەت دەست لە زانسـت هـەڵ بگـرێ ، تـا خوای گەورە لە بەخششی خۆی رزقی بۆ ئەنێرێ .[16]

---

[13] معجم الأدباء (١٧ : ٢٨٤) .
[14] شذرات الذهب (٢ : ٩) .
[15] معجم الأدباء (١٧ : ٢٨٤) آداب الشافعي ومناقبه (٢٥) .
[16] توالي التأسيس (٥٠) .

تــا بڕینـی ئەم قوناغـەش هێشتا شافیعیی باڵغ نەبوو بوو . هەر لەم قوناغـەدا کتێبـی (الموطأ) ی ئیمام مالیکی ی لەبەر کرد ، کە هێشتا نەچووبووە خزمەتی ئیمام مالیک بـۆ خوێندن .

موزەنیی لە ئیمام شافیعیەوە ریوایـەتیکردووە کـە فەرموویـە : « لەحـەوت ساڵییدا قورئانم لەبەر کردووە و ، لە دە ساڵییشدا (الموطأ) » .[17]

هەر بەو منداڵییە حەزی لەوە بوو بە چـاکیی لـە زمـانی عـەرەبیی شـارەزا ببـێ ، بـۆ ئەمە سەری لە دەشت و بیابان دەدا بۆ فێربوونی نـەحوو ئـەدەب و خـەریکی لەبـەرکردنی شیعر دەبوو .. جارێکیان تووشی موسلیم ی کـوڕی خـالیدی زنجیـی[18] دەبێـت و پرسـیاری لێ دەکـات : ڕۆڵـە ! خـەڵکی کوێیـت ؟ ئـەڵێت : خـەڵکی مـەککـەم . دەپرسـێ : ماڵتــان لەکوێدایە ؟ ئەڵێت : لە شیوی (خەیف) . دەپرسێ : لە چ هۆزێکی ؟ ئەڵێت : لە نـەوەی عـەبدمەنافم . ئەڵێت : بەخ ، بەخ !!

خوای گەورە شەرەفمـەندی دنیـا و قیامـەتی کردوویـت ، خۆزگـە ئـەم زیرەکیـی و تـێ گەیشتنەت بۆ ئەم فیقهە بەکار بهێنایە ، ئەو کاتە بۆت چاکتر دەبوو .[19]

هەروەها کەسانی تریش ئامۆژگاریی دەکەن هەتا واز لە شیعر بهێنێ و روو لـە فیقهـ و زانستی قورئان بکات . کە دێتەوە مـەککـە دەچێتـە خزمـەتی سـوفیانی کـوڕی عویەینـە و چەندێ خوا ویستی لەسەر بێ زانستی لێ وەردەگرێ .. هەروەها دەچێتە خزمـەتی موسـلیم ی کوڕی خـالیدی زنجیـی و لـەویش زانسـت وەردەگـرێ ، پاشـانیش دەچێتـە مەینـە و لـە خزمـەتی ئیمام مـالیکدا دەمێنێتەوە .[20]

لـە راسـتییدا شـافیعیی فـێربوونی عـەرەبیی و شـارەزابوون لـە شـیعری بـۆ خزمــەت شەریعەت دەویست ، بۆیـە کـە روو لـە فیقهـ دەکـات ، دەسـت بـەرداری شارەزابوون لـە عـەرەبیی نابێ ، تـا سـەرەنجام دەبێتـە مـامۆسـتای مـامۆسـتایان و ئیمامـە شـارەزاکانیش

---

[17] توالي التأسيس (٥٠) .

[18] موسلیم ی کوڕی خـالیدی زنجیـی : مامۆسـتا و موفتیـی حـەرەمی مـەککیی و فەقیـهی مەککـە بـووە . پیـاوێکی خواناس بووە و لە ساڵی ١٨٠ ی کۆچییدا کۆچی دوایی کردووە .

[19] المجموع (١ : ١٥) .

[20] صفة الصفوة (٢ : ١٤٠) المجموع (١ : ١٥) .

[21] شانازیی پێوە دەکەن .. بە رادەیـەکێ کـە ئەگـەر سـوفیانی کـوڕی عویەینـەی مامۆسـتای تەفسیری قورئان یان فەتوای داوا لێ بکرایە ، ئاوڕی ئەدایەوە بۆ لای شافیعیی و دەیوت: پرسیار لەو منداڵە بکەن .[22]

هەروەها موسلیم ی کـوڕی خـالیدی زنجیـی مامۆستا و موفتیـی مەککـە کـە یەکـەم مامۆستای شافیعیی بووە کە تەمەنی شافیعیی دەگاتە (١٥) ساڵیی پێی ئەڵێ :

« ئەبو عـەبدوڵڵا ! فەتوا بدە . بەخوا کاتی ئەوەت هاتووە کە فەتوا بدەیت » .[23]

لەم قۆناغەدا شافیعیی ئەو فەرموودانەی کە بەلای سوفیانی کوڕی عویەینـەی شـارەزای فـەرموودەی حـەرەمی مەککیـیەوە بـوون نووسـینەوە و ، فیقهیشـی لـە موفتیـی مەککـە موسلیم ی کوڕی خالیدی زنجییەوە وەرگرت و ، فەرموودەشی لە سەعیدی کوڕی سـالمی قـەدداح و ، داوودی کـوڕی عـەبدوڕڕەحمانی عـەططار و ، عـەبدولمـەجیدی کـوڕی عەبدولعەزیزی ئەزدیيەوە گێڕاوەتەوە .

بیشـری مـوریسـیی وتوویە : لە مەککەدا گەنجێکم دیوە ئەگەر بمێنـێ دەبێتـە پیـاوی (ناوداری) دنیا . کاتێکیش بیشر ـ کە موعتەزیلە دەبێت ـ حـەجی مـاڵی خـوا دەکـات و دەگەڕێتەوە ، هاوەڵانی پرسیاری ئەوەی لێ دەکەن کە لە مەککەدا چاوی بە کێ کـەوتووە . ئەڵێت : پیاوێکم دیوە کە ئەگەر لەگەڵتاندا بێت هەرگیز نابەزرێن و ، ئەگـەر لـە دژیشتان بێت وریا بن و خۆتان ئامادەی بکەن ، ئەویش موحەممەدی کوڕی ئیدریسی شافیعیيە .[24]

لەم قۆناغەدا لە مزگەوتی کەعبەدا وانەی بە خەڵک وتووە . حەرمەلە ئەڵێت : چاوم لێ بووە شافیعیی لە مزگەوتی حەرامدا خەڵکیی فێر دەکرد و تەمەنیشی سیانزە ساڵان بوو .[25]

ئێستەش بـا سـەرنجێکی ئیمـام شـافیعیی بگریـن بزانـین لـەم قۆناغـەدا چ چالاکیيـەکی لاوانەی لێهاتووە ..

---

[21] سوفیانی کوڕی عویەینە : مامۆستای حـەدیث بـووە لـە حـەرەمی مـەکییدا . لـە شـاری کووفـە لـە دایـک بـووە و نیشتەجێی مەککە بووە و ، هەر لەوێ لە ساڵی ١٩٨ ی کۆچییدا کۆچی دوایی کردووە . خاوەنی زانسـتێکی یـەکجار زۆر بووە . لەو بارەوە ئیمام شافیعیی ئەفەرموێ : ئەگەر مالیک و سوفیان نەبوونایە زانستی حیجاز تیادەچوو.

[22] وفيات الأعيان (١ : ٥٦٦) .

[23] وفيات الأعيان (١ : ٥٦٦) .

[24] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٣) .

[25] تهذيب الأسماء واللغات . حەرمەلە : کوڕی یەحیای کوڕی عەبدوڵڵای تەجیبیيـە . ئیمـامێکی پایـەدار بـووە . یـەکێ بووە لە هاوەڵانی شافیعیی و فەرموودەی لەویش و لە کەسانی تریشـەوە ریوایـەت کـردووە . سـاڵی (٢٣٤) ی کۆچیـی کۆچی دوایی کردووە ..

کاتێک که بۆ فێربوونی زمانی عەرەبیی بۆ بیابان دەردەچوو ، هەندێ هونەری تریش فێر بوو ، وەک تیراندازیی . ئەوەندە شارەزایی تێدا پەیدا کرد که لە دە تیردا دە یان نۆیان نیشانەکەیان دەپێکا . هەروەها شارەزای زانستی پزیشکییش بووە .[26] شان بە شانی ئەمەش شافیعیی خۆی فێری سوارچاکیی کردووە و سوارچاکێکیشی لێ دەرچووە کە هاوتای نەبێت . رەبیع وتوویە : شافیعیی . لە هەموو کەسێک ئازاتر و سوارچاک تر بووە ، بە رادەیەک کە ئەگەر ئەسپەکەی لە غاردا بوایە گوێی دەگرت و خۆی هەڵ ئەدایە سەری . ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەموو ئەندامێکی ئوممەتی ئیسلام ، بە تایبەت زانایان و پێشەوایانی ، خۆی بۆ جیهاد ئامادە دەکرد .. هەر هەموو پاڵەوانی مەیدان بوون بۆ لووت شکاندنی هەر کافرێک کە بیەوێ پێ بخاتە خاکی ئیسلامەوە ..

هەروەها ئیمام شافیعیی دەنگی زۆر خۆش بووە ، بە رادەیەک کە خەڵکیی دەهێنایە گریان . بەحری کوڕی نەصر وتوویە : کاتێک بمانویستایە بگرین بە یەکتریمان دەوت : هەستن بابچین بۆ لای ئەو لاوە موطەللیبییە تا قورئانمان بۆ بخوێنێ . کە ئەهاتینە لای دەستی بە خوێندنی قورئان دەکرد ، تا ئەوە بوو لەبەر خۆشیی دەنگی هەندێک بێهۆش دەکەوتن و خەڵکەکە دەنگی گریانیان بەرز دەبوویەوە . کە حاڵی خەڵکەکەی دەدیی ئەویش لە قورئان خوێندن دەستی هەڵ دەگرت .[27]

ئیمام ئەحمەدیش باسی دەنگخۆشیی ئیمام شافیعیی کردووە کە لە کاتی قسەکردندا دەنگی وەک دەنگی زەنگ زرنگاوەتەوە .

ئیمام شافیعیی وەک خواناسێکی رەببانیی جل و بەرگی سادەی لەبەرکردووە و پێڵاوی سادەشی لە پێ کردووە . ئەمووستیلەیەکی لە پەنجە کردووە کە لێی نووسراوە : « کفی باللّٰه ثقة لمحمد بن إدريس » .

لەوە دەچێ ئیمام شافیعیی دوای گەڕانەوەی لە مەدینە ژنی هێنابێ و ، تەنها یەک ژنیشی هێناوە کە ناوی حەمدەی کچی نافیع ی کوڕی عەنبەسەی کوڕی عەمری کوڕی عوثمانی کوڕی عەففان بووە .

شافیعیی تەنها دوو کوڕی بوون و لەبەر خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ هەردووکیانی ناو ناون موحەممەد هەرچەندە خۆشیی ناوی موحەممەد بووە .

کوڕە گەورەکەی کە موحەممەد ئەبو عوثمان بووە ، فەرموودەی لە باوکی و ، لە سوفیانی کوڕی عویەینە و ، عەبدوڕڕەززاق و ، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل وەرگرتووە و ،

---

[26] توالي التأسيس (٦٧) ، تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٥) .
[27] الوافي بالوفيات (٢ : ١٧٣) .

ماوەیـەکیش بۆتـە قـازیی ناوچـەی جـەزیرە و لـەوێ فـەرموودەی بڵاوکردۆتـەوە و زانایـانی جەزیرەش ریوایەتیان لێوە کردووە . هـەروەها لـە حەڵـەبیش بۆتـە قـازیی و سـاڵانێکی زۆر لەوێ ماوەتەوە .

ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بەم کوڕەی ئیمـام شـافیعیی فـەرمووە : لەبـەر سـێ شـت خۆشم ئەوێیت : کوڕی ئەبوعەبدوڵڵا ، واتە شافیعییت ، پیـاوێکی قوڕەیشـییت ، پیـاوێکی هەڵگری سوننەتیت . ئەم کوڕەی ئیمام لەگەڵ ئیمام ئەحمەددا لەسەر خۆشەکردنی پێستەی مردارەوە بوو وت و وێژی هەیە .

ئەم کوڕەی بووە کە باوکی لۆمە و ئامۆژگاریی کردووە کە فەرموویە : « کوڕەکـەم ! بـە خوا ئەگەر بزانم ئاوی سارد پیاوەتییم ئەڕووشێنێ بە گەرمیی نەبێ نایخۆمەوە »[٢٨] .

کـوڕی دووهەمیشـی موحەممـەد ئەبولحەسـەن بـووە کـە دایکـی کـەنیزەکێ بـووە و ، کاربەدەستیی قنسرین و عـەواصیم ی کردووە . هـەر بـە منداڵیـی لەگـەڵ بـاوکیدا هاتۆتـە میصر و هەر لەوێش لە مانگی شەعبانی ساڵی دووصـەد و سـیی و یـەکدا کۆچـی دوایـی کردووە[٢٩] .

هەروەها تاقە کچێکیشی بـووە کـە نـاوی زەینـەب بـووە ، کـە شـووی بـە ئامۆزایـەکی شافیعیی خۆی کردووە و کوڕێکی لێی بووە بە ناوی ئەحمەدی کـوڕی موحەممـەدی کـوڕی عەبدوڵڵا و بە کچەزای شافیعیی ناسراوە . نەوەویی ئەڵێت : ئیمامێکی دیـار بـووە کـە لـە خاوخێزانی شافیعییدا دوای شافیعیی خۆی کەسێک وێنەی ئەو نەبووە .. بەرەکەتی باپیری بۆ ئەو گەڕابوویەوە ..[٣٠]

---

[٢٨] الطبقات الكبرى (٢ : ٧١ ـ ٧٢) .
[٢٩] الطبقات الكبرى (٢ : ٧٣) .
[٣٠] الطبقات الكبرى (٢ : ١٨٦) .

بەرەو مەدینەی مونەووەرە

ئەوەی شافیعیی بناسیایە کە چەندە شەیدای عیلم و زانستە ، دەیزانیی کە بە زانست و فیقهی مەککە تێر ناخوات و ، تاسەی ناشکێ و ، مەگەر بەرەو مەدینە بکەوێتە رێ و بچێتە خزمەتی ئیمامی مەدینە و خاوەنی زانستی هەر حەوت فەقیهە گەورەکەی مەدینە ، ئیمام مالیکی کوڕی ئەنەس ـ خوا لێی رازیی بێ ـ تا زانستەکەی ئەویش وەرگرێ ، وەک ئیمام نەوەویی ـ رەحمەتی خوای لێ بێ ـ باسی کردووە .[21]

مەدینە لە هەموو شوێنێ زیاتر زانای پایەداری تیا هەڵ کەوتن و ، دانیشتوانیشی لە دانیشتوانی هەموو ناوچەیەکی تر زیاتر دەستیان بە رەوشتە بەرزەکانەوە گرتبوو . چونکە کاتێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە جەنگی حونەین گەڕایەوە مەدینە دوانزە هەزار هاوەڵی چاک شارەزای لە مەدینەدا بەجێ هێشتن کە دە هەزاریان لە مەدینەدا مانەوە و تەنها دوو هەزاریان بە وڵات و ناوچەکانی تردا بڵاوەیان لێ کرد .. بۆیە دانیشتوانی مەدینە لە هەموو شوێنێ زیاتر شارەزای فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ بوون و ، زیاتریش ئاگاداری هەڵس و کەوتی بوون . بۆیە ئیمام (ربيعة الرأي)[32] پشتی بە زانستی مەدینە دەبەست چونکە خەڵکێکی زۆر لە خەڵکێکی زۆرەوە یەک بە یەکی فەرموودەکان دەگێڕنەوە ، بە پێچەوانەی ناوچەکانی ترەوە کە یەکێک لە یەکێکەوە ریوایەت بکات . خۆ هەر کارێک ئەهلی مەدینە لە سەری بوونایە ئەوا رەبیعە وەری دەگرت . دوای ئەویش ئیمام مالیک وەهای دەکرد . زانایانی مەدینەش ئەوەندە کە پشتیان بە فەرموودەی مەدینە دەبەست پشتیان بە فەرموودەی شوێنەکانیتر نەدەبەست و ، لە دەستکاریی دەترسان . هەتا ئیمام مالیک وای دادەنا کە ئەگەر فەرموودەیەک لە مەدینە دوورکەوێتەوە لاواز و بێگیان دەردەچێت کە دەیفەرموو : « إذا جاوز الحديث الحرتين ضعفت شجاعته » . هەروەها

---

[21] تهذيب الإسماء واللغات (١ : ٧٤) .

[32] ربيعة الرأي : کوڕی فەڕڕوخی تەیمییە . ئیمامێکی پایەداری فەرموودە و فەقیهێکی خاوەن ئیجتیهاد بووە . لەبەر ئەوەش نازناوی (الرأي) لێنراوە چونکە زۆر شارەزای قیاس بووە و لە مەدینەشدا ئەهلی فەتوا بووە . مامۆستای ئیمام مالیک بووە . ساڵی (١٣٦) ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە .

کووفەی ناونابوو یانەی سککە لێدان ، واتە وەک دیرهەم و دینار لێدەدرێ وەها لەوێش فەرموودە دروست دەکرێت . بۆیە ئەوەی حەزی لە عیلم و زانست بوایە ئەبوایە سەری لە مەدینە بدایە و ، بچوایەتە خزمەتی زاناکانی و ، فەرموودەی لە (حافیظ) ەکانی وەربگرتایە و ، هەرچی‌یان ناتەواو بوایە راستیان بکردایەتەوە ، کە یەکێ لەوانە ئیمام شافیعیی بوو .

جا وا ئیمام شافیعیی خۆی چیرۆکی ئەو گەشتەیمان بۆ دەگێڕێتەوە :

« پاشان لە مەککە دەرچووم و ، چوومە بیابان لای هۆزی هوذەیل ، تا فێری زمانیان ببم و ، خووڕەوشتیان وەربگرم ، کە زمان پاراوترینی عەرەبن . ئەفەرموێ : حەڤدە ساڵ لە ناویاندا مامەوە کە لەگەڵ کۆچ‌کردنیان کۆچم دەکرد و ، لەگەڵ بارخستنیان بارم دەخست . کاتێکیش گەڕامەوە مەککە دەستم بە شیعر وتن کرد و ، خووڕەوشت و هەواڵ و دەنگ و باسی رۆژانی عەرەبەکانم دەگێڕانەوە . ئەوە بوو پیاوێکی زوبەیریی لە ئامۆزاکانم دای بە لام دا و وتی : ئەبوعەبدوڵلا ! بە لامەوە سەختە ئەم زمان و رەوانبێژیی و زیرەکی‌یەت فیقهی لەگەڵدا نەبێت ، چونکە بەوە دەبیتە سەرداری سەردەمەکەت . وتم : مەبەستت کێیە مابێ ؟ پێمی وت : مالیکی کوڕی ئەنەس ـ سەرداری ئەو رۆژەی موسڵمانان ـ (واتە بچۆ بۆ لای ئەویش) . ئەفەرموێ : ئەمە کەوتە دڵمەوە و ، هاتمە سەر ئەوە (الموطـــأ) لەبەر بکەم . لای پیاوێکی مەککە خواستم و لە نۆ شەودا لە بەرم کرد . پاشان چووم بۆلای والیی مەککە و نامەیەکم لێ وەرگرت بۆ والیی مەدینە و بۆ مالیکی کوڕی ئەنەس . ئەفەرموێ : گەیشتمە مەدینە و نامەکەم گەیاندە دەست والیی . کە خوێندیەوە وتی : رۆڵە! ئەگەر لەناو جەرگەی مەدینەوە بە پێ و بە پێخاوسیی بکەومە رێ تا بگەمە ناوجەرگەی مەککە ، بە لامەوە ئاسانترە لەوەی تا دەرگای مالیکی کوڕی ئەنەس بڕۆم . تا لە دەرگای ئەودا نەوەستم بە هیچ شێوەیەک زەلیلیی بە خۆمەوە نابینم . منیش وتم : خوا کاری ئەمیر بە چاک بگێڕێ . ئەگەر ئەمیر بیەوێ با بنێرێ بە دوایدا هەتا بێت .. وتی : هەی‌هات ! خۆزگە کە خۆم و ئەوانەش وان لەگەڵمدا سوار دەبووین و تۆز و خۆڵی عەقیق بە سەرماندا دەباریی ، کەمێ لە پێویستی‌یەکانمان دەست گیر ببوایە . ئەفەرموێ: بەڵێنی عەصرم دایێ و هەمووومان سواربووین ، دەبەخوا هەر وا بوو کە وتی .. تۆز و خۆڵی عەقیقمان بەسەردا باریی . پیاوێک چووە پێشەوە و تەقەی لە دەرگا دا ..

کەنیزەکێکی رەش هاتە دەرەوە و ئەمیر پێی وت : بە گەورەکەت بڵێ من وام لە دەرگادا..[٣٣]

ئەفەرموێ : کەنیزەکەکە چووە ژوورەوە و ، ماوەیەک دواکەوت . پاشان گەڕایەوە و وتی: گەورەم سەلامت لێ دەکات و ئەفەرموێ : ئەگەر پرسیارت هەیە لە پارچە کاغەزێک دا بی‌نێرە ، وەڵامت بۆ دێتەوە . ئەگەر بۆ بیستنی فەرموودەشە ئەوا رۆژی کۆڕبەستن دەزانیت و مەوەستە . والیی بە کەنیزەکەکەی وت : پێی بڵێ : بۆ کارێکی گرنگ نامەی والیی مەککەم پێیە بۆی . ئەفەرموێ : چووە ژوورەوە و کە هاتە دەرەوە کورسی‌یەکی بە دەستەوە بوو و دایـنا . پاشان ئەوەندەمان زانیی مالیک کە پیرێکی بالآ بەرز بوو و ریشێکی سوننەتی هێشتبووەوە و طەیلەسانی لەبەرکردبوو ، بە سام و هەیبەتێکەوە هاتە دەرەوە و دانیشت .. والیی نامەکەی پێشکەش کرد . کە گەیشتە (إن هذا الرجل من أمره وحاله ... فتحدثه وتفعل وتصنع) نامەکەی فڕێ دا و پاشان فەرمووی : سبحان الله! ئەوە زانستی پێغەمبەری خوا ﷺ وای لێ هاتووە کە بە نامە بە دەست بهێنرێ ؟! ئەفەرموێ : چاوم لێبوو والیی ئەیدەوێرا دەم بکاتەوە . لێی چوومە پێشەوە و وتم : خوا چاکت بۆ بکات . من پیاوێکی ئەوەی موطەللیبم و ئەمە حاڵ و بەسەرهاتمە .. کە قسەکانمی بیست ماوەی سەعاتێک لێم ورد بوویەوە ، مالیکیش خاوەنی فیراسەت بوو . پێمی فەرموو : ناوت چی‌یە ؟ وتم : موحەممەد . فەرمووی : موحەممەد ! شەرمی خوا بکە و لە گوناه و تاوان دوورەپەرێز بە . تۆ پایەدار دەبیت .[٣٤] پاشان فەرمووی : بەسەر چاو. بۆ سبەینێ خۆشت و ئەو کەسەش کە بۆت بخوێنێتەوە بێن. وتم : خۆم دەخوێنمەوە . ئەفەرموێ : بۆ بەیانیی چووم بۆ لای . هەر لەبەر دەستم بە خوێندن کرد بۆی و کتێبەکەش

---

[٣٣] ئەو سەردەمە زانایان وەها رێزی خۆشیان و زانستەکەشیان دەگرت . دەبوا کاربەدەستان بچوونایەتە بەر دەرگای ئەوان.. دەگێڕنەوە کە خەلیفە رەشید دەنێرێ بە دوای ئیمام مالیکدا تا بێت و فەرموودەی بۆ بگێڕێتەوە .. واتە تا بە فەرموودەی نازیز ﷺ ئامۆژگاریی بکات .. تا قیامەت و مردنی بیر بخاتەوە .. کەچیی وەڵام دەداتەوە : پێویستە ئەو بێتە خزمەتی زانست . رەشید بەرەو ماڵی ئیمام دەکەوێتە رێ و پاڵ بە دیوارەکەوە دەدا (هەتا دەرگای بۆ بکرێتەوە) . مالیک ئەفەرموێ : ئەی ئەمیری ئیمانداران ! رێزگرتن لە زانست بەشێکە لە رێزگرتن لە پێغەمبەری خوا ﷺ . ئەوە بوو خەلیفە لەبەردەستی ئیمامدا دانیشت و ئەویش فەرموودەی بۆ خوێندەوە .

[٣٤] پیاوانی خوا کە کاری نوێخوازیی دینی خوایان پێدەسپێررێ هەریەکەیان بە دوای ئەو کەسەدا دەگەڕێ کە دەبێتە جێگری و کاری لە دەست وەردەگرێ و بە پاکیی و بێ‌لەکە دینی خوا دەگەیەنێ .. ئەمانە پەیوەندی‌یەکی مەعنەویی لە نێوانیاندا هەیە . دیارە ئیمام مالیکیش چاوەڕوانە و چاوە و چاو دەکات ئەو کەسە بناسێ کە دەبێتە جێگری .. هەر کە سەیری ناوچاوی شافیعیی کرد ، خێرا بە نوور و بەصیرەتی ئیماندار بۆی دەرکەوت کە ئەمە پیاوی چاوەڕوان کراوە !

بە دەستمەوە بوو . هەرچیی سـام و هەیبـەتی مـالیکم لێ دەنیشت و دەمویست بیبڕم ، جوان خوێندن و شارەزایی چاکم لە عەرەبیی‌دا سەرنجی رادەکێشا و ، دەیفەرموو : ڕۆڵـە! زیاتر بخوێنە . تا ئەوەبوو لە چەند رۆژێکی کەم‌دا تەواوم کرد . پاشان لە مەدینـە مامـەوە هەتا مالیکی کوڕی ئەنەس کۆچیی دوایی کرد ..[٣٥]

جا هەرچەندە شافیعیی یەکجار دەستکورت بوو ، بەڵام غیرەتێکی ناوازەی خستـە بـەر خۆی هەتا زانستی مەدینـەش بـە دەست بهێنێ . ئیمـام مـالیکیش لەبـەر خـاتری والیـی مەدینـە و مامۆستاکەی مەککـەی موسـلیمی کـوڕی خـالید ، کـە لێـی پاڕایـەوە ئـەویش نامەیەکی بداتێ بۆ ئیمام مالیك ، گلی دایەوە .

شافیعیی بە ئـاوات گەیشت .. ئیمـام مـالیك بـە قوتـابیی قـەبووڵی کـرد .. ئـەمیش لەبەردەم مامۆستادا چۆکی دادا و دەستی بە خوێندنی « الموطأ » کرد . سەرەتا ئیمام لـەوە دەترسا شافیعیی نەتوانێ بە چاکیی فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ بخوێنێتەوە ، بۆیە داوای لێکرد کەسێك بانگ بکات تا بۆی بخوێنێتەوە . بەڵام شافیعیی خۆی چاك ئامـادەی ئـەم دیواخانە ناوازەیە کردبوو ، لە خوای دەویست ئیمام وەری بگرێ ، بۆیـە نـەك خوێندنـەوەی کتێبەکەی رەوان کردبێ ، بـەڵکو بـە یـەکجاریی لەبـەری کردبـوو و بەوپـەڕی فەصاحـەت و زمان پاراوییەوە بۆی دەخوێندەوە و ، هەرچیی بیویستایە لە شەرمی ئیمـامدا بووەسـتێ ، ئیمام غیرەتی دەخستـە بـەری و داوای لێدەکـرد بـەردەوام بـێ ، هـەتا ئـەوەبوو بـە چـەند رۆژێکی کەم تەواوی کرد . شافیعیی هەر بـەوە نەوەستا بـەڵکو هـەموو زانسـتێکی ، وەك فەرموودە و فیقهـ و ئیجتیهاد و فەتوای هاوەڵان و تابیعین و هـەڵس و کـەوتی ذانیشـتوانی مەدینەی لە ئیمام مالیك وەرگرت ..

سەرەڕای هەموو ئەمە سەری لە یەك بە یەکی مامۆستا و زانایـانی مەدینـە دا و چیـی زانستی قورئان و فەرموودەیان بەلاوە بوو وەری گرت .

ئەو کە زانستی سوفیانی کوڕی عویەینەی لە مەککە و ، زانستی مالیکی کوڕی ئەنەسـی لە مەدینە وەرگرتبێ ، مانای وایە زانستی حیجازی هەر هەموو بە دەست هێناوە..

شافیعیی خۆی ئەفەرموێ : « ئەگەر مالیك و سوفیان نەبوونایە زانستی حیجاز تیا دەچوو » .[٣٦]

---

[٣٥] کاتێ ئیمام مالیك کۆچی دوایی دەکات لە ساڵی ١٧٩ی کۆچییدا تەمەنی ئیمام شافیعیی بیست و نۆ سـاڵ دەبێـت . ئەوانە جێی خۆی بووە کە ئیمام مالیك لە ئاخر و ئۆخری تەمەنیدا بە پـەرۆش بـێ بـۆ ناسـینی ئـەو کەسـەی کـە دوای ئەو کاری نوێخوازیی پێ دەسپێررێ ..

[٣٦] اداب الشافعي (٢٠٥) .

هەروەها ئەفەرموێ : « مالیکێ و سوفیان هاوتای یەکن بۆ دامەزراندنی زانستی حیجاز ».[٣٧]

ئیمام شافیعیی متمانەیەکی زۆری بە زانستی مەدینە بووە ، بە تایبەت زانستی ئیمام مالیکی مامۆستای ، بۆیە شانازیی دەکرد کە خۆی سەر بە زانایانی مەدینە بزانێت و دەیفەرموو : کە وتم : « قال بعض أصحابنا » ، ئەوە مەبەست ئەهلی مەدینەیە ، بەلاّم کە وتم: « قال بعض الناس » ، ئەوە مەبەست ئەهلی عیراقە[٣٨] ..

مالیکێ لەبەر چاوی شافیعییدا ئەستێرەیە و فەرمووشیە : ئەگەر لە مالیکەوە فەرموودەیەکێ گێڕایەوە بۆت ئەوا بە هەردوو دەستت توند بیگرە . هەروەها دەربارەی « الموطأ » دەری دەبڕێ کە ئەو رۆژە لەسەر زەوییدا هیچ کتێبێکی فەرموودە لەو راستترینە .[٣٩]

ئیمام شافیعیی ، وەکێ هەڵگرێکی راستەقینەی قورئان ، کە کاری بەڕێوەبردنی ئیسلامی لە مالیکی پێشەوایەوە وەرگرتبێ ، دەیزانیی لەم کارەدا کەسێ پێش ئیمام مالیکێ ناکەوێ ، بۆیە بە درێژایی تەمەنی هەر ستایشی دەکرد و ، رێیشی نەئەدا کەسێ بە جۆرێ ناوی پێشەواکەی بەرێت .

شافیعیی متمانەیەکی زۆری بەو فەرموودانە هەبوو کە زانایانی هەردوو حەرەمی مەککیی و مەدەنیی ، بە تایبەت ئیمام مالیکێ ، ریوایەتیان دەکردن .. لە هەمان کاتدا هەر فەرموودەیەکێ لە غەیری ئەواندا ریوایەت بکرایە و ، لای ئەوان شوێنەوارێکی نەبوایە، ئەوا پشتی پێنەدەبەست ، ئەوەبوو دەیفەرموو :

« لوصح الإسناد ـ من حديث العراق ـ غاية ما يكون من الصحة ، ثم لم أجد له أصلاً عندنا ـ يعني بالمدينة ومكة ـ علي أي وجه كان ، لم أكن أعني بذلك الحديث ، علي أي صحة كان » .

زۆری بە دڵ بوو کە ئیمام مالیکێ بە وردیی فەرموودەی هەڵ ئەسەنگاند ، هەتا ئەگەر گومانی لە هەندێکی ببوایە ، ئەوا وازی لە هەر هەمووی دەهێنا ، چونکە هەر کەسێ بە لایەوە پلەی (ثقة) ی نەبوایە ریوایەتی لێوە نەدەکرد ..

شافیعیی ئەفەرموێ : بە مالیکی کوڕی ئەنەسیان وت : سوفیانی کوڕی عویەینە شتی وەهای بە لاوە هەیە کە لە زوهەرییەوە وەریگرتووە ئەو شتە بە لای تۆوە نیە . مالیکێ دەفەرموێ : جا دەبێ هەر فەرموودەیەکم بیست بیگێڕمەوە ؟! کەواتە من دەمەوێ ستەمیان لێبکەم .[٤٠]

---

[٣٧] آداب الشافعي (٢٠٥) .

[٣٨] آداب الشافعي (١٩٦) .

[٣٩] آداب الشافعي (١٩٦) .

[٤٠] آداب الشافعي (١٩٩ ــ ٢٠٠) .

گەشتی یەمەن

لەو ماوەیەدا کە شافیعیی لە مەدینەدا بوو جار و بار، لەبەر بێتاقەتیی ، سەری لە مەککە دەدایەوە ، چونکە نیشتمانی باوباپیرانی بوو و ، دایکی ژیر و دڵسۆزیشی لەوێ بوو کە هەردەم خەریکی ئامۆژگاریی کردنی بوو و ، مامۆستا بەڕێزەکانیشی لەوێ بوون ، کە هەرگیز لە یادی نەدەکردن و چاکەیان لەبەر چاوی ون نەدەبوو.

لەو کاتەدا کە لە مەدینە بوو و لای ئیمام مالیک دەیخوێند هەندێ لە خزمانی دڵیان لێی هەڵ کەوت بوو و ، بە هیچ شێوەیەک دەستی یارمەتییان بۆ درێژ نەدەکرد ، بە مەرجێ شافیعیی یەکجار دەستکورت بوو ، بە رادەیەک کە خۆی دەری بریوە کە مەگەر خوای گەورە بزانێ هەژاریی چەندێ تەنگی پێ هەڵ چنی بوو . ئەو خزمانەی لەسەر ئەوە دەستی یارمەتییان بۆ درێژ نەدەکرد کە گوایە شافیعیی لە مەزهەبی مەککە وازی هێناوە و چۆتە لای ئیمام مالک و لای ئەویش دەرس ئەخوێنێ .. بەڵام یەکێکیان بە ناچاریی صەد دیناری بۆ نارد .

بە بۆنەی ئەم دەستکورتییەوە شافیعیی ناچاری کارکردن دەبێت ، بۆ ئەمە گەشتێک بۆ وڵاتی یەمەن ئەکات .

حومەیدیی لە شافیعییەوە دەگێڕێتەوە کە باسی گەشتەکەی یەمەنی دەکات :

« والییەکی یەمەن هاتە مەککە و پیاوێکی قورەیشیی دواندی تا بکەومە گەڵی بۆ یەمەن و ، دایکیشم پارەیەکی وەهای نەبوو تا بۆ خۆ رێک خستنم بمداتێ . ناچار خانوویەکم کردە بارمتە و لەگەڵیا رۆیشتم . کاتێ گەیشتین دەستم بەکار کرد بۆی و ، لە سەری سوپاس کرام و ، کاری چاک تریشی پێ سپاردم ».[41]

کەرابیسییش لە ریوایەتێکی تردا دەگێڕێتەوە کە ئیمام شافیعیی فەرموویە : موصعەب (ی زوبەیریی) پێمی وت : هاروونوڕڕەشید فەرمانی بۆم دەرکردووە تا ببمە قازیی یەمەن ، ئایا تۆش دێیت لەگەڵماندا ، بەڵکو خوا ، لە جیاتیی یارمەتیدانی ئەو

---

[41] توالي التأسيس (٦٩) . ئەو والییەش (حماد البربري) بووە .

پیاوە ، دەستی یارمەتییت بۆ درێژ بکات ؟ مەبەستی لەو پیاوە خزمەیەتی کە صەد دینـار یارمەتیی بۆ ناردبوو و ، لەسەر ئەوەش کە چووبووە مەدینە و لە خزمەتی ئیمام مـالیکدا دەرسی خوێندبوو رەخنەی لێ گرتبوو .

ئەفەرموێ : ئەو بۆ کاری قەزاوەت بەرەو یەمەن کەوتە رێ و ، منیش لەگەڵیا رۆیشتم .

کە دەگاتە یەمەن سەرەتا کارێکی بچکۆلەی پـێ دەسپێررێ و ، لەبـەر دەسـتپـاکیی و کـارجوانیی سوپاسـی دەکـەن و کـاری چـاکتریشـی پـێ دەسـپێرن و ناوبـانگی زانـایی و موسڵمانیی لەناو خەڵکدا بلاّوە دەکات ، بە رادەیەک کە دەنگ و باسی دەگاتەوە مەککـە و خەڵکیی سوپاس و ستایشی دەکـەن ، سـوفیانی کـوڕی عویەینـەی مامۆستاشـی روو بـە رووی ئیمام شافیعیی دەریدەبڕێ کە رەوشـت جوانیـی ئـەو بـلاّوەی کـردووە و ، پێیشـی را دەگەیەنێ کە نەگەڕێتەوە سەرکارەکەی . هەروەها مامۆستایەکی تری مەککەشی کە نـاوی ئیبراهیمی کوڕی ئەبویەحیا دەبێت داوای لێدەکات واز لە کـار کـردن بـهێنێ ، هەرچـەندە موحتاجیش بێت . چونکە موسڵمانان زیاتر بـە خزمـەتی ئـەو موحتـاجن . ئـەم موحتـاجی کـاری دنیایـە و موسـڵمانانیش موحتـاجی کـاری قیامـەتن . چونکـە زیرەکیـی و زانسـتی شافیعیی چـاوەڕوانی ئـەوەیان لێدەکـرا کـە پیـاوێکی سـەردار و پێشـەوای لێ دەرچـێ بـۆ موسڵمانان .

پاشان کاروباری نەجرانی پێدەسپێررێ کـە لـەوە دەچـێ بووبێتـە قـازیی ئـەو ناوچەیـەی یەمەن . خەڵکەکە فێر بووبوون هەر کاربەدەستێکیان بۆ بهاتایە لێی دەچوونـە پێـش و بـە بەرتیل فریویان دەدا و لە رێی راست دەیان ترازان . جا ویستوویانە ئیمام شـافیعییش وا لێ بکەن ، بەلاّم کە ئەو دەیەوێ بە داد و یەکسـانیی لەگـەڵیان بجوولێتـەوە ، پێیـان نـاخۆش دەبێت و لە مەککە شکاتی لێ دەکرێ و رەوانەی عیراق دەکرێ .[٤٢]

لە ریوایـەتێکی تـردا ئیمـام دەریدەبـڕێ کـە لـە یەمـەن بـە جوانیـی کـاری کـردووە تـا ناوبانگی دەرچووە ، بەلاّم والیـیەکی ستەمکاری لێبووە ، کە ئیمام ویستوویەتی لـە ستەم و ناڕەوایی دەستی بگرێ رقی لـە ئیمـام هـەڵ گرتـووە و بـە تۆمـەتی دژایـەتیی دەوڵـەت و پشتگیریی عەلەوییەکان تـاوانبـاری دەکـات و ، نـاوی تێکـەڵ بـە نـاوی چـەند کەسێکی عەلەویی دەکات و خەلیفە ئاگادار دەکات کە شافیعیی لە فەرمانیدا نیە .

---

[٤٢] توالي التأسيس (٦٩) .

ئەو والی‌یە (حماد البربري) یە کە لە ساڵی ١٨٤ی کۆچیی‌دا رەشید کردوویەتیە والیی مەککە و یەمەن و هەر لەو ساڵەش‌دا بوو کە شافیعیی لە یەمەن کار بە دەست دەگرێت ..

رەشیدیش وەڵامی نامەکەی والیی وەها دەداتـەوە کـە ئـەو عەلەوی‌یانـە و شـافیعییش لەگەڵیانا حەواڵەی بەغدادی پایتەختی دەوڵەتی عەبباسیی بکات .

بەڵێ لە ساڵی ١٨٤ی کۆچیی‌دا شافیعیی بە باڵی بەستە حەواڵەی عیراق دەکرێت .. کـە گەیشتە بەغداد فەرمانی بەسەردا درا کە شاری بەغداد بەجێ نەهێڵێ و هـەرکاتێ خەلیفـە داوای کرد با ئامادە بێت .. بەمە لە بەغداد مایەوە و ، ئـەمیش ئـەم مانەوەیـەی بـە هـەل زانـی و دەسـتی کـرد بـە وەرگرتنـی زانسـت ، بـە تایبـەتیی زانسـتی موحەمـمـەدی کـوڕی حەسەنی قوتابیی ئیمام ئەبوحەنیفە ـ خوا لێی رازیی بێ ـ .. ئەوەبوو چیـی پـارەی پـێ بـوو هەمووی لە پێناوی کتێبەکانی موحەممەددا خەرج کرد . بەڵام بە چاکیی ئارامی دەگرت و متمانەیەکی زۆری بە خوای گەورە هەبوو .. لە لایەکەوە دەست کورت و گیرفان خاڵیی ، لە لایەکی ترەوە بێ‌ئاگا وەها تاوانبار کراوە کە خەلیفە دەست بەجێ بی‌کـوژێ .. بـەم حاڵـەوە چاوەڕوانیی کۆمـەکیی خـوا بـوو و ، لـە هـەمان کـاتدا بـۆ وەرگرتنـی زانیـاریی و راسـت کردنەوەی زانستی عیراق ساتێک وچانی نەئەدا ..

شافیعیی ئەفەرموێ : لـە پێنـاوی کتێبـەکانی موحەمـمـەدی کـوڕی حەسـەن‌دا شـەصت دینارم خەرج کرد ، پاشان بە وردیی سـەرنجم دان . ئـەوەبوو لـە پـاڵ هـەر مەسـئەلەیەکدا فەرموودەیەکم دانا[٤٢] . واتە بۆ راستکردنەوەی مەسئەلەکە .. چونکە زانسـتی عـیراق وەک زانستی حیجاز نەبوو ، کەمتر فەرموودە بەکاردەهێنرا .

شافیعیی خواناسانە و بە پاکیی و بە ئیخلاصەوە لە بەغداد مایەوە ... ئەوەندە لەگـەڵ خوادا راستی دەکرد هەتا خوا دەرووی لێ کردەوە .

کاتێک کە برانە ژوورەوە لای خەلیفە رەشید ، خەلیفە داوای شمشێری کـرد و فـەرمانی دا لە ملی عەلەوی‌یەکانیان دا . پاشان بە گلەیی‌یەوە رووی لە شافیعیی کرد و وتی : کـاکی شافیعیی ! لێمان هەڵ گەڕایتەوە و لە دژمان پشتگیریی عەلەوی‌یەکانت کرد ؟!

شافیعیی فەرمووی : ئەی ئەمیری ئیمانداران ! پەلـە مەکـە تـۆ بـانگ‌کـەری و منیـش بانگ‌کراو .. تۆ هەرچیت بوێ توانات بەسەر مندا هەیە ، بـەڵام مـن هـەرچیم بـوێ بەسـەر تۆدا توانام نیە .. ئەی ئەمیری ئیمانداران ! رات چۆنە دەربـارەی دوو پیـاو : یـەکێکیان بـە

[٤٢] آداب الشافعي ومناقبه (٣٤) .

برام دەزانیّ و ، یەکێکیشیان بە بەندەم دەزانیّ ، دەبیّ کامیانم خۆش بویّ ؟ وتی : ئەوەیان کە بە برات دەزانیّ . وتم : دەی ئەوە تۆیت ئەی ئـەمیری ئیمـانداران . ئەفـەرمویّ : پێمـو وت : چۆن ؟ وتم : ئەی ئەمیری ئیمانداران ! ئێوە لە نەوەی عـەبباسن و ئەوانیش لە نەوەی عـەلیین و ، ئێمەش نەوەی موطەللیبین . جـا ئێـوەی نـەوەی عـەبباس بـە بـرای خۆتانماز دەزانن و ئەوانیش بە بەندەی خۆیانمان دەزانن ..

بەمـە توورەیی‌یەکـەی خەلیفـە نـەما و ، رێـک دانیشـت و داوای لـە ئیمـام کـرد کـە ئامۆژگاریی بکات . ئەویش ئەوەندەی ئامۆژگاریی کرد هەتا دەستی بە گریان کرد . پاشـاز فەرمانی دا پەنجا هەزار دیرهەمی بدەنیّ .[٤٤]

لەو ماوەیەدا کە ئیمام شافیعیی لە بەغداد بوو موحەممەدی کـوڕی حەسـەن زۆر رێـزی لیّدەگرت ، بە رادەیـەک کـە ئەبوحەسسـان وتوویـە : نـەمدیـوە موحەمـمـەد رێـز لـە هیـچ کەسێک بگریّ وەک رێزگرتنی لە شافیعیی .[٤٥]

شافیعییش بە چاوی رێزەوە سەیری موحەمـمـەدی کـوڕی حەسـەنی کـردووە . شـافیعیی خۆی زۆر زمان پاراو بـووە کـەچیی لـە زمـانپـاراویی موحەمـمـەدیش زۆر رازیـی بـووە کـە فەرموویە : « هەرکاتیّ قسەی بکردایە وەهات بە بیردا دەهات کـە قورئـان لەسـەر زمـانی ئەو هاتۆتە خوارەوە ».[٤٦]

هیچ کام لەوانەی کە باسی ئەم گەشتەی شافیعی‌یان گێڕاوەتەوە دەریـان نەخسـتووە لـەم گەشتەی یەکەم جاری‌دا لە بەغدادا چەند ماوەتەوە ، بەڵام وەک دەردەکەویّ زۆر ماوەتەوە تا زانست لە مامۆستایان وەربگرێت و کتێبەکانی موحەممەدی کوڕی حەسەن بنووسێتەوە و لەگەڵ زانایان و فەقیهەکاندا بەرابەرکێی زانستیانە بکات . دەگونجیّ تـا نزیکـی کۆچـی دوایـی موحەمـمـەدی کـوڕی حەسـەن واتـە تـا سـاڵی ١٨٩ی کۆچیـی مابێتـەوە ، پاشـان گەڕابێتەوە بۆ مەککە ..

کاتێکیش کە بەغدادی بەجیّهێشت کاریگەری‌یەکی وەهای لە دڵ و دەروونـی دۆسـتانی و ناحەزانی‌دا بەجیّ هێشت کە هەرگیز لە بیر نەچوێتەوە ، بە رادەیەک کە هـەر هـەموویان شاهێدی‌یان لەسەر ژیریی و تیّگەیشتن و زیرەکیی ئەودا ..

---

[٤٤] معجم الأدباء (١٧ ـ ٢٨٧) ، توالي التأسيس (٧٠) .
[٤٥] توالي التأسيس (٧١) .
[٤٦] الجواهر المضية (٢ : ٤٣) .

موحەممەدی کوڕی ئیسحاقی صەغغانیی دەربارەی شافیعیی پرسیار لە یەحیای کـوڕی ئەکثـــەم [٤٧] دەکـات ، ئـەویش لـە وەڵامدا دەریدەبڕێ کـە عـەقڵ و تێگەیشـتن و زیـهنی قوڕەیشیی و ، عەقڵ و تێگەیشتن و مێشـکی بێگـەرد بـووە و ، شـتی زوو پێکـاوە . خۆ ئەگەر لە فەرموودەدا قووڵ بوایەتەوە ئەوا ئوممەتی ئیسلام پێویستیی بە هیچ زانایەکی تر نەدەبوو کە دەیوت : « كنا عند محمد بن الحسن في المناظرة كثيراً ، فكان الشافعي رجلاً قرشي العقل والفهم والذهن ، صافي العقل والفهم والدفاع ، سريع الإصابة . ولو كـان أمعن في الحديث لاستغنت به امة محمد عن غيره من العلماء » .[٤٨]

---

[٤٧] [illegible]یای کوڕی ئەکثـەم : قازییەکی پایەدار بووە ، یەکێ بووە لە فەقیهە سەردارەکان .. پەیوەندیی بە خەلیفە [illegible]ونەوە کردووە . ئەویش کردوویەتە قازیی بەصرە و پاشان سەرۆکی قازییانی بەغداد ، سەرەڕای ئەوەی کە کاروباری [illegible]ی پێسپاردبوو . ساڵی (٢٤٢)ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە .

[٤٨] [illegible] التأسيس (٥٦) .

گەڕانەوەی بۆ مەککە

خوای گەورە بە سۆز و بەزەیی خۆی ئیمام شافیعیی لەو داوە رزگار کرد ، کە بە بوختانی والیی یەمەن خەریک بوو خەلیفە لە ملی بدات .. ئەوە بوو لەو ماوەیەدا کە لە عیراق مایەوە زانستێکی زۆری دەست کەوت ، کە گەڕایەوە بۆ مەککە باری وشترێک زانستی (أهل الـــرأي) پێ بوو سەرەڕای روون کردنەوە و تێبینییەکانی قوتابییە گەورەکەی ئیمام ئەبوحەنیفە ، موحەممەدی کوڕی حەسەن .

بەمە زانستی حیجازی کۆکردەوە ـ کە زۆربەی زانستی سوننەت و شوێنەوار و هەڵس و کەوت بوو ـ و ، زانیاریی (أهل الرأي) عیراقیشی ـ کە بریتی بوو لە فیقهـ و قیاس و یاسا وەرگرتن ـ دەستگیر بوو ..

ئەو هەمووە ماوەیە کە لە بەغداد مایەوە ، بە هەموو هێزیکیەوە بەرگریی لە مەزهەبی مالیکی ئیمامی دەکرد و ، لەگەڵ ئەهلی عیراقدا بەرابەرکێی دەکرد و بەڵگەی لەسەر راستیی مەزهەبەکەی دەهێنایەوە . تا ئەوە بوو ئەم بەڵگە هێنانەوەیە خستیە سەر ئەو رێیە کە بەڵگەکانی بە جوانیی هەڵ بسەنگێنێ و دەست بداتە هەڵبژاردن و جیاکردنەوەیان تا ئاگاداری بەڵگەی بە هێز و لاواز و راست و هەڵە ببێ ..

ئەم بۆچوونەی کاتێ بە دڵدا هات کە گەڕابوویەوە مەککە و لە هەردوو زانستەکەی حیجاز و عیراقدا تەواو قووڵ بووبوویەوە و ، بە وردیی سەرنجی بناغە و لق و پۆپی مەزهەبەکانی دەدا .. ئەوە بوو لە ئەنجامدا بیری (ئیجتیهادی موطلەق) بەسەریدا هات .. چونکە ئەم بە کۆمەکیی و پشتگیریی خوای گەورە زانستی زانایانی بەرو دوای وەرگرتووە و ، ئاگاداری رای هەموو فەقیهـ و فەرموودەناسێکە و ، دوای هەڵسەنگاندنیش خاڵی هێز و لاوازیی هەریەکەیان دیاریی کردووە . کەواتە ئەمڕۆ ئەرکی سەرشانی ئەمە کە لە هەموو زانستێک بەڵگە بەهێز و رێک و پێکەکان ، کە لە هەموو بەڵگەیەک زیاتر لە قورئان و سوننەتەوە نزیکن ، هەڵ ببژێرێ ، تا راسترین بۆ چوونی دەست بکەوێ ..

لێرەدا ئیمام شـافیعیی وازی لـە بـەرگریی لـە هـەموو شـتێک هێنـا بـۆ ئـەوەی تەنـها بەرگریی لە حەق بکات .. وازی لە خۆیشی و لە هـەموو ئیمـام و پێشـەوایەکیش هێنـا کـە دەمارگیریی بۆ بکا و هەوڵی سەرخستنی بـدات ، بـە هـەموو دڵێکـەوە هاتـە سـەر ئـەوە کۆمەکی حەق بێت تا ببێتە پاسەوانێکی ئەمین بۆ شەریعەتی خوا و پارێزگاریی لێ بکـات تا بە جوانترین شێوە بکەوێتە بەردەستی موسڵمانان .

بەڵێ وەک زانایان دەگێڕنەوە شـافیعیی زانسـتی عـەبدولمـەلیکی کـوڕی عـەبدولعـەزیزی کوڕی جورەیجی [٤٩] لە چوار مامۆستا وەرگرتووە : لە موسلیم ی کوڕی خالید و ، سەعیدی کوڕی سـالم و ، عـەبدولمـەجیدی کـوڕی عەبدولعـەزیزی کـوڕی ئـەبو ڕوواد و ، عـەبدوڵڵای کوڕیحاریثی مـەخزوومیی . لـەولاوە سـەرۆکایەتیی فیقـهی مەدینـە کەوتـە دەست ئیمـام مالیک و ، ئەوە بوو شافیعیی چووە خزمەتی و چیی زانستی لابوو وەری گـرت .. هـەروەها سەرۆکایەتیی فیقهی عیراقیش کەوتە دەست ئیمام ئەبوحەنیفە و زانستی (أهل الـــرأي) عیراقیشی لە موحەممەدی کوڕی حەسەنی قوتابیی ئەبوحەنیفە وەرگرت ..

بـە وەرگرتنـی ئـەم هـەموو زانسـتانە ، شـافیعیی پیـاوێکی تاقانـەی لێ دەرچـوو .. بـە رادەیـەک کـە تـوانیی بـەردی بنـاغە بۆ هەموو زانستەکـاندا بنێ .. دەستی دایـە دانـانـی (أصول) و نەخشەکێشانی (قواعد) بە شێوەیەک کـە هـەموو لایـەک ، چ دۆسـتان و چ نەیاران ملکەچی زانستەکەی بوون و ، ناوبانگی هەموو جیهانی ئیسلامیی پـڕ کـرد و ئـەو پیاوەی لێ دەرچوو کە تا ئێستاش موسڵمانان بە پێشەوای خۆیانی دەزانن ..

کە شافیعیی بە لێهاتنی تەواو و زانستی ڕێک و پێکەوە توانیی جڵـەوی ئیجتیـهاد بـە دەست بگرێت و ، بە سەلیقەی تەواوەوە (أصول) و (قواعـد) دابڕێـژێ ، لـە مزگـەوتی حەرامیشدا لە مەککە ئەڵقەیەکی دەرس وتنەوەی دانا .. کە ناوبانگی بە هەموو لایـەکدا ڕۆیشت ، شەیدایانی زانست ڕوویان لە مەککە نا ، تا گوێ لە شافیعیی بگرن و لە نەخشـە ڕەنگینەکانی کەڵک وەربگرن ..

یەکێ لەوانەی کە کەڵکی لە ئیمام شافیعیی وەرگرت ، ئیمام ئەحمـەدی کـوڕی حەنبـەل بوو ، کە بۆ حەجکردن سەری لە مەککەدا و هاتە مزگەوتی کەعبەوە تا بە خزمەتی گـەورە پیاوانی فیقهـ و حەدیث بگات بە تایبەت سوفیانی کوڕی عویەینە . کە ئەڵقەی دەرسەکەی

---

[٤٩] ئیبن جورەیج : لە سەردەمی خۆیدا فەقیهی حەرەمی مەککیی و ، ئیمامی ئەهلی حیجاز بووە . یەکەم کەسێکە لە مەککەدا بۆ زانستە شەرعیـیەکان کتێبی دانا بێ .. لە بنەڕەتدا خـەڵکی ڕۆم بـووە و ، بۆتـە مـەوالیی قوڕەیـش . سـاڵی ١٥٠ ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە .

شافیعیی بینی و ، خۆیشی لە عیراقدا لەوەو پێش شافیعیی دیی بوو و بۆی سەلما بوو کە خاوەنی زیرەکییەکی کەم وێنەیە و ئەو (أصول) و (قواعد)انەی کە لەوی بیستبوون لە کەسی تری نەبیستبوون ، لەبەر ئەمە وازی لە کۆڕی هەر هەموو ئەو زانا پایەدارانە هێنا و خۆی گەیاندە کۆڕی شافیعیی .

موحەممەدی کوڕی فەضلی فەڕراء ئەڵێت : گوێم لە باوکم بوو کە دەی وت: « لەگەڵ ئەحمەدی کوڕی حەنبەلدا چووم بۆ حەج و ، لەوێ لە یەک شوێندا بارمان خست . بەیانیی دەرچوو و منیش بە دوایدا دەرچووم . هەموو مزگەوت بە دوایدا گەڕام نە لە کۆڕی ئیبن عویەینە و نە هیچ کەسی تردا نەم دی ، تا کە دۆزیمەوە دەبینم لەلای ئەعرابییەک دانیشتووە . وتم : ئەبوعەبدوڵڵا ! وازت لە ئیبن عویەینە هێناوە و هاتوویت بۆ لای ئەمە ؟! پێمی فەرموو : بێدەنگ بە . ئەگەر لە شوێنێکدا فەرموودەیەکت لە کیس بچێ لە شوێنێکی تردا دەستت دەکەوێت . بەڵام ئەگەر عەقڵی ئەمەت لە کیس بچێ دەترسم دەستت نەکەوێتەوە .. کەسم نەدیوە لەم گەنجە لە قورئان شارەزاتر بێت . وتم : ئەمە کێیە ؟ فەرمووی : موحەممەدی کوڕی ئیدریسە » . [٥٠]

ئیسحاقی کوڕی راهویە [٥١] وتوویە : لە مەککەدا لەگەڵ ئەحمەددا بووم ، پێمی فەرموو : « وەرە با پیاوێکت پیشان بدەم کە بە چاوی خۆت پیاوی وەهات نەدیبێ » . شافیعیی پیشان دام . [٥٢]

حومەیدییش وتوویە : « ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە مەککەدا بە بۆنەی سوفیانی کوڕی عویەینەوە لەلامان مایەوە . رۆژێکیان پێمی فەرموو : پیاوێکی قورەیشیی لێرەدایە کە شارەزایی و زانستی بە لاوەیە . منیش وتم : ئەوە کێیە ؟ فەرمووی : موحەممەدی کوڕی ئیدریسی شافیعییە . ئەوە بوو ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە عێراقدا چوو بووە خزمەتی .. کۆڵی نەدا هەتا رای کێشام بۆ لای » .

---

[٥٠] توالي التأسيس (٥٦)

[٥١] ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی موخەللەدی تەمیمیی میرودزییە ، لە سەردەمی خۆیدا زانای خوراسان بووە . یەکێکە لە گەورە پیاوانی لەبەرکردنی حەدیث . پلەی (ثقة) ی وەرگرتووە . (دارمـــي) وتوویە : ئیسحاق بە هۆی راستگۆیی خۆیەوە بۆتە سەرداری ئەهلی مەشریق و مەغریب . ساڵی (٢٣٨) ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە ..

[٥٢] صفة الصفوة (٢ : ١٤٢) .

بیشری موریسییش کە قەدەریی بووە و کەس نەیتوانیوە بەرابەرکێی لەگەڵدا بکات، لەو ماوەیەدا لە مەککەدا چاوی بە شافیعیی دەکەوێ و لە بارەیەوە ئەڵێت : نیوەی عەقڵی ئەهلی دنیا لە لای ئەمە .

حەسەنی کوڕی موحەممەدی زەعفەرانیی دەگێڕێتەوە و ئەڵێت : « ئامادەی کوڕی بیشری موریسیی دەبووین ، بەڵام نەماندەتوانی بەرابەرکێی لەگەڵدا بکەین . ئەوە بوو چووین بۆ لای ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و پێمان وت : ماوەمان بدە با (الجامع الصغیر)ی ئەبوحەنیفە لەبەر بکەین تا ئەگەر بەرامبەرمان وەستان وەڵامیان بدەینەوە . فەرمووی: ئارام بگرن . ئێستە ئەو پیاوە موطەللیبی‌یەی کە لە مەککەدا دیومە دێتە لاتان . ئەڵێت: شافیعیی هاتە لامان . چووین بۆ لای و ، داوای هەندێ کتێبی خۆیمان لێ کرد .، ئەویش کتێبی سوێند لەگەڵ بوونی شاهیدی دا پێمان . منیش لە ماوەی دوو شەودا دیراسەم کرد ، پاشان چووم بۆ لای بیشری موریسیی و لێی چوومە پێشەوە . کە بینیمی وتی : ئەی خاوەنی حەدیث ، بۆچیی هاتووی ؟ وتم : واز لەوە بێنە . بەڵگەی بەتاڵبوونەوەی سوێند لە کاتی بوونی شاهێددا چی‌یە ؟ بەرابەرکێم لەگەڵدا کرد و بەزاندم . وتی : ئەمە لە ژێریی خۆتانەوە نیە . ئەمە قسەی ئەو پیاوەیە کە لە مەککەدا دیومە .. نیوەی عەقڵی دنیا لە لای ئەوە » .[٥٣]

بەرە بەرە ئەڵقەی دەرس وتنەوەکەی شافیعیی لە مزگەوتی حەرامدا زیادی دەکرد ، چونکە وەڵامی هەموو جۆرە پرسیارێکی زۆر بە رێکی و پێکیی تێدا دەدرایەوە .

عەبدوڵلای کوڕی موحەممەدی کوڕی هاروونی فریابیی ئەڵێت : لە مەککەدا چاوم بە ئەڵقەیەکی گەورە کەوت کە پیاوێکی بەسەرەوە بوو . کە پرسیارم لە بارەیەوە کرد ، وتیان: ئەوە موحەممەدی کوڕی ئیدریسی شافیعی‌یە . جا گوێم لێ بوو دەیفەرموو : لە بارەی هەر شتێکەوە پێتان خۆشە پرسیارم لێ بکەن ، تا وەڵامتان بدەمەوە . ئایەتی قورئان بێت، سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، فەرموودەی هاوەڵان بێت . لە دڵی خۆمدا وتم : ئەم پیاوە بەجەرگە . پاشان پرسیارم لێ کرد : لە بارەی کەسێکەوە لە ئیحرامدا بێت و زەردەواڵە بکوژێت دەڵێیت چیی ؟

---

[٥٣] معجم الأدباء (١٧ : ٣٠٤) .

فەرمووی : خوای گەورە فەرموویە : ﴿ وَمَا آتَاكُمْ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْـــهُ فَانْتَـــهُوا ﴾[٥٤] (الحشر : ٧) . سوفیانی کوڕی عویەینەش لە عەبدولمەلیکی کوڕی عومەیرەوە ، لە ڕەبیعیـیەوە ، لە حوذەیفەوە دەگێڕێتەوە وتوویە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویە : (اقتدوا باللذين مِن بعدي أبي بكر و عمر) [٥٥] هەروەها سوفیانی کوڕی عویەینە ، لە (مسعر)ەوە ، لە قەیسی کوڕی موسلیم ەوە ، لە طاریقی کوڕی شیهابەوە بۆمانی گێڕایەوە کە عومەر ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ فەرمانی داوە ئەو کەسەی لە ئیحرامدا بێت زەردەواڵە بکوژێت . [٥٦]

ئیمام شافیعیی لەم تەمەنەیدا ، وەک کەسێکی زۆر بەوەفا لە کۆڕی مامۆستای جارانی و فەرموودەناسی حەرەمی مەککیی ، سوفیانی کوڕی عویەینە دوا نەدەکەوت، لەولاوە ئیبن عویەینەش متمانەیەکی باشی بە زانست و فیقهی شافیعیی دەکرد ، بگرە لەبەردەم خەڵکدا پرسیاری مانای ئایەتێک ، یان فیقهی فەرموودەیەکی لە شافیعیی دەپرسیی ، ئەویش وەڵامێکی وەهای دەدایەوە کە فێنکیی بە دڵی مامۆستاکەی دەگەیاند و ، خەریک بوو لە خۆشیاندا باڵ بگرێتەوە .

ئیبراهیمی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەبباس دەگێڕێتەوە و ئەڵێت : لە کۆڕی ئیبن عویەینەدا بووم و شافیعییش لەوێ ئامادە بوو .. ئەوە بوو سوفیان ئەو فەرموودەیەی صەفیە و دوو پیاوەکەی لە زوهەرییەوە گێڕایەوە [٥٧] ، کە تیایدا هاتووە : « إن الشيطان يجرى من الإنسان مجرى الدم » [٥٨] جا ئیبن عویەینە بە شافیعیی وت : ئەبو عەبدوڵڵا ! فیقهی ئەم فەرموودەیە چییە ؟ فەرمووی : ئەگەر ئەو خەڵکە پێغەمبەری خوایان ﷺ تۆمەتبار بکردایە ، ئەوا بەو تۆمەتبارکردنەیان کافر دەبوون ، بەڵام پێغەمبەری خوا ئەدەبی خەڵکانی دوای خۆی دادا ، کە فەرمووی : ئەگەر ئێوە وەها بوون ، ئەوا ئاوەها بکەن هەتا زەنتان پێ نەبرێ ، نەک ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ ـ کە ئەمین و دەست پاکێکە

---

[٥٤] قورئانی پیرۆز فەرمان بەسەر ئیمانداراندا دەدات کە بە چاکیی بە گوێی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن : چ فەرمانێکی دا با جێ بەجێی بکەن و ، لە چ شتێکیش دووره پەرێزی کردن با واز لەو شتە بهێنن ..

[٥٥] فەرمان بە ئیمانداران دەکات کە ئیقتیدا بە ئەبوبەکر و عومەر بکەن .

[٥٦] معجم الأدباء (١٧ : ٣١٦) .

[٥٧] مەبەست لەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ صەفیەی هاوسەریدا دەبێت و تووشی دوو پیاوی موسڵمان دەبن و ئاگاداریان دەکات کە ئەم ئافرەتەی وا لەگەڵیا هاوسەریەتی .

[٥٨] دەری دەبڕێ کە شەیتان وەک خوێنی ناو دەمار لە مرۆڤ جیا نابێتەوە و کۆڵی لێ نادات ..

...وا وەحی بۆ ناردووە ـ تۆمەتبار بکرێــت . ئیــبن عویەینــە وتــی : ئــەبو عــەبدوڵڵا ! خــوا پاداشتی چاکەت بداتەوە، ئەوەی پێمان خۆشە لە تۆوە دەیبیستین .[٥٩]

لە ئەڵقەی دەرسوتنەوەکەی مزگەوتی حەرامدا ، بە بۆنەی ئەو باسە گرنگ و نوێیانــەدا ئە شافیعیی لێیان دەدوا ، ناوبانگی زیاتر بڵاوەی دەکرد ، بە رادەیەک ناوبــانگی زانایــەتیی ئەیشتە عــیراق و بــۆ زانایــان دەرکــەوت کــە شــافیعیی چ زانســتێکی بــەنرخ لــەوێ پــەخش دەکات ، تا ئەوەبوو حافیظی عیراق ئیمامی ناودار عەبدوڕڕەحمانی کوڕی مەهدیی نامەی بۆ مەککە بــۆ شــافیعیی نــارد و داوای لێ کــرد ـ بــەو گەنجیــە ـ لــە بــارەی مــاناکــانی قورئانەوە کتێبێک بنووسێ و ، چیی هەواڵی وەرگیراو و بەڵگەی یەکدەنگیی هەیە تیایدا کۆیان بکاتەوە و ، ناسخ و مەنسووخی قورئان و حەدیثیشی تێدا دیاریی بکات . ئــەویش کتێبــی (الرســـالة) ی بــۆ ئــەو مــەبەســتە نووســیی و ،[٦٠] چونکــە وەڵامـــی نامەکـــەی عــەبدوڕڕەحمان بــوو نــاوی نــا (الرســالە) و ، حـــــاریثی کــوڕی ســـورەیجی نـــەققالی خوارەزمیــی، پاشــان بــەغدادی بــۆی بــرد ، لــە بــەر ئــەوە ئــەویش نازنــاوی (نقــــالی) ی وەرگرت[٦١] .

[٥٩] توالي التأسيس (٥٤) .

[٦٠] معجم الأدباء (١٧ : ٣١٣) . عەبدوڕڕەحمانی کوڕی مەهدیی پێشەوایەکی یەکجار خواناس بووە . فەرموودەی لــە شوعبە و ثەوریی و مالیک وەرگرتووە . ئیمام شافیعیی لەم بارەیەوە ئەفەرموێ : لە دنیادا پێنازانم کەسێک هاوشانی بێت . ساڵی (١٩٨)ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە .

[٦١] نققال : لە شافیعیی و ، حەممادی کوڕی سلمە و ، کوڕی عویەینە و غەیری ئەوانیشەوە فەرموودەی ریوایەت کردووە ساڵی ٢٣٦ ی کۆچیی دوایی کردووە .

دووهەم و سێهەم گەشتی بۆ عێراق

بۆ جاری دووهەم ئیمام شافیعیی لەساڵی ١٩٥ ی کۆچییدا گەشتی بۆ بەغداد کرد .. ئەم گەشتەی چ بۆ خۆی و ، چ بۆ موسڵمانان زۆر بە پیت و بەرەکەت بوو ، هەرچەندە گەشتێکی کورت بوو و تەنها دوو ساڵی خایاند ..

ئەم گەشتەی زۆر پێویست بوو ، چونکە بە راستیی هەردوو قوتابخانەکەی ئەو رۆژە : قوتابخانەی (حدیث) و ، قوتابخانەی (رأي) ، چالاکیی رێک و پێکیان نەبوو .. زانایانی قوتابخانەی (حدیث) هەموو زانستێکیان بریتیی بوو لە سەرنجدانی رواڵەتی دەرەوەی فەرموودە و خەڵکێکی زۆریش ، بە هیوای شوێنکەوتنی سوننەت ، شوێنیان کەوتبوو .. لە هەمان کاتدا زانایانی (رأي) ش خەریکی کارێکی بێسەروبن بوون ، کە تەنها مەبەستیان بەرگریکردن بوو لەو را و بۆچوونانەی کە بڵاویان کردبوونەوە و ، هێزی دەوڵەتیش لە پشتیان بوو .. ئیمامی شافیعییش هەرجاری پێشوو گەیشتبووە ئەو قەناعەتە کە هیچ قوتابخانەیەکیان کەڵکی شوێنکەوتنی پێوە نەماوە .. بۆیە رایەکی ئیجتیهادیی بۆ خۆی پێک هێنا تا لە ناتەواویی هەردوولا خۆی دەرباز بکات .

بەڵام سەردانی یەکەمی لە بەغداد لە کوێ و سەردانی دووهەمی لە کوێ ؟

جاری یەکەم بە تاوانباریی و قۆڵبەستراویی دەبرێتە بەردەم خەلیفە . بەڵام جاری دووهەم ستایشێکی زۆری کەڵەزانایانی ئیسلام سەرانسەری وڵاتی ئیسلامی ، بە تایبەت بەغدادی پایتەختی پڕکردووە .. کەڵەزانای وەک ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ، ئیسحاقی کوڕی راهوویە و ، بیشری مووریسیی و ، عەبدوڕڕەحمانی کوڕی مەهدیی ستایشی شافیعییان کردووە و ، دانیان بە زانستی بەرزی ئەودا ناوە ..

بەڵام ئەمڕۆ شافیعیی وا لە تاقییکارییەکی یەکجار سەختدا .. ئاشکراکردنی را و بۆچوونی خۆی هەروا ئاسان نەبوو .. پشت هەڵ کردن لە بۆچوونی کەم و کورتی هەڵگرانی فەرموودە و لە بۆچوونی دوور لە سوننەتی ئەهلی (رأي) و ، بڕیاردانی قوتابخانەیەکی سێهەم لەو ناوەندەدا هەروا شتێکی ئاسان نەبوو ..

شوێنکەوتنی سوننەت بە ڕێک و پێکیی و ، کەڵک وەرگرتنیش لە تاقییکاریی ئەهلی (رأي) و ، پاشان پێکهێنـانی قوتابخانەیـەکی بـەهێز لـە هـەردووکیان هـەروا کـارێکی سادە نەبوو .. بەڵکو کارێکی یەکجار سەخت بوو .. پێویستی بە زانستێکی یـەکجار فـراوان و ، بەڵگە و دەلیلێکی یەکجار بەهێز هەبوو ، کە لەبەر دەم کەڵەزانایانی هەردوولادا خۆی پێ ڕابگیرێ ..

ئەمە کارێکی یەکجار مەزن بوو ..

ڕزگارکردنی شەریعەت ..

ڕزگارکردنی فەرموودە ..

ڕزگارکردنی مێشکی مرۆڤ ..

ڕزگارکردنی هەموو ئەمانە لە دەمارگـیریی و تاقمەپەرسـتیی و مـلـملانێـی نـەفس و ئارەزووەکان ..

ئەم کارە پیاوێکی پاڵەوانی دەویست .. پیاوێک کە ڕەوڕەوەی مێژوو بگۆڕێت ..

خوای گەورە بۆ ئەم کارە نوێخوازییە مەزنە ئیمام شافیعیی هەڵ بژارد .

بە ڕاستیی شافیعیی خوا پێداو بوو ..

داخۆ خاوەنی چ پلەیەکی بەرزی ئیخلاص بوو بێ ؟

داخۆ چەندێ سەرگەرمی خواپەرستیی بوو بێ ؟

داخۆ چەند بە وردیی خۆی لە گوناه پاراستبێ ؟

بە ڕاستیی شافیعیی پیاوی مەیدان بوو !!

جا مێژوونووسان گەشتەکانی شافیعییان تێکەڵ و پێکەڵ باس کردووە ، بۆیە جیـاوازیی لەوەدا هەیە کە لە بەغداد بۆتـە میوانـی کـێ ؟ هـەندێ ئـەڵێن : میوانـی ئەبوحەسـانی زیادیی بووە و ، هەندێکیش ئـەڵێن : میوانـی زەعفـەرانیی بـووە و ، هـەندێکیش ئـەڵێن : میوانی بیشری موریسیی بووە ، کـە لەبـەر ڕێـز لێگرتـن شـافیعیی لـە نـهۆمی سـەرەوەدا داناوە و ، خۆیشی لە خوارەوە . تا ئەوە بوو دایکی شافیعیی بـە شـافیعیی ئـەڵێت : ئـەبو عەبدوڵڵا ! لای ئەم زیندیقەدا چیی دەکەی ؟ ئیتر ئەویش دەگوێزێتـەوە بـۆ شـوێنێکیتر[٦٢] . ئەمەش لەبەر ئەوەی کە بیشر خاوەنی بیروباوەڕی موعتەزیلە بووە و بڕواشی بە (إرجاء) بووە و ، لەسەر ڕای (الجهمية) ش بووە .

---

[٦٢] توالي التأسيس (٧٢) .

که شـافیعیی گەیشتە بـەغداد ، رووی لـە مزگـەوتی (الغــربي) کـرد ، کـه چـەندین ئـەڵقـەی دەرسـی تێدا بوو .. لە گۆشەیەکەوە دەستی دایە بڵاوکردنەوەی ئـەو (أصــول) و (قواعد) و (فقهـ) ەی کە پێیان گەیشتبوو .. بەرە بەرە چ قوتابیان و چ زانایان روویـان کـردە دەرسـەکەی .. یەکـەم جار بەشـی زۆریـان بـۆ تاقییکردنـەوەی دەهـاتن .. بگـرە هـەندێکیان زۆر بـە خۆیـان و بۆچوونەکـەیاندا دەنـازیی و ، بـە لووتـی بـەرزەوە بـۆ ئـەوە هاتبوون تا گاڵتە بـەم فیقهـ زانـە تازەیـە بکـەن .. بـەڵام کـە گوێیـان لێـی دەگـرت بـەنج دەبوون.. خۆیان پێنەدەگیرا و تەسلیم دەبوون .. کە لەوانە ئەبوثـەور و ، حوسـەینی کـوڕی عـەلیی کەرابیسیی بوون ..

ئەبوثـەور ئـەڵێت : « کـە شـافیعیی گەیشتە عـیراق ، حوسـەینی کـوڕی عـەلیی کـەرابیسـیی ـ کە هاتوچۆی ئەهلی (رأي) دەکـرد ـ هاتـە لام و پێمـی وت : پیـاوێک لـە هەڵگرانی حەدیث هاتووە و خۆی بە فەقیهـ لە قەڵەم دەدا ، هەستە با بچـین گاڵتـەی پـێ بکـەین .. کـە چووین بـۆ لای ، حوسـەین پرسـیارێکی لێ کـرد .. ئـەوەندەی وت : خـوا فەرموویە .. پێغەمبەری خوا فەرموویە هەتا لە ژوورەکەدا هیچمـان نـەدەبینی . ئـەوە بـوو وازمان لە بیرو بۆچوونی خۆمان هێنا و کەوتینە شوێن ئەو » .[٦٣]

لە ریوایەتێکی تردا ئەبوثەور ئەڵێت :

« یەکێ لە هـاوەڵانی موحەممـەدی کـوڕی حەسـەن بـووم .کـاتێک کـە شـافیعیی هاتـە ناومان ، بە وێنەی گاڵتەکەرەوە هاتمە کۆڕەکەیەوە و لـە بـارەی (الـدور)ەوە پرسـیارێکم لێ کرد . کەچیی وەڵامی نەدامەوە ، بەڵکو پرسیاری لێ کردم : لـە نوێـژدا دەسـتت چـۆن بەرز دەکەیتەوە ؟ وتم : بەم شێوەیە . فەرمووی : دەی هەڵەت کرد ! وتم : ئەی چۆن بکەم؟ فەرمووی : ئیبن عویەینە لە زوهەرییەوە ، لە سالمەوە ، لە باوکیەوە بـۆی گێڕامـەوە کـە پێغەمبەر ﷺ هەردوو لەپە دەستی تـا ئاستی هەردووشـانی بـەرز دەکردنـەوە .. هـەروەها کاتێ کە بە روکووعدا دەچوو و ، کاتێکیش کە لە روکووع سەری بەرز دەکردەوە .

ئەبوثەور ئەڵێ : ئەمە چووە دڵمەوە و ، زیـاتر هـاتوچۆی لای شـافیعییم دەکـرد و ، بـۆ لای موحەممەدی کوڕی حەسـەنیش کەمتر . تا ئەوە بوو رۆژێکیان موحەممەد پێمـی وت : ئەبو ثەور ! وا ئەزانم ئـەو حیجازییـە کـاری کردۆتـە سـەرت . ئـەڵێت : وتم : بـەڵێ ، ئـەو ڕاست دەکات . وتی : چـۆن ؟ ئـەڵێت : وتم : لـە نوێـژدا دەسـتت چـۆن بـەرز دەکەیتـەوە ؟

---

[٦٣] توالي التأسيس (٥٨) .

ئەویش وەکٔ ئەوەی کە من وەڵامی شافیعییم دایەوە وەڵامی دامــەوە . وتم : دەی هەڵـەت کرد ! وتی : ئەی چۆن بکەم ؟ وتم : شافیعیی لە ئیبن عویەینــەوە ، لـە زوهەریـیەوە ، لـە سالمەوە ، لە باوکیەوە بۆی گێڕامەوە کە پێغەمبـەر ﷺ هـەردوو لەپـە دەسـتی تـا ئاسـتی هەردوو شانی بەرز دەکردنەوە .. هەروەها کاتێ کە بە روکووعدا دەچـوو و ، کـاتێکیش کـە لە روکووع سەری بەرز دەکردەوە .

ئەبوئەور ئەڵێ : دوای مانگێکٔ شافیعیی فەرمووی : ئەبو ئــەور ! وەڵامـی پرسـیارەکەت دەربارەی (الدور) وەربگرە ، ئەو رۆژە تۆ ملە جەرەت دەکرد بۆیە وەڵامم نەدایتەوە ».[٦٤]

ئەبوئــەور ئـەڵێت : « مـن و ئیسـحاقی کـوڕی راهوویـە و حوسـەینی کەرابیسـیی و ، کۆمەڵێکٔ عیراقیی تا چاومان بە شافیعیی نەکەوت وازمان لە بیدعـەکانمان نەهێنا » ..[٦٥]

ئیمام شافیعیی هەروا خەریکی دەرخستنی تێگەیشتنی ناوازەی قورئان و سوننەت بوو ، هەتـا هـەمـوان دانیـان بە زانستی رێـکٔ و پێکیدا نا و ، ئەڵقە نەیـارەکـانی مـزگـەوتـی (الغـوبي) ـ کـەمێکیان نـەبێ ـ هەرهـەموو هـەڵگیران . لـە هـەمان کـاتدا لـەوەو پێـش شارەزایانی فـەرمووده زۆر بـە سـادەیی لـە فـەرموودەکان دەگەیشتن لەبـەر ئـەوە ئـەهلی (رأي) هەموو دەسەڵاتێکیان لێ سەندبوون ، بەڵام کە شافیعیی هاتـە بـەغداد فیقـهێکی نوێی پێشکەش کرد ، کە قورئان و فەرموودە پشتگیری بوون ..

ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ئەفەرموێ : « **كانت أقضيتنا في أيدي أصحاب أبي حنيفة ما تنــزع ، حتى رأينا الشافعي ، فكان أفقه الناس في كتاب الله وفي سنة رسول الله** » .[٦٦]

هەتـا هەڵگرانی فـەرموودە لە عیراقدا ئەوەندە دەستە پاچەبوون خۆیان فێری زانســتی (**أهل الرأي**) ئەکرد تا شارەزای فیقهـ ببن . ئەوە بوو ئیمام ئەحمەدی کـوڕی حەنبـەل ، کاتێ کە لە بارەی ئیمام شافیعیـیەوە پرسیاری لێکرا ، دەیفەرموو :

« خوای گەورە بە شـافیعیی خـەڵاتی کردین . ئەوە بوو خۆمـان فێری قسـەی خەڵکەکـە (واتە أهل الــرأي) دەکرد و ، کتێبەکانیشـمان دەنووسـینەوە ، هـەتا شـافیعیی هاتـە ناومان . کاتێ کە قسەکانی ئەومان بیست زانیمان کە لە هەموان زاناترە ، بۆیـە ئێمـەش

---

[٦٤] معجم الأدباء (١٧ : ٣٠٢) .
[٦٥] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦١) .
[٦٦] توالي التأسيس (٥٦) .

شەوان و ڕۆژێکی زۆر لە خزمەتیا دانیشتین و جگە لە خێر و چاکە هیچی ترمان پێوە نەبینی ، ڕەحمەتی خوای لێ بێ .[٦٧]

پێش شافیعیی هەموو خەمێکی فەرموودەناسان ئەوە بوو فەرموودەی جۆرا و جۆر کۆبکەنەوە ، بێ ئەوەی لە مانا و مەبەستیان تێ بگەن ..

ئیبن جەوزیی لە خەططابییەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە : یەکێک لە مامۆستایانمان ئەم فەرموودەیەی ریوایەت دەکرد کە پێغەمبەر ﷺ (نهى عن الحلق قبل الصلاة يوم الجمعة ، بإسكان اللام) ئەڵێ : هەواڵیشی دامێ کە بۆ ماوەی چل ساڵ پێش نوێژی جومعە سەری نەتاشیوە . ئەڵێ : منیش پێم وت : (حَلَق) کۆی (حَلْقَة) یە و ، بە لایەوە مەکرووهـ بووە پێش نوێژ بۆ زانست و دەرسخوێندن ئەڵقە ببەستن و ، فەرمانی داوە خەریکی نوێژی جومعە بن و گوێ لە وتارەکە بگیرێ . وتی : بە ڕاستیی رزگارت کردم . پیاوێکی صاڵحیش بوو .[٦٨]

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە زانایانی فەرموودە گەیشتبوونە چڵەپۆپەی هونەری فەرموودەناسیی و ، لە فیقهی فەرموودە دەگەیشتن ، وەک یەحیای کوڕی موعین و ، ئیبن مەدینیی و ، بوخاریی و موسلیم و لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل . بەڵام لە فیقهـ دا تەواو لێهاتوو نەبوون . جا کە شافیعیی هاتە ناویان کە پیاوێکی قورەیشیی خاوەن ژیریی و سەلیقە بوو و ، نیوەی عەقڵی دنیای بەلاوە بوو و ، هەموو قورئانی لەبەر بوو و ، شارەزای سوننەتی شەریف بوو ، کە لە گەورە پیاوانی فەرموودەوە ، وەک سوفیانی کوڕی عویەینە و مالیکی کوڕی ئەنەس ، وەری گرتبوو و ، هیچ کەس بە رادەی تێگەیشتنی ئەو شارەزایی نەبوو ، بە تەواوەت گەیشتن .. بە تایبەت کە شافیعیی خاوەنی رەوشتی بەرز و ، تەقوا و وەرەع و ، خاوەنی حیلم و ویژدان و ئارام بوو و ، مەردانە و پاڵەوانانە دانی بە ڕاستییدا دەنا و وەری دەگرت ، ئەوانیش بە وێنەی پەپوولەی شەیدای ڕووناکیی دەوریان لە شافیعیی دا و زانستی قورئانیان بە هەموو بەشەکانیەوە لێ وەرگرت و ، لە زانستی فەرموودەشدا شارەزاییەکی چاکیان لێ وەرگرت ..

---

[٦٧] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٠) .

[٦٨] تلبيس إبليس (١١٤) .

لەم ماوەیەدا خەڵکێکی زۆر لە شارەزایانی فەرموودە شاهێدییان دەدا کە شافیعیی بە راستیی شارەزای ئیسلامە .

حەسەنی کوڕی موحەممەدی زەعفەرانیی ئەڵێت : « هەڵگرانی فەرموودە خەوتبوون ، شافیعیی هات و بەخەبەری کردنەوە و ، ئەوانیش بەخەبەر هاتن » .[٦٩]

داوودی کوڕی عەلیی ظاهرییش [٧٠] شافیعیی بە چرا ناو دەبات بۆ خزمەتی فەرموودە و ، هەموو روون کردنەوەیەکیشی بە بەڵگە دەژمێرێ کە ئەڵێت : (كان الشافعي رضي الله عنه سراجاً لحملة الآثار ، ونقلة الأخبار ، ومن تعلق بشيء من بيانه صار محجاجاً) .[٧١]

ئیمام ئەحمەد فەرموویە : « ئێمەش و ئەهلی (رأي)ش خەریک بووین لەعنەتمان لە یەکتریی دەکرد ، هەتا شافیعیی هات و تێکەڵی کردین » .[٧٢]

دوویەیس [٧٣] ئەڵێت : « لەگەڵ ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە مزگەوتدا بووین ، حوسەین - واتە کەرابیسیی - تێپەڕیی و وتی : ئەمە - مەبەستی لە شافیعیی دەبێت - رەحمەتی خوایە بۆ ئوممەتی موحەممەد » [٧٤] هەروەها وتوویە :

« شافیعیی فێری کردین ئەوسا لە فیقهی زۆربەی سوننەتەکان تێگەیشتین » .[٧٥]

هیلالی کوڕی عەلائیش وتوویە : هەڵگرانی فەرموودە قەرزاری شافیعیین ، چونکە ئەو دەرگای بۆ خستنە سەر پشت » [٧٦]

بەڵام ئیمام ئەحمەد فەرمایشتی زۆری هەن دەربارەی کاریگەری ئیمام شافیعیی لەسەر فەرموودە ناسەکان ، کە یەکێ لەوانە : « ئەگەر شافیعیی نەبوایە فیقهی فەرموودەمان نەدەزانی » .. [٧٧] هەروەها فەرموویە : « هەڵگرانی فەرموودە مانای فەرموودەی پێغەمبەری خوایان ﷺ نەدەزانیی ، ئەو بۆی روون کردنەوە ».. [٧٨] هەروەها فەرموویە :

---

[٦٩] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٥٠) .

[٧٠] یەکێکە لە ئیمامانی ئیجتیهاد لە ئیسلامدا و ، ئیمامی ئەهلی ظاهیر بووە . ساڵی (٢٧٠) ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە .

[٧١] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٣) .

[٧٢] ترتيب المدارك (١ : ٩٥) .

[٧٣] ئەبوعەلیی دویەیس کوڕی سەلامی قەصبانیی کە ساڵی (٢٠١) ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە .

[٧٤] آداب الشافعي (٧٥) .

[٧٥] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦١) .

[٧٦] تهذيب الأسماء (١ : ٦٤) .

[٧٧] توالي التأسيس (٥٧) .

[٧٨] تهذيب الأسماء (١ : ٦١) .

« فیقهـ لـه رووی فەقیهـەکاندا داخرابـوو ، خـوا بـه هـۆی شـافیعیيەوه کردیـەوه » .[٧٩]
هەروەها فەرموويه : « هەڵگری فەرمووده لە کتێبی شافیعیی تێر ناخوات » .[٨٠]

لە صاڵحی کوڕی ئەحمەدی کـوڕی حەنبەڵـەوه ئەگێڕنـەوه وتوويـه : « ڕۆژێکیـان بـاوکم نەخۆش بوو و ، شافیعیی بۆ سەردانی هاته لای . باوکم هەڵمەتی دا و چوو بە دەمیەوه و ، ناوچاوی ماچ کـرد ، پاشـان لـه شـوێنەکەی خۆیدا دای‌نیشـاند و خۆیشـی لەبەردەستی‌دا دانیشت .. ئـەڵێ : بـۆ مـاوەی سـەعاتێک پرسـیاری لێ دەکـرد .. کـه شـافیعیی هەسـتا و ویستی سوار بێـت و بڕوا ، بـاوکم هەسـتایەوه و ئاوزەنگی‌یەکـەی بـۆ گـرت و ، لـه گـەڵیا ڕۆیشـت .. ئـەو هەواڵـه بـه یـەحیای کـوڕی موعـین گەیشـت و ، جوابـی بـۆ بـاوکم نـارد : ئەبوعـەبدوڵلا ! پـاک و بێ‌گـەردیی بـۆ خـوا ! ئایـا ئـەوەنده ناچـار بوویـت لـه تەنیشـت ئێسترەکەی شافیعیيەوه بچیت بە ڕێوه ؟ باوکیشم وەڵامی دایەوه : ئەبوزەکەریا ! ئەگـەر تۆیش لەلاکەی تریەوه بچوویتایە بەڕێوه کەڵکت وەردەگـرت . ئـەڵێت : پاشـان بـاوکم پێـی وت : هەرکەسێ فیقهی بوێ با بۆنی کلکی ئەو ئێستره بکات »[٨١]

با گوێ لە ئیمام ئەوەيیش بگرین کە باسی دەوری گرنگی ئیمـام شـافیعیی دەکـات بـۆ وریاکردنەوه و ڕاستکردنەوەی زانایانی فەرمووده کە ئەڵێت :

« وهو الذي قلد المنن الجسيمة أهل الآثار ، وحملة الحديث ، ونقلة الأخبار ، بتوقيفـه إياهم على معاني السنن ، وتبيينه ، وقذفه بالحق على باطل مخالفي السـنن وتمويهـهم ، فنعشهم بعد أن كانوا خاملين ، وظهرت كلمته علـى جميـع المخـالفين ، ودمغـهم بواضحات البراهين ، حتى ظلت أعناقهم لها خاضعين » .[٨٢]

هـەروەها لـه بـارەی متمانـەکردن بـه زانسـتی شـافیعیيەوه ئیمـام ئەحمـەد ئەفـەرموێت : « ئەگەر لە بارەی مەسەلەیەکەوه پرسیارم لێ بکرابایه و هیـچ بەڵگەیـەکم پێ نەبوایه ، بە فەرمایشتی شافیعیی وەڵامم دەدایەوه ، چونکە ئەو زانای قوڕەیشە » .[٨٣]

---

[٧٩] تهذيب الأسماء (١ : ٦١) .
[٨٠] تهذيب الأسماء (١ : ٦١).
[٨١] معجم الأدباء (٧١ : ٣٠١) .
[٨٢] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٥٠) .
[٨٣] طبقات الشافعية (١ : ٢٠٠) .

ئینتر فەرموودەکەی [٨٤] گێڕایەوە و ، تەئویلی وەها کرد کە شافیعیی دەگرێتەوە . واتە مەبەستی پێغەمبەری خوا ﷺ لەو زانایە ئیمام شافیعی‌یە . بە هەمان شێوەی ئیمام ئەحمەد مامۆستا نوورسییش لە (مەکتووبات) دا ل ١٣٧ دەری بڕیوە کە ئەو فەرموودەیە مەبەستی ئیمام شافیعی‌یە .

کورتەکەی : کەڵە زانایانی عیراق لە زانستی بەرزی شافیعیی ئاگادار بوون و ، خۆیان کردە قوتابیی ئەو پاڵەوانە و ، لە قووڵایی دڵیاندا جێیان کردەوە ..

بوەیطی ، کە یەکێکە لە قوتابی‌یەکانی شافیعیی لە میصردا ، ئەڵێت :

« قەدری شافیعییمان نەزانیی هەتا دانیشتوانی عیراقم بینی چۆن ناوی دەبەن و ، بە شێوەیەک وەسفی دەکەن کە ئێمە ئەوەی ئەو وەسفە نازانین بی‌کەین .. زۆر شارەزایانی عیراق لە فیقهـ و ئیجتیهاددا ، بگرە هەموو چینێک لە ئەهلی فەرموودە و زمانی عەرەبیی و ، موجتەهیدان ، هەر هەموو دەیان وت کە : پیاوی وەک شافیعی‌یان نەدیوە» [٨٥] .

لە گەشتی دووهەمی بەغداددا ، ئیمام شافیعیی کەڵکێکی زۆری بە عیراق گەیاند ، چونکە دانیشتوانی بەغداد لەو سەردەمەدا ، لە کۆتایی صەدەی دووهەمی کۆچیی‌دا ، لە چەندین کۆمەڵ و مەزهەب پێک هاتبوو .. بیروباوەڕ و فەلسەفە و زانست و بۆچوونێکی یەکجار زۆری تێدا بوو .. ماڵ و سامان و دەسەڵات هەندێکی سەرگەرمی ژیانی کردبوو .. مزگەوتەکانیش لە خواناسان و زاهیدان و تەقواداران پڕبوون کە دەستە دەستە خۆیان لە زانستە شەرعی‌یەکان شارەزا دەکرد .. دەستەیەک خزمەتی قورئان و .. دەستەیەک فەرموودە و .. دەستەیەک فیقهـ و .. هتد . بەمە هەزاران شارەزای بلیمەت لە هەموو بوارێکدا هەڵکەوتن .. شارستانی‌یەتێکی یەکجار مەزن بەرپا بوو و ، موسڵمانەکان سەلماندیان کە سەرداری سەرزەویین ..

---

[٨٤] فەرموودەکە فەرمایشتی پێغەمبەرە ﷺ : « لا تؤموا قريشاً ، وائتموا بها ، ولا تقدّموا على قريش وقدموها ، ولا تعلموا قريشاً وتعلموا منها ، فإن إمامة الأمين من قريش تعدل إمامة الأمين من غيرهم ، وإن علم عالم قريش ليسع طباق الأرض » . دەفەرموێ : ئیمامەت بۆ قورەیشیی مەکەن ، بەڵکو بیانکەنە ئیمام .. پێش قورەیشیی مەکەون ، بەڵکو پێشیان بخەن .. قورەیشیی فێری زانست مەکەن ، بەڵکو زانستیان لێوە فێر ببن .. چونکە ئیمامەتی پیاوی ئەمینی قورەیشیی سەنگین ترە لە ئیمامەتی پیاوی ئەمینی غەیری ئەوان و ، زانستی زانای قورەیشیش پڕ بە پڕی چینەکانی زەویی دەبێت .

[٨٥] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٢) .

ئا لەم کاتەدا شافیعیی دەستی دایە کار .. دەستی دایە ئاڵ و گۆڕ و دەربڕینــی بۆچوونـە ناوازەکەی .. ڕێک و پێکیی هەردوو قوتابخانەکەی کۆکردەوە و مەزهەبێکی ڕێک و پێکی لێ پێک هێنـا .. یەکـەم جار پشـتی بـە (دەق ـ نـص) بەسـت .. قورئـان و فـەرموودەی دەکردنە بەڵگە .. تا ئەوان ئامادەبوونانە گوێی بە شتی تـر نـەدەدا .. بایـەخێکی چـاکی بـە (أصول) دا بۆ ئیجتیهاد ، ئەویش بە نووسینی (الرسالة) کە بۆ عەبدوڕڕەحمانی کـوڕی مـەهدیی نـارد .. کـە بڵاوبوویـەوە زانایــان لــە دەوری جـەمیان خـوارد و دەسـتیان بـە لێکۆڵینەوەی کرد و لە خزمەتی ئیمامدا دەستیان کرد بە خوێندنی ..

بەڵام باس و بەڵگەی (فروع) بۆ وەڵامدانــەوەی ئەوانـەی کـە بەرامبـەری دەوەسـتان ، هەموو ئەوانەی لە کتێبی (الحجــة) یــان وەک ئیـبن نـەدیم نـاوی نـا (المبســوط) دا کۆکردنەوە ، کە یەک بەرگی گەورە بووە و لە عیراقدا نووسیویەتی و ، مەزهەب و قـەولی قەدیمی شافیعیی بـەم کتیبـە دەوتـرێ کـە چـوار لـە هاوەڵـە گـەورەکانی عـیراقی لێیـەوە ریوایـەتی دەکـەن کـە : ئەحمـەدی کـوڕی حەنبـەل و ، ئـەبو ثـــەور و ، زەعفــەرانیی و ، کەرابیسیین.

زیاد لەوەش ئیمام ئەحمەد شتی تری زۆری لە ئیمام شافیعیەوە ریوایەت کردووە ، کـە یەکێ لەوانە «موطأ » ی ئیمام مالیک بووە. ئەوەتا صالیحی کوڕی ئیمام ئەحمەد ئەڵێت : گوێم لە باوکم بووە دەی فەرموو (سمعت الموطأ من الشافعي , لأنني رأيته فيه ثبتاً) .[٨٦]

هـەروەها ئیمـام ئەحمـەد ئەفـەرموێ : « هەرکەسـێ قەڵـەم و دەواتێکـی بـە دەسـتەوە گرتبێ ئەوا منەتباری شافیعیە » .[٨٧]

هەروەها فەرموویــە : « پـێ نـازانـم هیـچ کەسـێک ئـەوەندەی شـافیعیی لـە سـەردەمی خۆیدا ئیسلامی منەتبار کردبێ » .[٨٨]

هەتا ئیمام ئەحمەد دەری بڕیوە کە ماوەی چل ساڵ لە خوای گەورە بۆ ئیمام شـافیعیی پاڕاوەتەوە..[٨٩]

---

[٨٦] توالي التأسيس (٥٧) .
[٨٧] توالي التأسيس (٥٧) .
[٨٨] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٠) .
[٨٩] تهذيب الأسماء واللغات (١ ٦٠) .

وا ئیمام ئەحمەد پایەی تەواو بە ئیمام شافیعیی مامۆستای دەدا و ، دەری دەبــڕێ کـە پێویـستیی شـافیعیی بـۆ ئـەم ئیسـلامە وەکێ پێویـستبوونـی خـۆر بــۆ ئــەم دنیایــە و ، تەندروستیی بۆ لاشە وەهایە .

عەبدوڵلای کوڕی ئیمام ئەحمــەد ئـەڵێت : بـە بـاوکمم وت : بابـەگیان ! شـافیعیی چۆن پیـاوێکێ بـوو ؟ دوعـای زۆرم لیێ بیسـتووی کـە بـۆت کـردووە. فـەرمووی : « کوڕەکـــەم ! شافیعیی وەکێ خۆر بۆ دنیا و ، تەندروستیی بۆ لاشە وەهایە . جا سـەیر بکـە ، بزانـە شتێ تر هەیە جێی ئەم دوانە پڕ بکاتەوە ؟ » .[٩٠]

هەندێ لە کەڵە زانایان وای دادەنێن کە ئیمام ئەحمەد مەزهەبی سەربەخۆی نیە دوای مەزهەبی شافیعیی ، بەڵکو چەند ئیجتیهادێکە و بەس ، ئیتر هەر لە سەر مەزهەبی ئیمام شافیعیی بووە .

لە کتێبی حاکمدا هاتووە : گوێم لە ئەبوبەکر موحەممەدی کوڕی عـەلیی کوڕی ئیسـماعیلی فەقیهـ ، ئیمامی چەرخی خۆی و ناوچەی (ما وراء النهر) بـووە کـە دەیوت: یەکـەم جار کـە گەیشتمە نەیساپوور چوومە لای ئەبوبـەکر موحەممـەدی کـوڕی ئیسـحاقی کـوڕی خوزەیمـە و ، منیش گەنجێکی تازە هەڵکەوتوو بووم و دەستم بە قسە کـرد لەبـەر دەمـیدا . لێمـی پرسـیی : هات و چۆی کێت کردووە ؟ وتم : بۆ لای (ابو الليــــث) . وتـی : ئـەم ئەبوللەیشـە لەسـەر چ مەزهەبێکە ؟ وتم : حەنبەلی‌یە . وتی : کوڕەکەم ! بڵێ : شافیعی‌یە . جا بۆچ ئەحمەدی کوڕی حەنبەل منالێکێ لە منالەکانی شافیعیی زیاتر بووە ؟![٩١]

زەعفەرانییش ئەڵێت : « هەرچیی چووبمە مەجلیسی شـافیعی‌یەوە ، ئەحمـەدی کـوڕی حەنبەلم لەوێ بینیوە » .[٩٢]

ئیمام شافیعیی لە عیراقدا قوتابی‌یەکی زۆری پێ‌گەیاند ، کە ئەمانە ناودارەکانیــانن : ئەحمەدی کوڕی خالیدی خەللال و ، ئەحمەدی کوڕی سینانی قەططان و ، ئەحمەدی کوڕی سورەیجی نەهشــەلیی و ، ئەحمــەدی کـوڕی حەنبـەل و ، ئەحمـەدی کـوڕی یـەحیای کـوڕی عەبدولعەزیزی بەغدادیی و ، ئیسحاقی کوڕی راهویە و ، حاریثی کوڕی سورەیجی نەققال و ، حەســەنی کـوڕی موحەممــەدی صــەباحی زەعفــەرانیی و ، حوســەینی کــوڕی عــەلیی

---

[٩٠] صفة الصفوة : (٢ : ١٤٢) .
[٩١] معجم الأدباء (١٧ : ٢٩٨) .
[٩٢] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٠) .

کەرابیسیی و ، حوسەینی قەللاس و ، سولەیمانی کوڕی داوود و ، قاسمی کـوڕی سـەلامی ئەبوعوبەید . بەڵام ئەم چوارەی خوارەوە لە هەموویان تێگەیشتووتر و بەخزمەتتر بوون :

یەکەمیان : ئەحمـەدی کـوڕی حەنبـەل : کـە یەکێکـە لـە چـوار ئیمامـە مەزنەکـەی ئەهلی سوننە . شافیعیی دەربارەی دەفەرموێ : « کـە لـە بـەغداد گەڕامـەوە ، کەسم تیا بـەجێ نەهێشـت کـە لـە ئەحمـەد فەقیهـ تـر و واریـــعتـر و زاهیدتـر و زانـاتر بێـت » .
ئەبوزەرعـەش دەری بڕیـوە کـە ئیمـام ئـەحمد یـەک ملیـۆن فـەرموودەی لەبـەر بـووە ..
ئیبراهیمی حـەربییش وتوویـە : بـە شێوەیەک ئەحمـەدم دیـوە هـەروەک خـوا زانسـتی هەرهەموانی بۆ کۆ کردبێتەوە .

قوتەیبـەش وتوویـە : هەرکەسـت دیـی ئەحمـەدی خـۆش دەویسـت ، بزانـە کـە ئـەوە شوێنکەوتووی سوننەتە .

ئەوەبوو لای ئیمام شافیعیی شـارەزای شـەرع بـوو و ، لەسـەر مەسـەلەی خـەلقی قورئـان بـۆ ماوەی بیست و هەشت مانگ خەلیفە موعتەصەم بەندی کرد . بـەڵام کـە موتـەوەککیل کـاری گرتە دەست ڕێزی لە ئیمام ئەحمەد گرت . ساڵی ٢٤١ ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە .

دووهەمیان : ئیبراهیمی کوڕی خالید ، ئەبوثەور :

لە سوفیانی کوڕی عویەینە و ، ئیبن (علیة) و ، شافیعیی و ، عەبدورڕەحمانی کـوڕی مـەهدیی و ، یـەزیدی کـوڕی هاروونـەوە فـەرموودەی ریوایـەت کـردووە . . موسـلیم و ، ئەبوداوود و ، ئیبن ماجە و ، بەغەویی فـەرموودەیان لێـوە ریوایـەت کـردووە .. دەربـارەی ئەبوثەور پرسیار لـە ئەحمـەدی کوڕی حەنبـەل کـرا : دەربـارەی ئەبوثـەور چیـی ئـەڵێی ؟ فەرمووی : پەنجا ساڵە بە شوێنکەوتووی سوننەتی دەزانم و ، بە لای منیشـەوە هاوشـانی سوفیانی ثەوریە .

ئیبن حەببانیش دەربارەی ئەڵێت : لە بارەی فیقهـ و زانسـت و وەرەع و فـەزڵ و چاکـەوە یەکێ لە ئیمامانی دنیا بوو .. ساڵی ٢٣٧ ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە ..[٩٣]

سێهەمیان : حەسەنی کوڕی موحەممەدی زەعفەرانیی :

ئیمـامێکی مـەزن و ، فەقیهــ و ، فـەرموودەناس و ، زمـانپـاراو و ، ڕەوانبێـژ و ، متمانەپێکراو و ، دامەزراو بووە ..

---

[٩٣] بە کورتە لە طبقات الشافعیة (٢ : ٧٤) وەرگیراوە ..

لـه سـوفیانی کـوڕی عویەینـه و ، شـافیعیی و ، عویـەیدەی کـوڕی حـەمید و ، عەبدولوەهابی ثەقەفیی و ، یەزیدی کوڕی هاروون و هـی تریشـەوه فـەرموودەی ریوایـەت کـردووه و ، بوخـاریی و ، ئـەبوداوود و ، تـیرمیذیی و ، نەسـائیی و ، ئیـبن ماجـەش فەرموودەیان لێیەوه ریوایەت کردووه .

له رەمەزانی ساڵی (٢٦٠) ی کۆچییدا کۆچی دوایی کردووه .

چوارەمیان : حوسەینی کوڕی عەلیی کوڕی یەزیدی کەرابیسیی :

ئیمامێکی مەزن بووه که شارەزایییەکی چاکی له فیقـه و فـەرموودەدا بـووه ، سـەرەتا له لای ئەهلی (الـرأي) فیقـهی وەرگرتـووه ، پاشـان لای شـافیعیی فیقـهی وەرگرتـووه و فەرموودەشی لێ بیستووه . هەروەها فەرموودەی لـه یـەزیدی کـوڕی هـاروون و ئیسـحاقی ئەزرەق بیستووه ..

کەرابیسیی یەکێ بووه له زانایانی (علم الكلام) ی ئەهلی سوننه و ، مامۆستایەکی پایەداری فەرمووده و فیقهیش بووه . ساڵی (٢٨٤) ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووه .

شایانی باسه دوان لەم چوار قوتابییـه نـاودارەی ئیمـام شـافیعیی کـه ئیمـام ئەحمـەد و ئەبوثەورن گەیشتوونەته پلەی ئیجتیهادی موطلەق [٩٤] .

بەڵێ ، له گەشتی دووهەمدا ئیمام شـافیعیی نزیکـەی دوو سـاڵ لـه بـەغداد مایـەوه تـا مەزهەبەکەی بڵاوکردەوه و ، چەند قوتابیی پایەداری پێگەیاند ، که مـەردانـه زانسـتەکەی بڵاوبکەنەوه و ، شێرانه بەرگریی لێ بکەن .

دوای ئەوه گەڕایەوه مـەککه و ، لەوێش مژدەی بڵاوبوونەوەی مـەزهەبەکەی بە قوتابیان دا و ، (أصول) و (قواعد) ی زانسته ناوازەکەی راگەیاند . بەڵام له مـەککەدا زۆر خۆی بۆ نەگیرا و ، تاسەمەندیی بەغداد کەمەندکێشی کردەوه .

ئەوەبوو له ساڵی ١٩٨ یان ١٩٩ ی کۆچییدا گەڕایەوه بەغداد و چەند مانگێک تیایدا مایەوه و ، دوای ئەوه گەڕایەوه مـەککه و ، پاشان بەرەو میصر کەوته رێ .. [٩٥]

سـەردانی سـێهەمی بـۆ بـەغداد بەسـەرکردنەوەی قوتابخانەکـەی بـوو ، تـا لـه حـاڵ و ئەحواڵی قوتابییەکانی ئاگاداربێ .

لەم گەشتەی سێهەمیدا حوسەینی کوڕی عەلیی کەرابیسیی قوتـابیی ئیمـام شـافیعیی ویسـتی کتێبـەکانی ئیمـام بخوێنێتـەوه بـۆی . بـەڵام ئیمـام مـاوەی نـەدا و فـەرمووی: کتێبەکانی زەعفەرانیی وەربگرە ، وا رەزامەندییم بۆت دەربڕیی ..

---

[٩٤] الإمام الشافعي ، فقيه السنة الأكبر (١٤٦) .

[٩٥] توالي التأسيس (٧٢) .

گەشتی وڵاتی میصر

ئیمام شافیعیی دوای سێهەم گەشتی بەغداد گەڕایەوە مەککە و ، ماوەیەکی کە تیایدا مایەوە ، تا خوای گەورە هەلی بۆ رەخساند و بەرەو میصر کەوتە رێ .

هۆی ئەم گەشتەش ئەوەبوو کە عەبباسی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسی کوڕی مووسای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ـ کە جێگری باوکی بوو بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری وڵاتی میصر ـ داوای لە ئیمام شافیعیی کرد لەگەڵیا بچێت بۆ میصر ئیمامیش کەوتە گەلی و ئەمەش لە ساڵی ١٩٩ ی کۆچییدا بوو .

لە سەرەتاوە بووە میوانی خاڵوانی لە هۆزی ئەزد و ، وا دەردەکەوێ پاشان بووبێتە میوانی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولحەکەم ، کە دۆستی ئیمام بووە و ، رێزێکی ناوازەی لێگرتووە و ، لە سامانی خۆی هەزار دیناری زێڕی پێداوە و ، لە بازرگانێکی ناموزاشی هەزار دیناری تری بۆ وەرگرتووە و ، لە دوو پیاوی دۆستیشی هەزاری تر . پاشان هەموو کتێبەکانی ئیمامی بۆ خۆی و بۆ کوڕەکەی نووسینەوە و ، موحەممەدی کوڕیشی کردە قوتابیی ئیمام و ، هەروا بەردەوام رێزی دەگرت ، هەتا هەر لەوێ ئیمام شافیعیی ـ خوا لێی رازیی بێ ـ کۆچی دوایی کرد و هەر لەوێ لە خاکی نەوەی عەبدولحەکەمدا ناشتیان ..

ئەم گەشتەی ئیمام شافیعیی بۆ میصر لە گەشتەکەی عیراقی کەمتر نەبوو . ئەوە بوو وەک لە عیراقدا لە (أصول) دا (الرسالة) ی نووسیی و ، لە (فروع) یشدا (الحجة)ی نووسیی ، کە گەیشتە میصریش سەر لە نوێ (الرسالة)ی نووسییەوە ، کە ئەوەیە ئەمڕۆ بە دەست موسوڵمانانەوەیە و ، بە کتێبی (الحجة)شدا چوویەوە و لە جیاتی ئەو کتێبی (الأم)ی دانا کە بریتییە لە کۆمەڵە کتێبێکی زۆر . جا کە وترا لە قەولی (قديم) دا ئەوا مەبەست لە (الحجة)یە و ، کە وترا لە قەولی (جديد) دا ئەوا مەبەست لە کتێبی (الأم)ە . هەر لە میصر چەند کتێبێکی تری نووسیی کە لەوەو بەر کەس نەینووسیی بوون ، وەک نەوەویی ئەڵێت ، وەک : أصول الفقه ، كتاب القسامة ، كتاب الجزية ، كتاب قتال أهل البغي و هی تریش ..

که ئیمام شافیعیی گەیشتە میصر ، موسڵمانان شوێنکەوتەی مەزهەبی ئیمـام مـالیکْ بوون و کەمێکیش لەزانایان لەسەر مەزهەبی ئیمام ئەبوحەنیفە بوون . ئـەوەندەی پێنـەچوو خەڵکەکە دەورەیان لە ئیمام شافیعیی دا و ، گوێیان بۆ گرت و ، لە قوڵاییی دڵەوە خۆشیان دەویست و ، شەیدای زانست و بۆچوونەکەی بوون .

هـاروونی کـوڕی سـەعیدی ئـەیلیی ئـەڵێت : « پیـاوی وەکْ شافیعییم نـەدیوە .. هاتـە ناومان بۆ میصر و ، وتـرا : پیـاوێکی قورەیشـیی هـاتووە . ئێمـەش هاتینـە لای دەبینـین خەریکی نوێژکردنە .. کەسمان نەدیبوو ئەوەندە جوان نوێژ بکـات و ، ئـەوەندەش رووم‌ـەت گەشاوە بێت .. کە دەستیشی بە قسەکردن کرد کـەسمان نـەدیبوو ئـەوەندە شـیرین گوفتـار بێت .. هەمووم‌ان شەیدای بووبووین »[٩٦] .

هەروا خەریکی بڵاوکردنەوەی زانسـتە فراوانەکـەی بـوو هـەتا خەڵکەکـە کەوتنـە شـوێن فـەتواکانی و هاتنـە سـەر مـەزهەبـە نوێکـەی .. زانایـان رووی‌ـان لێ نـا و دەسـتیان بـە نووسـینەوەی کتێبـەکانی کـرد و ، ئەوانـەش کـە خـاوەنی ئینصـاف بـوون لـە نـەیارانی شـاهێدییان لەسـەر زانایـەتیی و تـەواناییی ئیجتیـهادی دا . ئـەوەتا عـەبدوڵڵای کـوڕی عەبدولحەکەم[٩٧] کە شێخی گەورەی مەزهەبی مالیکیی بوو لە میصـردا دان بـەوەدا دەنێ کە پیاوی نەدیوە وەکْ شافیعیی توانای حوکم دەرهێنانی ببێ ، کە ئەڵێت : « ما رأيـت مثل الشافعي ، وما رأيت رجلاً أحسن استنباطاً منه »[٩٨] .

موحەمـمـەدی کـوڕی عـەبدوڵڵای کـوڕی عەبدولحەکـەم ئـەڵێت : بـاوکم پێمـی وت : «کوڕەکەم ! دەست لەم پیاوە بەر مەدە ، کەسم نەدیوە وەکْ ئەم شـارەزای ئوصـوولی فیقـه بێت ، یان وتی : ئوصولی عیلم بێت »[٩٩] . موحەمـمـەدیش بـووە قوتابییـەکی بلیمـەت لـە خزمەتی ئیمامدا هەتا بە چاکیی زانسـتی وەرگـرت و دواییـش ستایشـێکی چـاکی کـرد و ، دوعای خێریشی بۆ دەکرد ،[١٠٠] هەرچەندە دوای کۆچی دواییی ئیمام شافیعیی گەڕایەوە سەر مەزهەبی ئیمام مالیکْ .

---

[٩٦] توالي التأسيس (٥٩) .

[٩٧] لە هاوەڵە مەزنەکانی ئیمام مالیکْ بووە و ، دوای کۆچی دواییی ئەشـهەب سـەرۆکایەتیی مەزهـەبی مـالیکی دراوەتـە دەست . ساڵی (٢١٤) ی کۆچیی لە قاهیرەدا کۆچی دواییی کردووە .

[٩٨] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦١) .

[٩٩] توالي التأسيس (٥٦) .

[١٠٠] الانتقاء (٧٣) .

ئەوەتا لە ستایشی‌دا ئەڵێت : « فلانە كەس بە لای ئێمەوە فەقیه نیە ، چونكە قسەی خەڵكیی كۆدەكاتەوە و هەندێكی هەڵ دەبژێرێ . وترا : ئەی كێ فەقیهە ؟ وتی : ئەو كەسەی كە لە قورئان و فەرموودەدا حوكمی (أصلْ) ێك دەردەهێنێ بێ ئەوەی كەس پێشی كەوتبێ . پاشان صەد لق لەو (أصل) ە دەردەهێنێ . وترا : جا كێ توانای ئەوەی هەیە ؟ موحەممەد وتی : موحەممەدی كوڕی ئیدریس »[١٠١]

عەلیی كوڕی مەعبەدی میصریش[١٠٢] ئەڵێت :

« هەتا شافیعیی نەهاتبووە ناومان فەرموودەمان نەدەناسیی »[١٠٣]

دوای ئەوە دەنگ و باسی ئیمام شافیعیی وڵاتانی پڕكرد ، بۆیە لە هەموو وڵاتێكەوە بۆ فێربوون و ، ریوایەت‌كردن و ، شارەزابوون لە كتێبەكانی موسڵمانان هاتنە خزمەتی ، وەك ئیمام نەوەویی ئەڵێت[١٠٤]

حومەیدیی ئەڵێت : « كاتێك كە شافیعیی مەككەی بەجێ هێشت و ڕۆیشت بۆ میصر و ، خۆی لێمان دەرباز كرد ، ئێمەش بە دوای‌دا بەرەو میصر كەوتینە ڕێ »[١٠٥]

كاتێكیش كە موحەممەدی كوڕی موسلیم[١٠٦] پرسیاری ئەوەی لێ دەكات كە ئایا كتێبەكانی شافیعیی نووسیوەتەوە ؟ ئەڵێت : نەخێر ئەفەرموێت : دەی كەمتەرخەمییت كردووە »[١٠٧]

هەروەها موحەممەدی كوڕی موسلیم پرسیار لە ئیمام ئەحمەد دەكات كە ئایا مالیك و ثەوریی[١٠٨] و ئەوزاعیی[١٠٩] كامیان بۆ شوێن‌كەوتن چاكترن ؟ ئەویش لە ناویان‌دا ئاماژەی بۆ شافیعیی كرد ، كە لە هەموویان زیاتر شارەزایە .

---

[١٠١] تهذيب الأسماء واللغات (١ ٦٢) .

[١٠٢] عەلیی كوڕی مەعبەدی كوڕی نووحی بەغدادیە ، كە لە میصر نیشتەجێ بووە . ئیمام نەسسائیی فەرموودەی لێوە گێڕاوەتەوە . عیجلیی ئەڵێت : ثقه . ساڵی ٢٥٩ ی كۆچیی كۆچی دوایی كردووە .

[١٠٣] تهذيب الأسماء واللغات (١ ٦٢) .

[١٠٤] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٤٨) .

[١٠٥] الإنتقاء (٨٩) .

[١٠٦] موحەممەدی كوڕی موسلیمی كوڕی عوثمان رازیی حافیظە . نەسسائیی فەرموودەی لێوە ریوایەت كردووە و بە ثقەشی داناوە . ساڵی (٢٧٠) ی كۆچیی كۆچی دوایی كردووە . .

[١٠٧] تهذيب الأسماء و اللغات (١ ٦١) .

[١٠٨] سوفیانی كوڕی سەعیدی كوڕی مەسرووقی ثەورییە ، لە شارەزایی فەرموودەدا ئەمیری ئیمان‌دارانە و ، سەرداری خەڵكی سەردەمی خۆیەتی . لە كووفە لە دایك بووە و هەر لەوێش گەورە بووە . خەلیفە مەنصوور ویستی لە كاروباری حوكم‌دا بەشداری بكات ، كەچیی ئەو نەی‌كرد و نیشتەجێی مەككە و مەدینە بوو . پاشان خەلیفە مەهدیی داوای

پاشـان پرسـیاری لیّ دەکاتـەوە کـە ئایـا کتێبـی شـافیعیی ئەوانـەی عـیراق و ئەوانـەی میصریش شوێن‌کەوتنی کامیان چاکتر ە ؟ ئەویش وەلامی دەداتـەوە کـە ئەوانـەی میصر چاکترن . بەمە بڕیـار دەدا بـە هیـچ شێوەیەک میصر بـەجیّ نـەهێڵیّ و نـەچیّ بـۆ هیـچ شوێنێکی تر .[110]

لەگەڵ ئەم ڕوولیٚتان و دەور قەڵەباڵغەدا ئیمام شافیعیی پێی خۆش نـەبوو لـە مەزهـەبی ماموٚستاکەی کە ئیمام مالیک بوو لا بدات .. چونکە لە کرۆکی دڵیدا یەکەم کەس ئیمـام مالیکی بە لاوە مەزن بوو ، پاشان سوفیانی کوڕی عویەینە .. بۆیە هـەموو جارێک دەری دەبڕیی کـە مـالیکی کـوڕی ئەنـەس ماموٚستایەتی و ، زانسـتی لیّ وەرگرتـووە و ، هیـچ کەسیش ئەوەندەی ئەو منەت‌باری نەکردووە . هـەتا خـۆی بـە غولامێـک لـە غولامـەکانی مالیک لە قەڵەم دەدا ..[111]

بەلام کە لـە میصـردا هەسـتی کـرد وا شـوێن‌کـەوتوانی مەزهـەبی مـالیکیی جگـە لـە مەزهەبەکەی خۆیان قەناعەت بە هیچ ناکەن ، ناچار بوو ڕەددی هـەندیّ ڕای ئـەو مەزهەبـە بداتەوە .

خاڵێکی تریش کە ناچار بوو پێچەوانـەی ئیمـام مـالیک شت بـلاو بکاتـەوە ، ئـەوەبوو فتیانی کوڕی ئەبوسەمح[112] دەسـتی دایـە هێرش و دژایـەتیی ئیمـام شـافیعیی ، ئـەگینا ئەگەر بە درێژایی ساڵ پرسیاری هەر شتێکی لیّ بکرایە ، کە وەلامی ئەدایەوە ئەی‌فەرموو : ئەمە فەرمایشتی ماموٚستایە ..[113] ئیمام شـافیعیی خۆیشـی هۆیـەکی تـری ڕەددانـەوەی مەزهەبی ئیمـام مـالیک ڕوون دەکاتـەوە کـە دەبیسـتیّ کلاوێکـی ئیمـام مـالیک دەستی موسڵمانانی ولاتی مـەغریب کـەوتووە و داوای بـارانی پـیّ دەکـەن . ئەمـە ترسـی لـە دڵدا

کردەوە و ئەویش خۆی حەشار دا و پاشان ڕۆیشت بۆ بەصرە و خۆی شاردەوە تـا ئـەوە بـوو لـەویّ لـە سـاڵی (١٦١) ی کۆچییدا کۆچی دوایی کرد .

[109] عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەمری کوڕی یەحمودی ئەوزاعی‌یە ، لە هۆزی ئەوزاع . لە فیقهـ و زوهددا ئیمامی ولاتی شـام بووە . لە شاری بەعلەبەک لە دایک بووە و ، نیشـتەجێی بـەیرووت بـووە و لـە سـاڵی (١٥٧) ی کۆچیـیدا هـەر لـەویّ کۆچی دوایی کردووە .

[110] آداب الشافعي ومناقبه (٦٠) .

[111] ترتيب المدارك (٣٨٥) .

[112] فتیان ناوی عەبدوڵلای کوڕی ئەبوسەرحە ، لـە گـەورە هـاوەلانی ئیمـام مـالیک بـووە کـە لەگـەڵ ئیمـام شـافیعییدا بەرابەرکێی کردووە .. پەلە و هەڵپە و قسەڕەقی‌یەکی تێدابووە . جا لەبـەر دەمارگـیریی و زیـادەڕەویی ئـەو لـە میصـردا دوژمنایەتیی کەوتە نێوان مەزهەبی مالیکیی و مەزهەبی شافیعیی . ساڵی (٢٠٥) ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە.

[113] ترتيب المدارك (٣٨٥) .

دروست دەکات کە رۆژگار تێبپـەرێت و ئـەو خەڵکـە سـەریان لێ بشـێوێ و ، وەکـ گـاورانـ عیسایان کردبووە خوا یان کوڕی خوا ، ئەوانیش سـەرگەردان بـبن و مـالیکـ لـە سنووری مرۆڤ دەربکەن . بۆیە هەندێ رای دەداتە دواوە تـا خـەڵکیی بزانـن مـالیکیش ئیمـامێکی موجتەهیدە کە راستیش ئەڵێ و هەڵەشی لە دەست دەردەچێ .[١١٤] هەتا ئیمام شافیعیی بـۆ ماوەی ساڵێکـ نوێژی ئیستیخارەی کردووە . ئەمەش بۆ دەرخستنی حەق تا دینـی خـوا بـە راستیی و پاکیی پێشکەش بە خەڵکیی بکرێت ..

مالیکیـیـەکانیش لـە بەڵگـە بـەهێزەکانی شـافیعیی دەترسـان کـە مەزهەبەکـەی پـەرە بسێنێ و بەسـەر میصردا زاڵ ببێ .. هەتا ئەشهەب [١١٥] ئەوەندە تووڕە بوو بوو لە سـەجدەدا دوعای لە ئیمام شافیعیی دەکرد و دەیوت : « خوایە ! شافیعیی بکوژیت ئـەگینا زانستی مالیکـ دەفەوتێ »[١١٦] . کە ئەمە بە ئیمام شافیعیی گەیشتەوە و بە چـەند دێـڕە شیعرێکـ وەڵامی دایەوە کە هەموو کەسـێ هـەر دەمـرێ و ، پیـاو ئـەو پیاوەیـە بـۆ قیامـەت خۆی ئامادە بکات ، کە هاکا هات .

بە فەرمانی خوا شافیعیی کۆچی دوایی کرد و ، لەو شتانەی کە لە دوای بـەجێ مـابوون ئەشهەب غولامێکی چێشتکەری کڕیـی و ، دوای هـەژدە رۆژ لـە مردنـی ئیمـام شـافیعیی ئەشهەبیش مرد .

ئەمـەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەڵگەکانی ئیمام ئەوەندە بەهێز بـوون بـە هیـچ کـەس وەڵام نەدەدرانەوە ، ئەمـەش کاری دەکردە سەر پایەدارترین فەقیهی مەزهەبی مالیکیی .

ئـەوەندە زۆریـان بۆهـاتبوو پـەنایان بردە بـەر والیـی و داوایـان لێ کـرد شـافیعیی لــە شارەکەیان دەربکات ، تا خەڵکەکـەی لـە خشـتە نـەبردووە . کاربەدەسـتیش ویستی دەری بکات . ئەوە بوو شافیعیی و خزمە هاشمیـیەکانی هاتنە لای والیی تا واز بێنـێ ، کـەچیی کۆڵی نەدا و ، وتی : ئەوانە خۆشیان ناوێ و دەترسم ئـاژاوە بـەرپا ببـێ .. ئیمـام شـافیعیی داوای لێ کرد کە سێ رۆژ مۆڵەتی بـدات و ، ئـەویش مۆڵـەتی دا . ئـەوە بـوو لـە شـەوی سێهەمدا والیی کۆچی دوایی کـرد و ، شـافیعییش لـە چنگـی دەربـاز بـوو و هـەتا کۆچـی

---

[١١٤] الوافي بالوفيات (١ : ١٧٧) .

[١١٥] ئەشهەبی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی داوودی قەیسیی عامیرییە ، کە لە سەردەمی خۆیدا فەقیهی میصـر بـووە و ، هاوەڵی ئیمام مالیکـ بووە . شافیعیی ئەفەرموێ : میصر لە ئەشـهەب شـارەزاتری فیقـهی هـەڵ نەخسـتووە . لـە ساڵی ٢٠٤ ی کۆچییدا کۆچی دوایی کردووە .

[١١٦] ترتیب المدارك (٤٥٣) .

دوایی کرد لەوێ مایەوە .[١١٧] هەتا دوای کۆچی دوایی ئیمام شـافیعیی دژایـەتیی بەرامبـەر ە شوێنکەوتووانی مەزهەبەکەی دەکرا .

ئێستاش با سەرنجێکی ئەڵقەی دەرسەکانی ئیمام شـافیعیی بدەیـن : ئیمـام کـە نوێـژی ەجری لـە مزگـەوت بـەجێ دەهێنـا ، دەچـووە شـوێنی دانیشـتنەکەی و قوتابیـیە جـۆراو جۆرەکانی دەستە دەستە دەهاتنە خزمەتی بۆ دەرس خوێندن .

یەکەم جار ئەهلی قورئان ئەڵقەیان دەبەست و هەتا خۆرکەوتن خەریکی قورئـان خوێنـدن دەبوون . کە خۆر هەڵ دەهات ئەهلی حەدیث دەهـاتن و ئەڵقـەیان دەبەسـت و ، لـە بـارەی سانا و تەفسیری فەرموودەکانەوە پرسیاریان لێ دەکرد . کە خـۆر بـەرز دەبوویـەوە ئەڵقـەی فیقهـ و ئیجتیهاد دەهاتن و خەریکی دەرس دەبوون هەتا چێشـتەنگاو و ، پاشـان کۆمـەڵی عەرەبیی و نەحوو و شیعر دەهاتن و ئەوانیش تا نزیکـی نیـوەڕۆ خـەریکی دەرس دەبـوون . پاشان ئیمام هەڵ دەستا ، خوا لێی رازیی بێ .[١١٨]

لەگـەڵ ئەمـەش‌دا هـەموو دەستەیـەکێ دوای ئـەوەی کـە لـە دەرس خوێنـدن دەبوونـەوە سەرسامی شارەزایی و بلیمـەتیی ئیمـام دەبـوون . بـە تایبـەتیی کـە ئیمـام دوای قورئـان و فەرموودە دە هەزار شیعری هوذەیلی بە إعـراب و غـەریب و و مانـاوە لەبـەر بـوون و ، زۆریـش شـارەزای مێـژوو بـوو ، بـۆ ئەمـەش دوو شـت یارمـەتی‌یان دەدا ، وەکێ ئیـبن عەبدولحەکەم ئەڵێت ، عەقڵێکی فراوان و ، مێشکێکی ساغ و سەلیم . لە هەمان کـات‌دا بەوپەڕی ئیخلاصەوە بۆ خوا کاری دەکرد ..[١١٩]

ئێستاش کاتی ئەوەیە هەندێ لەو قوتابیـیە ناودارانەی بناسـین کـە لـە وڵاتـی میصـردا پێی گەیاندن :

لە راستیی‌دا خـەڵکێکی زۆر کـەڵکیان لـە زانسـتی ئیمـام شـافیعیی وەرگـرت ، ئەوانـە ناودارەکانیان مێژوونووس و زانایان ناویان تۆمار کردوون و هەریەکە پلەی خۆی وەرگرتـووە. بەڵام وا چاکە لە ناویان‌دا چواریان هەڵ ببژێرین کە ئەمانەن : بوەیطـیی و ، موزەنیـی و ، رەبیعی موراديی و ، موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولحەکەم ..

رەبیعی کوڕی سولەیمانی موراديی ئەڵێت : من و بوەیطیی و موزەنیـی و موحەممـەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولحەکەم چووینە خزمەتی شافیعیی ـ خـوا لێـی رازیـی بـێ ـ

---

[١١٧] توالي التأسيس (٨٤) .

[١١٨] معجم الأدباء (١٧: ٣٠٤) .

[١١٩] توالي التأسيس (٥٩) .

که له سەرەمەرگدا بوو . ماوەی سەعاتێک شافیعیی سەرنجی گرتین .. تەماشاکردنەکەی درێژەی کێشا و ، پاشان ئاوڕی دایەوە بۆ لامان و فەرمووی :

« ئەبو یەعقووب ! تۆ ئاسن لە ملتدا دەبێت و دەمریت . تۆش موزەنیی ! لە میصردا تووشی شتانێک دەبیت و ، ڕۆژێکیش دێتە بەردەمت دەبیتە شارەزاترینی خەڵکی ئەو زەمانە لە قیاسدا . تۆش موحەممەد ! دەگەڕێیتەوە سەر مەزهەبەکەی باوکت . تۆش ڕەبیع ! لە هەموویان زیاتر بە کەڵکی بۆم لە بڵاوکردنەوەی کتێبدا ..

ئەبویەعقووب ! هەستە کاروباری ئەڵقەکە بە دەست بگرە » .

ڕەبیع ئەڵێت : هەروا بوو کە فەرمووی .[١٢٠] جا ئەمە چەند کەرامەتێکی ئیمام شافیعیی دەردەخات ..

یەکەمیان : بوەیطی : ناوی یووسفی کوڕی یەحیا بووە و بە ئەبویەعقووب ناوبراوە . خەڵکی بوەیطە لە صەعیدی میصر . گەورترین هاوەڵی میصریی شافیعیی یە . ئیمامێکی مەزن و ، خواناسێکی زاهید و ، فەقیهێکی گەورە و کێوێکی سەرکەشی عیلم و دین بووە. فیقهی لە شافیعیی وەرگرتووە و ، هاوەڵێکی تایبەتییشی بووە . هەتا لە فەتوادانیشدا پشتی پێ دەبەست و ، دوای مردنیشی ئەوی کردە جێنشینی خۆی بۆ سەروکاریی هاوەڵانی . ئەوە بوو ئەویش توانیی چەندین ئیمامی شارەزا پێ بگەیەنێ کە لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاوەیان لێ کردبوو و ، بەبێ وچان زانستی شافیعییان بە خەڵکیی دەگەیاند .

ڕەبیع ئەڵێت : ئەبویەعقووب بە لای شافیعییەوە خاوەنی پایە و پلەی خۆی بوو . جاری وا دەبوو کەسێک پرسیارێکی لێ دەکرد ، دەیفەرموو : لە ئەبویەعقووب بپرسە . کە وەلامی ئەدایەوە هەواڵی دەدایێ و ، ئیمامیش دەیفەرموو : بەو شێوەیە کە وتوویە . بوەیطی کتێبێکی بە ناوی (المختصر) داناوە کە لە کتێبەکانی شافیعیی بە کورت کراوەیی وەری گرتووە .

کاتێ کە ئیمام شافیعیی لە سەرەمەرگدا بوو وەسیەتی کرد کە ئەڵقەی دەرسەکەی بە بوەیطی بسپێررێ . جا هەرکەس پێی خۆشە با دابنیشێ و هەرکەسیش پێی ناخۆشە با بڕوا ..[١٢١] لێرەدا موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەبدولحەکەم کە ئەویش

---

[١٢٠] طبقات الشافعية (٢ : ٩٤)

[١٢١] توالي التأسيس (٨٤) .

قورتابی‌یەکی لێ هاتووی ئیمام بوو ، خۆی بە شیاوتر لە بوەیطـیی دەزانیـی بـۆ جێگـەداری مامۆستاکەیان و ، لەبەر ئەوەش کـە ئیمـام شـافیعیی لـە مـاڵی ئـەوان میـوان بـوو بـوو ناڕازیی بوو ئەڵقەکە بە بوەیطیی بسپێرێ . ئیتر لە ئەڵقەکە دوور کەوتـەوە و ، وازیشـی لە مەزهەبی ئیمام شافیعیی هێنا و گەڕایەوە سەر مەزهـەبی مـالیکیی و ، لـە دژی ئیمـام شافیعییش کتێبێکی بە ناوی : « الرد علی الشافعي فیما خالف الکتاب والسنة » دانا. بەمە سەرگەردانیی رووی لەو پیاوە کـرد و لـە جیـاتیی ئـەوەی رێـز لـە شـافیعیی بگـرێ و پاداشتی چاکەی بداتەوە کەوتە دژایەتیی و سەرەنجامیش هەر ماندووبوونی بۆ مایـەوە و ، خوای گەورەش بەڵای بۆ نارد و زۆر بە زەحمەت لێی دەرباز بوو .[١٢٢]

دووهەمیان : موزەنیـی : ئـەبوئیبراهیم ئیسـماعیل ی کـوڕی یەحیایــە ، کـە ئیمـام شافیعیی بە (ناصر المذهـب) نـاوی هێنـاوە ، خـاوەنی زانسـتێکی زۆر بـووە و بەڵگـەی بەهێزی بەکار هێناوە . هـەتا ئیمـام شـافیعیی وەهـا وەسـفی کـردووە کـە ئەگـەر لەگـەڵ شەیتانیش‌دا بەرابەرکێ بکات ئـەوا ئـەویش دەبـەزێنێ . خـاوەنی زوهـد و وەرەع بـووە و ، تـەمـاعی بە دنیـا نـەبووە . خـاوەنـی چـەنـد کـتێبێکـە بـە نـاوی (الجـامع الکبـیر) ، (الجامع الصغیر) ، (المختصر) ، (المنثور) ، (المسائل المعتبرة) ..

زۆرێـک لـە زانایـانی خۆراسـان و عـێراق و شـام زانسـتیان لـە موزەنیـی وەرگرتــووە . رەمــەزان شـەش رۆژی مـابـوون لە ساڵی دووصـەد و شـەسـت و چواری کۆچیـی‌دا کۆچـی دوایی کرد .

سێهەمیان : ئەبوموحەممەد رەبیعی کوڕی سولەیمانی مورادی‌یـە . لـە سـاڵی صـەد و حەفتا و چواری کۆچیی‌دا لە دایک بـووە و پـەیوەندیی بـە ئیمـام شـافیعی‌یـەوە کـردووە و ، زانستێکی زۆری لێ وەرگرتووە . لە گێڕانەوەی فەرموودەدا (ثقـة) بـووە و لـە مزگـەوتی عەمری کوڕی عاص لە شاری فوسطاطی میصردا بانگ وێژیش بووە . ئیمـام زۆری خۆش ویستووە و ، هاوەڵانی ئیمامیش لەسەر ئەوە یەک دەنگن کە چـاکترین کەسـێ کـە جێـی متمانە بێ لە گێڕانەوەی کتێبەکانی شافیعیی‌دا رەبیعـی موڕادیـی هـاوەڵ و خزمـەتکـاری بووە . هەتا ئەگەر لە ریوایەتێکدا جیاوازیی لـە نێوان ئـەو و موزەنیی‌دا ببوایـە ، ئـەوا

[١٢٢] سـەیری ترتیب المدارک ی قاضیی عیاض بکە .

فراوانیی زانستی شافیعیی

زانستی شافیعیی هەر تەنها بریتیی نیە لەو فیقهـ و ئیجتیهادەی کە بە دەستی هێناوە ، بەڵکو هەموو بەشە جۆر بە جۆرەکانی زانست دەگرێتەوە کە ئەو دەستێکی بالای تیایاندا هەبووە . جا دیارە زانینی رادەی ئەم زانستە فراوانە بێسنوورە هەروا ئاسان نیە و هەموو کەسێ توانای نیە لێی ئاگادار بێ ، مەگەر کەسانێکی زۆر کەم لە گەورە پیاوان و کەڵەزانایان .. جا پشت بە خوا هەوڵ دەدەین دەستمان لە هەندێ لە فەزڵ و شارەزایی ئیمام لەو کەڵە پیاوانەوە گیر ببێ ..

کە سەرنجی ژیانی ئیمام دەدەین ، هەر لە کاتێکەوە کە تەمەنی حەوت ساڵان بووە و هەموو قورئانی لەبەر بووە ، تا ئەجەلی یەخەی پێ گرتووە ، بۆمان دەردەکەوێ لە هەموو خۆشیی و لەزەتێکی ئەم دنیایە زاهید بووە و ، بە هەموو گیانێکیەوە .. بە لاشە و رۆح و عەقڵ و زیرەکیەوە ، هەوڵی داوە زانست بە دەست بهێنێ و پاشان رەفتار بەو زانستەی بکات ..

ئەوەتا خۆی وەسفی ئەو حەزبوونە بێوێنەیەی دەکات ، جارێکیان پرسیاری لێکرا: ئارەزووت بۆ وەرگرتنی زانست چۆنە ؟ فەرمووی : « کاتێک کە پیتێک لەو پیتانەی کە نەم بیستوون دەبیستم ، هەموو ئەندامەکانم ئاواتەخوازن گوێیان هەبێ ، تا ئەو لەزەتەی بە هەردوو گوێم گەیشتووە بەوانیش بگات » .

لێیان پرسیی : ئەی حیرص و تەماعت چۆنە بۆی ؟ فەرمووی : « وەک حیرص و تەماعی ئەو کەسەی کە هەر خەریکی پارە کۆکردنەوەیە و هیچی لێ بەشی کەس نادات ».

لێیان پرسیی : ئەی هەوڵی چۆن بۆ دەدەیت ؟ فەرمووی : « وەک هەوڵدانی ئەو ئافرەتەی کە بۆ دۆزینەوەی کورە تاقانە ون بووەکەی هەوڵ دەدات » .[١٢٧]

---

[١٢٧] توالي التأسيس (٦٢).

جا کەسێ ئەوە غیرەت و ، ئەوە هـەوڵ و کۆششـی بێـت ، لـە هـەمان کـاتدا خـاوەنی زیرەکی‌یـەکی بێوێنـە بێـت ، دیـارە دەگاتـە پلەیـەک کـە تەنـها کـەمێ لـە ئادەمی‌یـەکان دەی‌گەنێ ..

ئەوەتا قوتابیانی زانست تێ دەگەیـەنێ کـە پێویسـتە ئەوپـەڕی توانـا هـەوڵ بـدەن و بـۆ بەدەست هێنانی زۆرترین زانست کەمتەرخەمیی نەکەن و ، ئارامیش لەسەر هەموو کۆسـپ و ناڕەحەتی‌یەک بگـرن و ، خـاوەنی ئیخـلاص و نییـەتێکی پـاکیش بـن و ، هـەردەم داوای کۆمەکیی و یارمەتیی خواش بکەن ، چونکە بـەبێ کۆمـەکیی ئـەو هیـچ خـێر و چاکەیـەک دەستگیر نابێت کە دەفەرموێ :

(فحق على طلبة العلم بلوغ غاية جهدهم في الإستكثار من علمه ، والصبر علـــى كل عارض دون طلبه ، وإخلاص النية لله في استدراك علمــــه : نصــاً واســتنباطاً ، والرغبة إلى الله في العون عليه ، فإنه لا يُدرك خير إلا بعونه) .[١٢٨]

هەروەها دەری دەبڕێ کە شارەزابوون لە ئەحکامەکانی خوا و ، بڵاوکردنەوە و کارکردن بەو ئەحکامانە ، ئیماندار بە بەرزیی دین و دنیا دەگەیـەنێ و ، شـک و گومـانی لێ دوور دەکەوێتـەوە و ، دڵـی بـە حیکمـەت روونـاک دەبێتـەوە و ، شـایانی ئـەوەش دەبێـت کـە پێشەوایەتیی ئیماندارانی پێ ببەخشرێت ، کە دەفەرموێ :

(فإن من أدرك علم أحكام الله في كتابه : نصاً واستدلالاً ، ووفقه الله للقول والعمل بما علم منه ، فاز بالفضيلة في دينه و دنياه ، وانتفت عنه الريـــب ، ونـــوِّرت في قلبــه الحكمة ، واستوجب في الدين موضع الإمامة) .[١٢٩]

ئێستاش بە کۆمەکیی خـوا کـەمێک لـە زانسـتە جۆربـەجۆرەکانی ئیمـام شـافیعیی بـۆ ئازیزان باس دەکەین :

(١) زانستەکانی قورئان :

هەرکەسێ بیـەوێ لـە ئەحکامـەکانی شـەریعەت شـارەزا بـبێ پێویسـتە پێش هـەموو شتێک لە قورئانی پیرۆز شارەزا ببێ و ، لێی تێ بگا و ، لە زانسـتەکانی ئاگـادار بـبێ و ،

---

[١٢٨] الرسالة (١٩)

[١٢٩] الرسالة (١٩) .

بە وردیی لێی بکۆڵێتەوە . جا شتێکی نەگونجاوە کەسێک بتوانێ لە قورئان تێ بگا ، ئەگەر بە جوانیی و پوختیی شارەزای زمانی عەرەب نەبێت و ، شێوە زمانی هۆزەکان نەزانێت و ، لەزەت لە بەلاغەتی عەرەبیی نەبات .

دیارە ئیمام شافیعیی ـ خوا لێی رازیی بێ ـ لە هەموو کەس زیاتر لەو بوارەدا سەرکەوتوو بوو .. ئەوە بوو چووە بیابان ناو رەوانبێژترین هۆزی عەرەب ، کە هۆزی هوذەیلە و ، بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ لە گەڵیاندا ژیانی دایە سەر .. وەک بیابان نشینێک لەگەڵیاندا باری دەکرد و باریشی دەخست .. بە جوانیی فێری زمانیان بوو و ، شیعرەکانی لەبەر کردن و ، بە تەواویی وەک ئەندامێکی هۆزەکەی لێ هات .. ئیتر ئەوە بوو بە ئاسانیی لە واتاکانی قورئان ئەگەیشت .. ئەوەندە شارەزای قورئان بوو ، دەت وت وا لە سەردەمی هاتنە خوارەوەی قورئاندا .

بۆیە سوفیانی کوڕی عویەینەی مامۆستای ئیمام شافیعیی لە زانستی فەرموودەدا ، هەرکاتێ پرسیاری تەفسیر و فەتوای بۆ بهاتایە ، ئاوڕی بۆ لای شافیعیی دەدایەوە ، و دەیوت : پرسیار لەمە بکەن ..[130]

ئەبو حەسسانی زیادیی شاهێدیی لەسەر ئەوە دەدا کە کەسی نەدیوە وەک ئیمام شافعیی بەتوانا بێت بۆ دەرهێنانی ماناکان لە قورئاندا و نموونە هێنانەوە لەسەر ئەوە لە زماندا ، کە ئەڵێت : « **ما رأيت أحداً أقدر على انتزاع المعاني من القرآن ، والإستشهاد على ذلك من اللغة من الشافعي** » .[131]

داوودی کوڕی عەلی ئیمامی ئەهلی ظاهر لە ستایشی شافیعییدا ئەڵێت : ئیسحاقی کوڕی راهویە پێمی وت : من و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل چووینە خزمەتی شافیعیی لە مەککەدا و ، لە بارەی چەند شتێکەوە پرسیارم لێ کرد ، دەبینم زمان پاراو و ، رەوشت جوانە . کە لەلای هەستاین کۆمەڵێک لە تێگەیشتوانی قورئان پێمیان گەیاند کە لەسەردەمی خۆیدا زاناترین کەس بووە لە ماناکردنی قورئاندا ..[132]

جا هەروەک لە کتێبی (الرسالة) دا چەندین ((أصول) ی لە قورئان دەرهێناوە کە ئادەمیزاد سەرسام دەبێت ، هەروەها بۆ تەفسیرکردن هەر ریوایەتێک بە تەواویی جێی متمانە نەبووبێ ، پشتی پێ نەبەستووە بۆیە پشتی بە موجاهید دەبەست ، هەروەک بوخارییش لەوەو دوا پشتی پێ دەبەست ..

---

[130] الإنتقاء (٧٠) .

[131] توالي التأسيس (٥٨) .

[132] توالي التأسيس (٥٨) .

(٢) زانستی فەرمووده :

ئیمام شافیعیی تەمەنی نەگەیشتبووه ده ساڵان رووی له حەرەمی مەككیی نا و ، خۆی گەیانده خزمەتی مامۆستای حەرەم ، فەرموودەناسی گەورەی مەككە ، سوفیانی كوڕی عویەینه و ، دەستی بە وەرگرتنی فەرمووده كرد و ، ئەوەندەش دەستكورت بوو ناچار بوو فەرمووده لەسەر ئێسقان و لقی پانی دارخورما و لە سەر دیوی دووهەمی كاغەزی فەرمانگەكان بنووسێتەوه ، پاشان (موطــأ) ی ئیمام مالیكی لەبەر كرد و ، هێشتا تەمەنیشی نەگەیشتبووه سیانزه ساڵیی خۆی گەیانده مەدینه بۆ خزمەتی ئیمام مالیك و ئەو فەرموودانەی كە لەلای ئەویش و لەلای مامۆستاكانی تریش هەبوون هەمووی نووسینەوه و ، زۆرێك لە فەرمایشت و فەتوای هاوەڵانی نووسییەوه و ، بە چاكیی شارەزای فیقهی دانیشتوانی مەدینه بوو .

ئیبن حەجەر دەری بڕیوه كە شافیعیی فەرموودەی زۆری لەبەر دەكرد ، بەڵام مامۆستای زۆری نەبوون ، چونكە سەرەڕای زانستی فەرمووده سەرگەرمی زانستی فیقهیش دەبوو تا ئەوەی كە خوا ویستی لەسەر بوو دەستی كەوت .[١٣٣] هەروەها دەری بڕیوه كە فەرموودەكانی ئەحكام جگە لە كەمێكیان هەر هەموویانی بەلاوه بووه ، ئەمەش بە بەڵگەی وتەی ئیمام ئەبوبەكری كوڕی خوزەیمە ، كاتێ كە پرسیاری لێ دەكرێ كە : ئایا سوننەتێكی پێغەمبەر ﷺ هەیه كە شافیعیی لە كتێبەكانیدا نەینووسیبێ . ؟

ئەڵێ : نەخێر .[١٣٤]

ئیمام ئەحمەدیش دەری بڕیوه كە ئیمام شافیعیی له هەموو كەسێك زیاتر شارەزای قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوایه ﷺ .[١٣٥]

موزەنییش وتوویه : گوێم لە شافیعیی بووه كە دەیفەرموو : « چەندین شەو بە دوای تەنیا فەرموودەیەكدا رێگام بڕیوه » .[١٣٦]

---

[١٣٣] توالي التأسيس (٥٣) .
[١٣٤] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٥١) .
[١٣٥] آداب الشافعي و مناقبه (٥٥) .
[١٣٦] توالي التأسيس (٥٢) .

لەگەڵ ئەوەش‌دا بە زۆر بێ و بۆر بێ رازیی نەبووە . بەڵکو هەوڵی داوە فەرموودەی صەحیح کۆ بکاتەوە و ، پشتیشی لە هەواڵی لاواز و بێگیان کردووە ، بە رادەیەک کە ئیمام نەوەویی دەری دەبڕێ کە پێ نازانێ هیچ فەقیهێک وەک شافیعیی بایەخی بەوە دا بێ کە فەرموودەی صەحیح بکاتە بەڵگەی حوکمەکانی و لە لاواز جیای بکاتەوە.[137]

جا هەرچەندە ئیمام شافیعیی فەرموودەی صەحیحی دەست بکەوتایە ، هێشتا دڵی ئاوی نەدەخواردەوە و دەترسا لاواز بێت . هەموو فەرموودەناسێک هەمان هەڵوێستی هەبووە . ئەوەتا صەحیحی بوخاریی کە جگە لە دووبارەبووەکان بریتی‌یە لە دوو هەزار فەرموودە ، کە لە سێ‌صەد هەزار فەرموودە کۆکراوەتەوە و ، صەحیحی موسلیمییش بە هەمان شێوە . هەروەها موسنەدی ئیمام ئەحمەدیش ـ هەرچەندە فەرموودەی لاوازی تێدایە ـ لە زیاتر لە حەوت‌صەد و پەنجا هەزار فەرموودە کۆی کردۆتەوە ..

ئەوەی کە پێویستە هەمیشە لە یادمان بێت ئەوەیە کە زانایان هەر هەموویان لەسەر رەوشت بەرزیی و کامڵیی شافیعیی یەکدەنگن بە رادەیەک کە هیچ کەس لە هیچ بوارێک‌دا گلەیی لێ نەبێت .[138]

حەرمەلەی کوڕی یەحیا لە شافیعی‌یەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویە : « هەرگیز درۆم نەکردووە و ، هەرگیز سوێندیشم ، چ بە راست و چ بە درۆ ، بە خوا نەخواردووە » .[139]

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبوحاتەمیش لە ئەبوموحەممەدەوە لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویە : (محمد بن إدريس فقيه البدن، صدوق اللسان) .[140] واتە : لە هەموو کردار و گوفتارێکی‌دا خوای لە یادە و لە سنووری حوکم و فەرمانەکانی دەرناچێت .

ئەبوزەرعەش ، کە یەکێکە لە کەڵە زانایانی فەرموودە و ، صەد هەزار فەرموودەی لەبەر بووە و ، لە ساڵی ٢٦٤ ی کۆچیی لە رەی کۆچی دوایی کردووە ، وتوویە : شافیعیی فەرموودەیەکی هەڵەی بە لاوە نیە .[141]

ئەبوداوودیش ئەڵێت : پێ‌نازانم شافیعیی فەرموودەیەکی هەڵەی بە لاوە بێ .[142]

---

[137] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٥١) .
[138] وفيات الأعيان (١ : ٥٦٦) .
[139] توالي التأسيس (٦٧) .
[140] آداب الشافعي ومناقبه (٨٩) .
[141] الوافي للصفدي (٢ : ١٧٣) .
[142] شذرات الذهب (٢ : ٩) .

ئەبوحاتەمی رازییش ئیمام شافیعیی بە (صدوق) دەزانێ .

ئیمام ئەحمەدیش ئەوەندە متمانەی بە ئیمام شافیعیی دەبێت بێپەروا فـەرموودەی لێ دەگێڕێتەوە .

پێشەوایانی فەرموودە بە وردیـی لـەوە کۆڵیونەتـەوە کـە داخـۆ صـەحیحترین سـەنەدی فەرموودە کامە بێت ؟

لە بوخاری‌یەوە دەگێڕنەوە وتوویە : صەحیحترینی هەموو سەنەدەکان : لە مـالیکەوە ، لە نافیع ەوە ،[١٤٣] لە ئیبن عومەرەوە . دوای بوخارییش کەسانی تر هاتوون و دەریان بڕیـوە کە : پێویستە شافیعییش بخرێتە سەر ئەم زنجیرەیە لەبەر ئەوەی کە زانایان رایـان لەسـەر ئەوەیە کە شافیعیی مەزنترین کەسێکە فەرموودەی لە مالیکەوە وەرگرتبێ . بەمە دەوترێ : شافیعیی ، لە مالیک ەوە ، لە نافیع ەوە ، لە ئیبن عومەرەوە .. لـە چەرخـەکانی دواوەش دا زانایان رایان لەسەر ئەوە بووە کە چاکترین ریوایـەتیش ریوایـەتی ئیمام ئەحمـەدە، لـە شافیعیی‌یەوە ، لە مالیک ەوە ، لە نافیعەوە ، لە ئیبن عومەرەوە .[١٤٤]

هەموو زانـایـان رایـان لەسـەر ئەوەیە کە ئیمام شـافیعیی یەکەم کەسێکە کـە زانسـتی (أصول الفقه) ی داناوە ، بەڵام کەمێک بەوە دەزانـن کـە یەکـەم کەسیشـە لـە دانـانی زانستی (أصول الحدیث) دا ، کە زانایانی ئەم دواوە ناویان ناوە (مصطلح الحدیث).

ئیمام شافیعیی لەم زانستەدا چەندین (اصطلاح) ی داناوە کە هیـچ کەسێک پێشـی نەکەوتووە . وەک ئەفەرموێ : (إذا إتصل الحدیث عن رسول الله ﷺ وصح الإسـناد بە، فهو سنة) .[١٤٥]

هەروەها فەرموویە : (لیس الشاذ ـ من الحدیث ـ أن یروي الثقة حدیثاً لم یروه غـیره، إنما الشاذ من الحدیث : أن یروي الثقات حدیثاً ، فیشذ عنهم واحد فیخالفهم).[١٤٦]

هەروەها فەرموویە : (إذا قرأ علیك المحدث ، فقل : حدثنـا ، وإذا قـرأت علـی المحدث ، فقل : أخبرنا) .[١٤٧]

---

[١٤٣] نافیعی مەدەنیی یەکێکە لە ئیمامانی تابیعینی مەدینە . لە بنەڕەتدا دەیلەمی‌یە و بە منداڵیی وەک بەندە کەوتـە دەست ئیبن عومەر . ساڵی (١١٧) ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە .

[١٤٤] توالي التأسیس (٢١) .

[١٤٥] آداب الشافعي ومناقبه (٢٣٢) .

[١٤٦] آداب الشافعي (٣٢٣) .

[١٤٧] آداب الشافعي (٩٩) .

هەروەها فەرموویە : (ولیس المنقطع بشيء ما عدا منقطع ابن المسيّب) .[١٤٨]

هەتا لە جەرح و تەعدیلدا مەردانە حەق دەڵێت و ، بێباکە خەڵک پێی خۆشە یان نەء.

تەنها ڕەزامەندیی خوای مەبەستە .. ئەحمەدی کوڕی سورەیج ئـەڵێت : گوێـم لـە شـافیعیی بوو دەیفەرموو : « ئەڵێن : لایـەنگیریی دەکـات . ئەگـەر لایـەنگیرییمان بکردایـە ، ئـەوا لایەنگیریی زوهەرییمان دەکرد . فەرموودەی مورسـەلی زوهەرییش هیچی تیا بەسـەر نیـە، چونکە دەیبینیین لە سولەیمانی کوڕی ئەرقەمەوە ریوایەت دەکات » .[١٤٩]

ئیبن عەبدولحەکەم ئەگێڕێتەوە : گوێم لە شـافیعیی بـوو ، کـاتێک کـە نـاوی حـەرامی کوڕی عوثمانیان لەلادا برد ، فەرمووی : (الحديث عن حرام بن عثمان حرام) .[١٥٠]

هەروەها ئیبن عـەبدولحەکەم ئەگێڕێتەوە : شـافیعیی فەرموویـە : کتێبـەکانی واقیدیـی درۆن) .[١٥١]

هەروەها لێی دەگێڕنەوە کە وتوویە : شافیعیی فەرموویە : (ریوایەتی بەشـیری کـوڕی نوهەیک ناچەسپێ).[١٥٢]

ئیمام شافیعیی بۆ تێگەیشتنی سوننەت زۆر لێهاتوو بووە . نازیزان دەزانـن کـە سـوننەت دوو بەشە : ریوایەت و دیرایەت : ریوایەت : زانسـتێکە فـەرموودە و کرداری پێغەمبـەرﷺ ، لەگـەڵ گێڕانـەوە و ڕێـک و پێـک کردنـی (لفــظ) ی فەرموودەکـە دەگرێتـەوە. دیرایـەش : زانستێکە بریتییە لە حەقیقەت و مەرج و جۆر و ئەحکامی ریوایەت و .... هتد .

جا ئیمام شافیعیی لە زانسـتی ریوایـەتدا زۆر چاک شـارەزا بـووە . بـەڵام لـە زانسـتی دیرایەتدا لە سەردەمی خۆیدا کەسێ نەیتوانیوە شان لە شانی بدات و ، لـە تێگەیشتنی

---

[١٤٨] آداب الشافعي (٢٣٢) مەبەسـتی لەو فەرموودەیە کە کەسێک هاوەڵ نەبێت و بڵێـت : پێغەمبـەر ﷺ فەرموویـە: ئیمام شافیعیی لەو جۆرە فەرموودانە تەنها فەرموودەی سـەعیدی کوڕی موسـەییبی قبووڵـە ، چونکـە ئـەو عەدلـە و لـە عەدلیشەوە ریوایەت دەکات ..

[١٤٩] آداب الشافعي (٨٢) . زوهەریی : ناوی موحەممەدی کوڕی موسـلیمی کوڕی شەهابە ، لە نەوەی زوهـەرە . یەکـەم کەسـە کە کتێبی فەرموودەی داناوە و ، یەکێکە لـەو کەڵـە زانایانـەی کـە فـەرموودەیان لەبـەربوون . تابیعییـە و سـاڵی (١٢٤) ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە . سولەیمانی کـوڕی ئەرقـەمیش ئـەبوموعاذی بەصرییـە ، کـە زانایـان لەسـەر لاوازیی ئەو یەکدەنگن ..

[١٥٠] آداب الشافعي (٢١٨) . حەرام کوڕی عوثمان ئەنصاریی مەدەنییە . مالیک و یەحیا فەرموویانە : (ثقة) نیـە . ئیبن حەببان وتوویە : لە شیعەگەریی‌دا ڕۆچووە و ، سەنەدەکان ئاوەژوور دەکات .. .

[١٥١] آداب الشافعي (٢٢٠) . ذەهەبییش وتوویە : (وقد استقر الإجماع على وهنه) .

[١٥٢] آداب الشافعي (٢٢٠) . ئـەو بەشـیرە تابیعییـە و ، یەکێکـە لەوانـەی کـە لـە ئـەبوهورەیرەوە ریوایـەت دەکـات . ئەبوحاتەم حەدیثی ئەوی بە (حجة) وەرنەگرتووە . بە لای ئەحمەد و نەسـائیی و عیجلییەوە (ثقة) یە .

دەقـەکانی سـوننەت و دەرهێنـانی مانـای ورد و قـوول و ، دەرهێنـــانی حوکـمدا یەکجـار لێهاتوو بووە . زۆر جـار رێـی لـە مانـا و وردەکـاریی وەهـا دەکـەوت کـە کەڵـە زانایـان و فەرموودەناسان رێیان لێ نەدەکەوت ..

لە پێشەوە باس کرا کە چۆن سوفیانی کوڕی عویەینـەی مامۆستای دڵـی بـە شـافیعیی خۆش بـوو و متمانـەی بـە زانستی ئـەو دەکـرد .. ئـەوە بـوو بـە جوانیـی فیقـهی ئـەو فەرموودەیەی بۆ باس کرد کە پێغەمبەر ﷺ صەفیەی هاوسـەری ـ خـوا لێـی رازیـی بـێ ـ لەگەڵدا بوو و تووشی پیاوێکی ئەنصاریی بوون و ، سوفیانیش زۆری پێ خۆش بوو .

نەک هەر سوفیانی کوڕی عویەینە بەڵکو هەموو زانایـان ئاگـاداری لێهـاتوویی ئیمـام شافیعیی بوون ، ئەوەتا هیلالی کوڕی عەلاء ئەڵێت : « رحم الله الشافعي ، هـــو الـــذي فتح لأصحاب الحديث الأقفال » .[153]

ئەمەش بەو بۆنەوە بوو کە پشتی بە فەرموودە دەبەست . موزەنیـی ئـەڵێت : شـافیعیی فەرموویە : « ئەگەر سوننەتێکی صەحیحتان دەست کـەوت شـوێنی بکـەون و ئـاوڕ بـە لای وتەی هیچ کەسەوە نەدەنەوە » .[154] تا لە ئەنجامدا نازناوی (ناصر السنة) ی لێ نرا .

عەبدولمەلیکی کوڕی عەبدولحەمیدی کوڕی مەهران[155] ئەڵێت : ئەحمـەدی کـوڕی حەنبـەل پێمـی فـەرموو : « ئـەوە بـۆچ تەماشـای کتێبـەکانی شـافیعیی ناکـەیت ؟! لەوکاتـەوە کتێـب نووسراوە هیچ کەس کتێبی نەنووسیوە لە شافیعیی زیاتر شوێنکەوتەی سوننەت بێت ».[156]

هەروەها ئیمام ئەحمەد فەرموویە : « ئەگەر شافیعیی صەحیحیی فەرموودەیەکی لـەلا بسەلمایە ، کاری پێ دەکرد » .[157] هەروەها فەرموویە : « چاکترین کاری شـافیعیی ئـەوە بوو کە ئەگەر فەرموودەیەکی ببیستایە و لـەلای نەبوایـە ، کـاری پـێ دەکـرد و ، وازی لـە وتەکەی خۆی دەهێنا » .[158]

---

[153] تهذيب الأسماء واللغات (١: ٦٤) .

[154] توالي التأسيس (٦٣) .

[155] حافیظ و فەقیهـ بووە . هاوەڵی ئیمام ئەحمەد بووە . لە ئیسحاقی ئەزرەق و رۆحی کوڕی عوبادە و خەڵکی تریشـەوە فەرموودەی ریوایەت کردووە ، نەسسائییش فەرموودەی لێ وەرگرتووە و بە (ثقة)ی دانـاوە . سـاڵی (٢٧٤) ی کۆچیـی کۆچی دوایی کردووە .

[156] آداب الشافعي (٦١) ، توالي التأسيس (٥٧) .

[157] توالي التأسيس (٦٣) .

[158] توالي التأسيس (٦٣) .

تیرمیذییش ئەڵێت : گوێم لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بوو کە دەی فەرموو : (رحم الله الشافعي ، لقد كان يذب عن الآثار) .[١٥٩] واتە : بەرگریی لە فەرموودە دەکرد ..

عەبدورڕەحمانی کوڕی مەهدییش ـ کە ئیمام شافیعیی کتێبی (الرسالة) ی بۆ نووسیی ـ ئەڵێت : « سوفیانی ثەوریی مرد و وەرەعیش لەگەڵیا مرد .. شافیعییش مرد و سوننەتەکانیش لەگەڵیا مردن .. ئەحمەدیش دەمرێ و بیدعەتەکانیش سەر دەردەهێنن »[١٦٠]..

حەولەرەی کوڕی موحەممەدی مینقەرییش وتوویە : بە دوو شت دەردەکەوێ کەسێک شوێن سوننەت کەوتبێ : بە خۆشویستنی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ، نووسینەوەی کتێبەکانی شافیعیی .[١٦١]

ئیمام شافیعیی خۆیشی فەرمایشتی زۆری هەن تیایانا دەری دەبڕێ کە پێویستە بڕیار بڕیاری سوننەتی پێغەمبەری خوا بێت و ، کە سوننەت هاتە بەرەوە هەموو حوکم و بڕیارێک دەدرێتە دواوە ، چونکە هیچ کەس ناتوانێ سوننەت هەر هەمووی کۆ بکاتەوە و ، هیچ کەسیش لە تێگەیشتنی سوننەتدا بێ هەڵە و بێکەم و کوڕیی نیە ..

ئەوەتا رەبیع دەگێڕێتەوە کە شافیعیی فەرموویە :

« کەس نیە سوننەتێکی پێغەمبەری خوای ﷺ لەدەست دەرنەچێ و ، لێی پەنهان نەبێ. جا من هەرچیم وت و ، هەر (أصل) ێکم دانا و ، لە پێغەمبەری خواوە فەرمایشتێک هاتبوو پێچەوانەی وتەکەی من ، ئەوا فەرمایشت فەرمایشتی پێغەمبەری خوایە ﷺ و ، ئەوە قسەی منیشە » . ئەم وتەیەی هەر دووبارە دەکردەوە ..[١٦٢]

هەروەها ـ وەک ئەبولـەور دەیگێڕێتەوە ـ فەرموویە : « هەر فەرمایشتێک لە پێغەمبەرەوە ﷺ بێت ، ئەوە وتەی منیشە ، ئەگەر چیی لێمەوە نەشتان بیستبێ » .[١٦٣]

هەروەها ـ وەک کەرابیسیی دەیگێڕێتەوە ـ فەرموویە : « ئەگەر بەڵگەیەکتان بەرچاو کەوت لە رێدا فڕێ درا بوو ، ئەوە بە زمانی منەوە بیگێڕنەوە ، من وتوومە ».[١٦٤]

---

[١٥٩] توالي التأسيس (٥٧) .

[١٦٠] طبقات الشافعية (٢ : ٢٩) .

[١٦١] الانتقاء (٨٩) .

[١٦٢] معجم الأدباء (١٧ : ٣١١) .

[١٦٣] آداب الشافعي (٩٤).

[١٦٤] آداب الشافعي (٩٤) .

ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیش ئەفەرموێ : شـافیعیی پێمـانی فـەرموو : « ئێـوە لـە مـن زاناترن بە فەرموودەش و بـە پیـاوان .. ئەگـەر فەرموودەیـەک صـەحیح بـوو ، ئەگـەرچیی کووفیی ، یان بەصریی ، یان شامیی بێت ، ئاگادارم کەن ، ئەگەر صـەحیح بـوو ، بـا خۆم بگەیەنمە لای » .[165]

هەروەها ـ وەک رەبیع دەیگێڕێتەوە ـ فەرموویە : « ئەگەر لە کتێبی مـندا پێچەوانـەی سوننەتی پێغەمبەری خواتان ﷺ ، ئەوا شوێن ئەو سوننەتە بکەون و ، واز لـە وتەکـەی مـن بهێنن » .[166]

دیسـان رەبیـع ئـەڵێت : هـەروەها گوێـم لێـی بـوو دەیفـەرموو : « هـــەر کـاتێک لـە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرموودەیەکی صەحیحم گێڕایەوە و ، شوێنی نەکـەوتم ، ئـەوا بـە شاهێدتان دەگرم کە من عەقڵم لە دەست داوە » .[167]

هەروەها ـ وەک رەبیع دەی گێڕێتـەوە ـ فەرموویـە : « هـەر مەسـئەلەیەک باسـم لێـوە کردبێ و ، بـە لای ئـەهلی فیقهیشـــەوە ، بـە پێچەوانـەی ئـەوەی کـە مـــن وتوومـــە ، فەرموودەیەک لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بە صەحیح دەرچوو ، ئەوا من لەو وتەیـە پاشـگەز بوومەتەوە ، ئیتر سا لە ژیانمدا بێت یان لە دوای مردنم بێت » .[168]

هەروەها دەگێڕنەوە کە فەرموویە : (إذا صحَّ الحديث فهو مذهبي) .[169]

هەروەها ـ وەک موزەنیی دەیگێڕێتەوە ـ فەرموویە : « ئەگەر سوننەتێکی صـەحیحتان دەستکەوت ، ئەوا شوێنی بکەون و ، ئاوڕ بەلای وتەی کەسەوە مەدەنەوە » .[170]

هەروەها فەرموویە : « ئەگەر فەرموودەیەک بە صەحیح دەرچوو ، وتەکەی من بکێشـن بە دیواردا » .[171]

بەم فەرمایشتانەی دەیەوێ موسڵمانان بە شاهێد بگرێ کە ئامادە نیە لە خۆیـەوە هیـچ شتێک بۆ دینی خوا زیاد بکات و ، بـا بـە بۆنـەی متمانـەی خەڵکـەوە بـە دیـن و وەرەع و خواناسییەکەی وا تێ نەگەن هەرچی ئەم نووسیی دەکرێتە بەشێک لە دینی خوا .. جا هەر

[165] آداب الشافعي (٩٤)

[166] توالي التأسيس (٦٣) .

[167] توالي التأسيس (٦٣) .

[168] توالي التأسيس (٦٣) .

[169] توالي التأسيس (٦٣) .

[170] توالي التأسيس (٦٣) .

[171] الوافي بالوفيات (٢ : ١٧٣) .

وتەیەکی بە قورئان و فەرموودە پشتگـیریی لیٚ نـەکرا ، ئـەوا بـا هـەموان بزانـن کـە لیٚـی پاشگەز بۆتەوە .

بوەیطیی لە شافیعیی‌یەوە دەگێڕێتەوە کە فەرمووبە :

« ئەم کتێبانەم داناوە و درێغییم نەکردووە ، بەلاّم هەر دەبیٚ هەڵەیان تێـدا بێـت ، چونکـە خوای گەورە دەفەرمویٚ : ﴿ وَلَوْ كَـانَ مِـنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلافًا كَثِـيرًا ﴾ (النساء : ٨٢) [١٧٢] جا لەم کتێبانەمدا هەر شتێکتان دیـی کـە پێچەوانـەی قورئـان و سـوننەت بوو، وا لیٚی پاشگەز بوومەوە » [١٧٣] .

کارێکٛ کە یەکجار شافیعیی تووڕە دەکـرد بریتیـی بـوو لـەوەی کـە زانایـەکٛ پشـت لـە سوننەت و بەڵگەی شەرعیی هەڵ بکات و ، بـۆ پشـتگـیریی وتەکـەی وتـە و رای زانایـان بێنێتەوە ، ئەگەرچیی لە کەڵـەزانایان و گـەورە موجتـەهیدان بێـت .. ئـەوە بـوو جارێکیـان لەگەڵ ئیسحاقی کوڕی راهویەدا وت و وێژ و بەرابەرکیٚ‌یان دەکرد .. کە گوێـی لـە ئیسـحاق گـرت ، لـە یـەکیٚ لـە ناسـراوانی پرسـیی : ئەمـە کیٚ‌یـە ؟ وتـی : ئەمـە ئیسـحاقی کـوڕی ئیبراهیمی کوڕی حەنظەلیی کوڕی راهویـەی خۆراسـانی‌یە . شـافیعیی فـەرمووی : « ئەمـە تۆی ئەهلی خۆراسان وای دادەنێن کە فەقیهیان بیـت ؟ » . ئیسـحاق وتـی : وای دادەنێـن . شافیعیی فەرمووی : « خۆزگە کەسێکی تر لەو جێگەتەدا بوایە ، تـا فـەرمانم بدایـە هـەر دووگویٚ‌یان لە بنا دەربهێنایە . من پێت دەڵێم : پێغەمبەری خـوا ﷺ فەرمووبـە ، تۆش ئەڵێی : عـەطاء و ، طاووس و ، مەنصوور و ، ئیـبراهیم و ، حەسـەن رایـان وەهـا نیـە ؟! ئایا کەس دەتوانیٚ بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا ﷺ بەڵگە بهێنێتەوە ؟! » [١٧٤] .

هەروەها بە گاڵتەیەکی جەرگ بڕەوە لەو کەسە تووڕە دەبوو کاتیٚ کـە ئـەم بەڵگەیـەکی لە سوننەت دەهێنایەوە و ئەویش دەی وت : ئایا کار بەو بەڵگەیە دەکەیت ؟.

زەعفەرانیی ئەڵێت : گوێم لە شافیعیی بوو ، بەوکەسەی کە لیٚـی دەپرسـیی : ئایـا کـار بـەم فـەرموودەیە دەکـەیت ؟ ، دەی فـەرموو : « بـۆچ وا دەزانـی مـن لـە پەرستگـای جوولەکـاندام ؟ وا دەزانـی لـە کلیسـای گـاوراندام ؟ وا دەزانـی جـل و بـەرگی کـافرانم

---

[١٧٢] ئەم ئایەتە پیرۆزە دەری دەبریٚ کە قورئانی پیرۆز ناتەواویی و کەم و کورتیـی تێـدا نیـە لەبـەر ئـەوەیـە فەرمایشتی خوای گەورەیە . واتە هەرچیی نووسراو هەیە دەبیٚ کەم و کورتیی و هەڵەی تێدا بیٚ ، چونکە نووسـراوی دەسـتی غـەیری خوایە .

[١٧٣] توالي التأسيس (٦٢) .

[١٧٤] معجم الأدباء (١٧ : ٢٩٥) .

لەبەردایە ؟ دەمبینی لە مزگەوتی موسڵمانان دام و ، جل و بـەرگی موسـڵمانانم لەبەردایـە و ، رووم لە قیبلەی ئەوانە و ، فەرموودەش لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕمــەوە ، دوای ئـەوەش بەگوێی نەکەم ؟ » .[175]

هەتا ئەوەندە وابەستەی سوننەت بوو ، کە سوننەتێکی دەکردە بەڵگە و پێـی بوترایـە : ئەوە بەگوێی دەکەی ؟ ، لەرزی لێ دەهات و رەنگی زەرد هەڵ دەگەڕا . لە رەبیعـی کـوڕی سولەیمانەوە دەگێڕنەوە وتوویە : لە کاتێکدا کە پیاوێک پرسیارێکی لە شافیعیی دەکـرد ، گوێـم لێـی بـوو کـە دەیفـەرموو : لـە پێغەمبـەرەوە ﷺ دەگێڕنــەوە کە وەهــا و وەهــای فەرمووە.. پرسیارکەرەکە پێی وت : ئەوە کار بەوە دەکەیت ؟ شـافیعیی لـەرزی لێهـات و ، رەنگی زەرد هەڵگەڕا و ، حاڵی گۆڕا و فەرمووی : « تیاچیت ! چ زەوییەک دەمگرێتـە خـۆ و ، چ ئاسمانێک لە ژێریدا جێم دەکاتەوە ئەگەر فەرموودەیەک لە پێغەمبــەری خـواوە ﷺ بگێڕمەوە و ، کاریشی پێ نەکەم ؟ بەڵێ ، بەسەر سەرو بە چاوان » .[176]

شـافیعیی کـە هـەندێکی دەدیـی بـە کوێرانـە شـوێن خـەڵکیی دەکـەون ، لـە هـەمان کـاتیشدا کە فەرموودەیەکی رێک و پێکی پێغەمبــەری خـوا ﷺ دەبینـن کـە هیـچ پێـچ و پەنایەکی تێدا نیە ، دەبنـە کۆسـپ و نـاهێڵن خـەڵک شـوێنی ئـەو سـوننەتە بکـەون ، زۆر بێتاقەت دەبوو .

جارێکیان لەو بارەوە فەرمووی : « بۆ هیچ کەس رەوا نیە لە بارەی دەست بەرزکردنـەوەی کاتی سەرەتای نوێـژ و ، لـە کـاتی رکـووع و ، لـە رکـووع سـەر بەرزکردنـەوەدا ، فـەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ ببیستێ ، کەچیی چاو لەو کردارەی پێغەمبەر ﷺ نەکات » .[177]

ئیمام شافیعیی هەر بە منداڵیی رای لەسـەر شـوێنکـەوتنی سـوننەت بـووە ، هـەر ئـەو کاتەی کە لە مەککەدا خەریکی دەرس خوێندن بوو .

موحەممــەدی کـوڕی عــەبدوڕڕەحمانی جەوهـــەریی دەگێڕێتـــەوە و ئـــەڵێت : لـــە خزمەتیسوفیانی کوڕی عویەینەدا بووم ، پێیان وت : گەنجێک هـاتووە ـ مەبەسـتیان لـە ئیمام شافیعیی بووە ـ ئەڵێت : « شوێن فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ بکـەون و ، واز لـە (رأي) بهێنن » . سوفیان وتی : خوا پاداشـتی ئـەو گەنجـە بـە چاکـە بداتـەوە .. پاشـان

---

[175] طبقات الشافعية (٢ : ١٣٨) .
[176] معجم الأدباء (١٧ : ٣١١) و صفة الصفوة (٢ : ١٤٥) .
[177] الطبقات الكبرى (٢: ١٠٠) .

وتی: خوای گەورە فەرموویە : ﴿ سَمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَهُ إِبْرَاهِيمُ ﴾ (الأنبياء : ٦٠) ، هەروەها فەرموویە : ﴿ إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ آمَنُوا بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَاهُمْ هُدًى ﴾ (الكهف : ١٣) [١٧٨].

هەر لەو بارەوە زانایان و پیاوچاکان چەندین خەویان بە پێغەمبەری خواوە ﷺ بینیوە کە پشتگیریی لە شافیعیی و را و بۆچوونەکانی کردووە ، کە بەرگریی لە سوننەت کردووە و دژی بیدعەتیش وەستاوە [١٧٩].

(٣) فیقهی شافیعیی :

ئەوە بوو پێش ئەوەی شافیعیی دەست بداتە بڵاوکردنەوەی زانستەکەی ، زانایان بوو بوونە دوو دەستە بۆ ئەوەی حوکمە شەرعی‌یەکان بە خەڵک بگەیەنن : دەستەیەکیان فیقهیان بەدەست هێنا بوو بەڵام فەرموودە بە لایانەوە لە پێش بوو ، وەک سوفیانی ثەوریی و ، کوڕی عویەینە و ، مالیک و ، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل . دەستەیەکیش شارەزای فەرموودە بوون بەڵام (رأي) واتە قیاس بە لایانەوە پێش دەخرا ، وەک نەخەعیی و ، حەمماد و ، ربيعة الرأي و ، ئەبوحەنیفە .

کە شافیعیی هاتە مەیدانەوە زانستی هەردوو لای وەرگرت .. لە فەرموودەش و لە قیاسیش تەواو شارەزا بوو .. پاشان دەستی دایە ئیجتیهاد و (اصول) ی فیقهی دانان .. یاسا و دەستوورەکانی دارشتن .. بەمە بووە خاوەنی قوتابخانەی سێهەم .. قوتابخانەیەک لە نێوان هەردوو قوتابخانەکەدا .

واتە بە جوانیی دەستی بە سوننەتەوە گرت و لە هەمان کاتیشدا ئەوەی کە راست و گونجاو بوو لە قیاسدا ئەویشی وەرگرت . بۆ ئەمە ئیمام ئەحمەد ئاماژەیەکی جوانی هەیە کە فەرموویە : (ما زلنا نلعن أهل الرأي ويلعنونا حتى جاء الشافعي فمزج بيننا) [١٨٠].

قاضیی عیاض ئەم فەرمایشتەی ئیمام ئەحمەد روون دەکاتەوە کە مەبەستی ئەوە بووە شافیعیی دەستی بە فەرموودەی صەحیحەوە گرتووە و پیشانیشی داون کە هەندێ لە قیاسیش پێویستە و حوکمی شەرعیی لێ دەردەهێنرێت .. واتە بە فەرموودە ناسانی گەیاند کە (رأي) راست (فرع) ی (اصول)ە و ، بە ئەهلی (رأي)شی گەیاند کە

---

[١٧٨] الانتقاء (٧١) .

[١٧٩] الوافي بالوفيات (٢ : ١٧٦) ، آداب الشافعي (٧٢) .

[١٨٠] ترتيب المدارك (١ : ٩٥) .

پێویسـتـه سـوننەتی صەحیح پێش هـەموو شتێک بخرێت ، ئەوسـا دوای (اصل) شـوێن (فرع) یش بکەون .[181]

زانایانی پێش شافیعیی به شێوەیەکی سادە هەندێ مەسئەلەی ئوصوولی فیقهیان بەکار دەهێنا ، بەڵام یاسایەکی گشتیـیان به دەستەوە نەبوو تا بۆ زانینـی شـەریعەت بگەڕێنـەوە سەری و بەکاری بهێنن . جا کە شافیعیی هاتـە مەیدانـەوە زانستی (اصـول)ی فیقـهی دەرهێنا و ، یاسایەکی گشتیی بۆ موسڵمانان نەخشە کێشا تـا بـۆ زانینـی پلـەکانی بەڵگـه شەرعی‌یەکان بگەڕێنەوە سەری .[182]

ئەوە بوو لە عیلمی أصول دا کتێبی (الرسالة) و (أحكام القرآن) و (إختـــلاف الحديث) و (إبطال الإستحسان) و (جماع العلم) و (القيـــاس) ی دانـــا و ،[183] هەرخۆیشـی یەکـەم کـەس بـوو کـە فـەرموودەی ناسخ و مـەنسـووخی جیـا کـردەوە ، وەک ئەسنەویی دەری بڕیوە .

دەبیس ئەڵێت : هاتمە لای حوسـەین ـ واتەکەرابیسـیی ـ و وتم : دەربـارەی شـافیعیی چیی ئەڵێیت ؟ وتی: چیی بڵێم لە بارەی پیاوێکەوە کە : قورئان و سوننەت و یـەک‌خسـتنی موسڵمانانی خستە سەر زمانی خەڵکیی ؟! نە ئێمە و نە پێشینانیش نەمان دەزانـی قورئـان و سوننەت چین ، هەتا شافیعیی هات و لەوەوە : قورئان و سوننەت و ئیجماعمان بیستن .[184]

موحەممەدی کوڕی موسلیم ی کوڕی وارە ئەڵێت : کاتێک لە میصرەوە هـاتم ، چـووم بۆ لای ئەبوعـەبدوڵلا ئەحمـەدی کـوڕی حەنبـەل تـا سـەلامی لێ بکـەم ، پێمـی فـەرموو : کتێبـەکانی شـافیعییت نووسـیونەتەوە ؟ وتم : نـەخێر . پێمـی فـەرموو : « دەی کەمتەرخەمییت کردووە ! تا نەچووینە خزمەتی شافیعیی نە عموم و خصووصمان دەزانـی و ، نە ناسیخ و مەنسوخی فەرموودەی پێغەمبەری خوامان ﷺ جیا دەکردنەوە » .[185]

جا لە پێشەوە باس کرا کە هۆی نووسینی کتێبی (الرسالة) لە ئوصـوولی فیقهـ دا ، نامەیەکی پێشەوای فەرموودەناسانی چەرخی خۆی ، عەبدوڕڕەحمانی کوڕی مەهدیی بـوو ، لە عێراقەوە ، کە بۆ شافیعیی ـ کە هێشتا گەنج بوو ـ نـارد ، کـە تیایـا داوای لێ کردبـوو

---

[181] ترتيب المدارك (١ : ٩٥) .
[182] مناقب الشافعي (٥٧) .
[183] مقدمة الرسالة (١٣) ، وفيات الأعيان (١ : ٥٦٦) .
[184] آداب الشافعي (٥٧) .
[185] معجم الأدباء (١٧ : ٣١٣) وانظر الحلية (٩ : ٩٧).

کتێبێـک لـە بـارەی مـەعانیی قورئـان و دەرخسـتنی ناسـیخ و مەنسـووخی قورئـان و سوننەتەوە دابنێ بۆی .[١٨٦] ئەویش (الرسالة) ی دانا و بە حـــاریثي کوڕی سورەیجی نەقڤالدا بۆی رەوانە کرد و ، هەر بەو بۆنەشەوە بوو کە نازناوی (نەقڤال) ی بەسەردا بڕا

ئەمە داوای پێشەوایەکی تاقانەی عیراقە لە شافیعیی کە هێشتا وا لە تـافی لاویـیدا .. کـاتێکیش کە کتێبەکە گـەیشتە دەست کوڕی مـەهدیی بەسـەر سوڕمـانەوە دەی وت : (لوکان اقل لنفهم ! لو كان اقل لنفهم) .[١٨٧] ئاوات دەخوازێ کتێبەکە کـورتتـر بوایـە تا چاکتر لێی تێ بگەیشتایە ! هەروەها دەیوت : « کاتێ کـە سـەرنجی (الرســالة)ی شافیعییم دا سەرسامی کـردم ، چونکـە دەبینـم فەرمایشـتی پیـاوێکی ژیـری زمانپـاراوی ئامۆژگارە.. بە راستیی هەردەم دوعای خێری بۆ دەکەم » .[١٨٨]

هەروەها دەی وت : « وا پێ نازانم کە خوا وەک ئەم پیاوەی بەدیی هێنا بێ » .[١٨٩]

نەک هەر کوڕی مەهدیی بە (الرسالة) سەرسام بووبێ ، بەڵکو زۆرێک لە کەڵەزانایان یەکجار سەرسام بوون و بە چاوی رێزەوە تەماشایان دەکرد ..

موزەنیی وتوویە : (الرسالة) م پێنج صەد جـار خوێندۆتـەوە و ، هـەموو جـارێکیش کەڵکی تازەم لێ وەرگتووە . لە ریوایەتێکی تریشدا وتوویە : پەنجا ساڵ دەبێت (الرسالة) دەخوێنمەوە و ، پێش نازانم جارێک خوێندبێتمەوە و کـەڵکی شـتێکم لێ وەرنـەگرتبێ کـە لەوە و پێش نەمزانی بێ .[١٩٠]

یـەحیـای کـوڕی سـەعیدی قەططــانیش ، کـە فەرموودەی زۆری لەبەر بووە و (ثقـة) و (حجة) بووە و لە ساڵی ١٩٨ دا کۆچی دوایی کردووە ، کاتێک کە کتێبی (الرسالة) ی پیشان دەدرێت ، ئەڵێت : لە شافیعیی ژیرتر یان فەقیهـ ترم نەدیوە .[١٩١]

لەو سەردەمەدا زۆربەی زانایان دەستیان دابـووە کۆکردنـەوە و لەبـەرکردنی فـەرموودە ، بێئەوەی توانای تێگەیشتنیان هەبێ لە مەبەستی فەرموودەکان ..

---

[١٨٦] تاريخ بغداد (٢: ٦٤) والمجموع (١: ١٦).
[١٨٧] طبقات الشافعية (٢ : ١١٢) .
[١٨٨] توالي التأسيس (٥٥) .
[١٨٩] مرآة الجنان (٢ : ١٨) .
[١٩٠] المجموع (١ : ١٦) .
[١٩١] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٥٩) .

عـەبدولمەلیکی مـەیموونیی ئەڵێت : ئەحمەدی کوڕی حەنبەل پێمی فـەرموو : جگـە لـە کتێبی شافیعیی سەیری کتێبی هیچ کەسێکی ترم نەکردووە کە کتێبی فیقهی نووسیی بـێ. هەروەها پێمی فەرموو : بۆچیی سەیری ئەو کتێبانە ناکەیت ؟ و باسی کتێبی (الرســالة) ی بۆ کردم و پێش هەموو کتێبەکانی خست ..

جا عـەبدولمەلیک دەری دەبڕێ کە ئەو شیاوی خوێندنەوەی ئـەو کتێبانـە نیـیە ، چونکـە هـەر خەریکی کۆکردنەوە و ریوایەت کردنی فەرموودەیە و ، توانای نیە لێیان تێ بگات ..[١٩٢]

ئەمـــەش ئـەو فەرموودەیـەی شـافیعییمان وە بـیر دێنێتـەوە کـە بـە ئیبـن مقلاصـــی فـەرمـوو : « ئەبو عـەلیی ! دەتەوێ فەرمووده لەبەر بکەیت و ببیتە فەقیهـ ؟ هەی هـات ، لەوەوە چەند دووری ؟! » .[١٩٣]

نەک هەر تەنها ئەبوعەلیی ، بەڵکو بەشێکی گەنجی خوێـنگـەرمی ئـەمڕۆ بـێ ئـەوەی شارەزایەکی ئەوتۆشیان لە زمانی عەرەبیی‌دا هەبێ ، دەیانەوێ خۆیان ببنە فەقیهـ و حوکم لە فەرموودەکان دەربهێنن ، بۆیە بە پێویستی نازانن گوێ لە ئیمامە موجتەهیدەکان بگـرن و ، هەندێکیشیان لە بارەی فیقهەوە کتێب دادەنێـن . هـەر ئـەوە نیـە فـەرمووده بـهێنن و بی‌کەنە بەڵگەی بۆچوونەکانیان ؟!

ئەمە لە لایەکەوە ، لە لایەکی ترەوە ئیمام شافیعیی و هەموو ئیمامێکی تریـش رازیـی نەبوون هیچ کەس بە کوێرانە شـوێنیان بکـەوێ ، چونکـە شـەریعەت ئـەوەی پـێ باشـە کـە هەموو کەسێ هەوڵ بدات بگاتە پلەی ئیجتیهاد تا هەموو کەسێک بە چاوساغی‌یەوە و بـە دەلیلی رێک و پێکـەوە قەناعـەت بـە حوکمـە شـەرعی‌یەکان بکـات . بـەڵام چـار چی‌یـە ؟ هەموو ئادەمی‌یەک خاوەنی ئەو زیرەکی‌یە نیە تا بتوانێ بگاتە پلەی ئیجتیهاد .. هـەروەها لەناو زیرەکانیش‌دا هـەموو کەسـێ توانـای نیـە لێ ببـڕێ بـۆ ئـەو باسـە و ، بـە کاروبـار و پێویستیی تری ژیانەوە پەشۆکاوە ، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە هـەندێک بـە لێهـاتنی چاکـەوە لێبڕێن و ، ببنە پسپۆڕی ئەو بابەتە و موسڵمانانیش دوای تاقیی‌کردنــەوە و پـەیدا کردنـی متمانە شوێن راکانیان بکەون ، هەروەک لە هەموو زانستێکدا کۆمەڵێک دەبنە پسـپۆڕ و چاوساغیی خەڵکەکە دەکەن .

کەواتە چار نیە و پێویستە هەندێک تەقلید بکەن ، چونکە لــە هـەموو کۆمەڵگایـەکدا بەشێکی زۆری خـەڵک توانـای گەیشـتن بـە پلـەی ئیجتیـهادی نیـە ، هـەتا لـە سـەردەمی

---

[١٩٢] آداب الشافعي .

[١٩٣] الإمام الشافعي (عبدالغني الدقر (٢٣١) .

هاوەڵان و تابیعیندا ، زۆربەی هاوەڵان و تابیعیانیش فەتوایان نەئەدا و ، گوێیان بۆ فەتوای ئەهلی عیلم دەگرت .

بەڵام ئەم تەقلیدکردنە مەرجێکی زۆر گرنگی لەگەڵدایە کە پێویستە ئەو موسڵمانە تەقلیدکەرە بە جەزم و بە یەقینیی عەقیدەی وەها بێ کە تەنها خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی بۆیان هەیە شەریعەت بڕیار بدەن و ، هیچ موجتەهیدێک ـ لە هەر پلەیەکدا بێت ـ نابێتە (حجـة) و دەگونجێ وتەی لێ وەربگیرێ و هەندێکیشی لێ بدرێتە دواوە .. ئیتر کاری موجتەهید ئەوەیە بەوپەڕی دەست پاکیی و ئەمانەتەوە دینی خوا بە خەڵک بگەیەنن و هەردەم ئەوەش بۆ خەڵک دووبارە بکەنەوە کە ئەوان بەندەیەکی پڕقسووری خوای گەورەن .

نا لێرەدا و لە وەرگرتنی ئەم مەرجەدا هەندێ گەنجی خوێنگەرم سەریان لێ دەشێوێ ، یان سەریان لێ دەشێوێنن و ، ئەڵێن : ئیمامەکان مەعصووم نین و هەڵەیان لە دەست دەردەچێ . بەمە خۆیان لە گوێڕایەڵیی ئیمامانی مەزهەبەکانی ئیسلام دادەماڵن و مەعصوومییەت دەکەنە خەڵاتی ئەو کەسەی کە ئەمڕۆ بە گوێی دەکەن ، یان دوو سێ لاپەڕە فیقهی کۆ کردۆتەوە ..

کورتەکەی ئیمامەکان هەر هەموویان ، بە تایبەت چوار ئیمامی خاوەنی چوار مەزهەبەکە ، بە توندیی دژی تەقلید کردنن ، بۆ ئەوەی هەموو کەسێ بە پێی تێگەیشتنی خۆی لە بەڵگەکان شارەزا ببێ ، تا دڵی لە متمانە پڕ بێت .. هەتا نزیک ترین قوتابیی ئەو ئیمامانە جاری وا بووە ـ چ لە ژیانی مامۆستاکەیاندا و چ لە دوای مردنیشیان ـ رای پێچەوانەیان دەربڕیوە و فەتوای پێچەوانەیان داوە ، بە بۆنەی ئەوەوە کە بڕوایان وەها بووە خوای گەورە فەرمانی نەداوە بەندەکان هیچ بەندەیەکی تر بپەرستن .. بەڵکو تەنها فەرمایشت لە خوا وەردەگیرێ و پاشانیش لە پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئیتر لەوان بەو لاوە ، موسڵمان بۆی هەیە لە هەموو کەسێ حوکم وەربگرێ و دەشتوانێ بیداتە دواوە ..

(٤) بەرابەرکێ :

ئەو سەردەمە وەها باو بووە کە زانایان کۆڕ ببەستن و ، هەرکەسە بەڵگەی خۆی بخاتە روو تا دەربکەوێ کێ زیاتر لە حەق گەیشتووە ، بەمە کەڵەزانایان دەردەکەوتن و بە زانستی فراوانیان موسڵمانانیان لە ئیسلام شارەزا دەکرد ..

لەسەردەمی ئیمام شافیعیی‌دا تاقە کەسێک نەبووە ئەوەندەی ئیمــام شـافیعیی توانـای ەرابەرکێی هەبێ ، لەبەر ئەوەی کە خاوەنی زیرەکیی بێ‌وێنە و، وەڵامی خێرا و، بەڵگـەی ئامادەبوو و، کەم وکورتیی بەڵگەی بەرامبەری خێرا دەدۆزی‌یەوە و، روونکردنـەوەی وەهـا بەهێز بوو کەس توانای بەرهەڵستیی نەبوو و ، خاوەنی سامانێکی فراوانی وتـە و دارشـتن بوو و ، لە کاتی وت و وێژدا دامەزراو بوو و ، چاویشی دەبڕیە بەرامبەرەکەی ..

هـاروونی کـوڕی سـەعید باسـی توانـای بێ‌وێنـەی شـافیعیی دەکـات لـە وت و وێـژدا و ەڵێت: ئەگەر شافیعیی بەرابەرکێ لەسەر ئەوە بکات کە ئەم کۆڵەکەیە کە لە بەرد دروست کراوە لە دار دروست کراوە ، ئەوا بە بۆنەی توانا و لێ‌هاتنیەوە سەردەکەوێ .[١٩٤]

لێ‌هاتنی شافیعیی بە رادەیەک بووە خەڵکیی بەزەیی‌یان بە بەرامبەرەکەی‌دا هاتۆتـەوە. موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەبدولحەکـەم وتوویـە : « هەرکەسـم دیی‌بێ لەگـەڵ شافیعیی‌دا بەرابەرکێی کردبێ بەزەییم پیای‌دا هاتۆتەوە . خۆ ئەگەر چاوم لێ‌بوایە شافیعیی بەرابـەرکێت لەگـەڵدا بکـات وام دەزانـی شـێرێکە و دەتخـوا . هـەر ئـەویش بەڵگـــەکانی بیشانی خەڵکیی دا ».[١٩٥]

رەبیعیش بە موزەنیی ئەڵێ : « ئەگەر شافیعیی بەرابـەرکێ لەگـەڵ شـەیتاندا بکـا لێمی دەباتەوە و دەی‌دا بە زەوویی‌دا » .[١٩٦]

هەتا لەگەڵ کەڵەزانایانیش هەر هەمان توانای هەبووە .

کاتێک کە شافیعیی هاتە بەغداد ، مامۆستای قوتابخانەی (الــرأي) موحەممـەدی کوڕی حەسەن بوو کە هاوەڵی ئیمام ئەبوحەنیفە بوو و ، مامۆستای شــافیعیی خـۆی بـوو .. هەرکاتێک موحەممەد بڕۆیشتایە شافیعیی لەگـەڵ قوتابیـیـەکانی‌دا موناقەشـەی دەکـرد .. جارێکیان ویستی لەگەڵ شافیعیی‌دا بەرابەرکێ بکات ، بەڵام شافیعیی رێـزی لێ دەگـرت و حەزی نەدەکرد . بەڵام موحەممەدی کوڕی حەسەن کۆڵـی نـەدا و بـە زۆر شـافیعیی ناچـاری بەرابەرکێ کرد . کە وت و وێژ گەرم بوو ناڕەحەتیی و شڵەژاویی روویان لە موحەممەد کـرد بە رادەیەک کە هەموو گیـانی ئاوسـا و قۆپچـەکانی یـەک لـە دوای یـەک دەپچـڕان ، وەک شافیعیی خۆی دەی‌گێڕێتەوە .[١٩٧]

---

[١٩٤] توالي التأسيس (٥٩) .

[١٩٥] الوافي بالوفيات (٢ : ١٧٣) وتوالي التأسيس (٦٠) .

[١٩٦] الوافي بالوفيات (٢ : ١٥) .

[١٩٧] آداب الشافعي (١٦٠) .

لەگەڵ ئەم هەمووە توانایەدا شافیعیی زۆر بەحیلم بووە و ، لە کاتی وت و وێژدا دەنگی بەرز نەکردۆتەوە ، چونکە تەواو متمانەی بە خۆی بووە و ، بەڵگەکانی نەدەدرانـە دواوە.[198]

هەتا ئەوەندە بەحیلم بووە ئەگـەر قوتابیان و کـەمتەمەنـەکان نـەزانگۆییـیان کردبـێ لێـی نەگرتوون . رۆژێکیان شافیعیی لە ئەڵقەی دەرس وتنەوەکەیدا دادەنیشێ و ، منالێکی کەم تەمەنیش دێت و پرسیارێکی لێدەکات . شافیعییش وەڵامـی دەداتـەوە . پاشـان پرسـیاری تـری لێ دەکـات و دوای وەڵام دانـەوە ئـەڵێت : هەڵـەت کـرد . شـافیعیی بـە منالەکـە ئەفەرموێ : « کوڕی برام ! لە چاو ئەوەدا کە لە کتێبەکەت نووسراوە هەڵەم کردووە ، بەڵام لە چاو حەقدا نەء ».[199]

جا ئیمام شافیعیی لەم بەرابەرکێیەدا مەبەستی ئـەوە نـەبوو بەرامبەرەکـەی ببـەزێنێ ، بەڵکو دەیویست هیدایەتی بدات و حەقی پێ بناسێنێ ..

حوسـەینی کـوڕی عـەلیی کەرابیسیی ئەڵێت : لە شافیعییم بیستووە کە دەیفـەرمـوو : « لەگەڵ هەرکەسێکدا بەرابەرکێم کردبێ پێم خۆش بووە سەرکەوتوو بێ ، یـان ڕێـی ڕاست بگرێتە بەر ، یان یارمەتیی بدرێت و ، لەلایـەن خـواوە پارێزگـاریی و چـاودێریی بکرێـت . هەروەها لەگەڵ هەرکەسێکدا بەرابەرکێم کردبێ باکم نەبووە لەوەی کە خـوا حـەقی لەسـەر زمانی من یان زمانی ئەو کەسە دەرخستبێ » .[200]

ئەحمەدی کوڕی خـالیـدی خەللالیش ئـەڵێت : لە شـافیعییم بیستووە کە دەیفـەرموو : « لـەگـەڵ هیـچ کەسێکدا بـەرابەرکێم نەکـردووە و پێـم خـۆش بووبـێ ڕاکـانی بـە هەڵـە دەرچـن » .[201] هـەروەها دەیفـەرموو : « بـۆ بردنـەوە لـەگەڵ هیـچ کەسـێکدا بەرابـەرکێم نەکردووە » .[202] بەڵکو بۆ ئامۆژگاریی و تێگەیاندن . ئەفەرموێ : « بۆ ئامۆژگاریی نـەبێت هەرگیز لەگەڵ هیچ کەسێکدا بەرابـەرکێم نـەکردووە »[203] بەمـەش مەبەسـتی هیدایـەت و ڕێپیشاندان بووە بە ئیخلاصەوە ..

---

[198] تهذيب الأسماء واللغات (٦٦) .
[199] توالي التأسيس (٦٤) .
[200] توالي التأسيس (٦٥) .
[201] توالي التأسيس (٦٥) .
[202] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٦) .
[203] توالي التأسيس (٦٥) .

ئەی داخۆ شافیعیی بە چ چاوێکەوە سەیری بەرامبـەرەکانی کردبـێ ؟ رێـز و پایـەدانانی شافیعیی بۆ بەرامبەرەکەی بۆ زۆریـی زانسـت و ، دەنگـی بـەرز و ، لێهاتنیـەوە نـەبووە بەڵکو ئەو کەسە ویژدانی چەندە بووبێ بۆ وەرگرتنـی حـەق.. تـا چ رادەیـەک نەفسـی خـۆی مل کەچ کردبێ بۆ وەرگرتنی بەڵگە و دەلیـل . ئـەوەبوو ئەیفـەرموو : « بەڵگـەم خستبێتە پێش چـاوی هەرکـەس و وەریگرتبـێ ، لـە بـەر چاومدا مـەزن بـووە و ، هـەر کەسـیش بەڵگەکەمی دابێتە دواوە لەبەر چاوم کەوتووە » .[204]

ئێستەش وا چاکە چەند نموونەیـەک لـە بەرابـەرکێکانی شـافیعیی بخەینـە بەردەسـتی نازیزان ، بەلاّم لە شوێنێکی ئاوەها بچووکدا ماوەی خستنەڕووی هەموو وت و وێژەکـانی نابێت ، بەڵکو دەتوانن سەرنجی نووسراوەکانی بگرن بە تایبەت (الرسالة) و (اختـلاف الحديث) و (الأم) کە پڕن لەو بابەتانە

یـەکێ لـەو بەرابەرکێیانـە ئەوەیـە کـە دەگێڕنـەوە جارێکیـان ئیمـام ئەحمـەد و ئیمـام شافیعیی لەسەر وازهێنان لە نوێژ دەکەونە بەرابەرکێ . شافیعیی ئەفەرموێ :

ئەحمەد ! ئایا ئەڵێی : کافر دەبێت ؟

ئەحمەد ئەفەرموێ : بەڵێ .

شافیعیی ئەفەرموێ : ئەگەر کابرا کافر بێت بە چیی موسڵمان دەبێت ؟

ئەحمەد ئەفەرموێ : بڵێ : لا إله إلا الله محمد رسول الله

شافیعیی ئەفەرموێ : دەی کابرا لەسەر ئەم وتەیە بەردەوامە و وازی لێناهێنێ

ئەحمەد ئەفەرموێ : نوێژ بکات ئەوسا موسڵمان دەبێ

شافیعیی ئەفەرموێ : نوێژی کافر دروست نیە ، بە نوێژ کردنیش حوکمی موسڵمان بوون نادرێت .

بەمە ئیمام ئەحمەد کۆڵی دا و بێدەنگ بوو .[205]

هەروەها لەگەڵ موحەممەدی کوڕی حەسەندا بەرابەرکێی زۆری هەن ، کە یـەکێ لەوانـە ئـەم بەرابەرکێیـە کـە عـەبدوڵلای کـوڕی زوبـەیری کـوڕی عیسـای قورەیشـیی حومـەیدیی دەیگێڕێتەوە ، ئەڵێت : شافیعیی فەرموویە

---

[204] توالي التأسيس (٦٤) .

[205] طبقات الشافعية (٢ : ٦١) .

کتێبەکانی موحەممەدی کوڕی حەسەنم نووسینەوە و شارەزای وتەکانیان بووم ، کە ئـەو هـەڵ دەستا و دەڕۆیشت لەگـەڵ قوتابیـیـەکانیدا بەرابـەرکێمان دەکـــرد . ڕۆژێکیـــان بـە تووڕەییەوە پێمی وت : پێم گەیشتووە کـە تـۆ پێچەوانـەی ئێمـە دەجووڵێیتـەوە . منیـش وتم: ئەوە بۆ وت و وێژ و بەرابەرکێیە . وتی : شتێ ترم پێگەیشـتووە . وەرە لەگـەڵ مـندا بەرابـەرکێ بکـە . وتم : بـە مـەزنت دەزانم و لـە بەرابـەرکێش بـەرزترت دەزانم . وتــی : هەردەبێ بیکەیت . کە کۆڵینەدا وتم : دەی وەرە . وتی : لە بارەی پیاوێکـەوە رات چییـە کە تەختەساجێکی پیاوێکی تری داگیر کردبێ و بینایەکی لەسەر دروست کردبێ کـە هـەزار دیناری تێچووبێ و ، پاشان خاوەن ساجەکە هاتبێ و ، بە دوو شاهێدی عەدل سەلماندبێتی کە ئەم ساجەی لێ داگیر کردووە و ، ئەم بینایەی لەســەر دروست کـردووە ، چـۆن حوکمـی ئەوە دەدەی ؟

وتم : بە خاوەنی ساجەکە ئەڵێم : بۆت هەیە نرخی سـاجەکە وەربگریـت ، ئەگـەر رازیـی بوو ، حوکمی ئەوەی بـۆ دەردەکـەم کـە نرخەکـەی بدرێتـێ ، ئەگـەر رازییـش نـەبوو و هـەر ساجەکەی خۆی ویست ئەوا بیناکە دەڕووخێنم و ساجەکەی بۆ دەگێڕمەوە .

دوای ئـەوە لێمـی پرسـیی : لـە بـارەی پیاوێکـەوە رات چییـــە کــە تاڵــە دەزوویـــەکی ئاوریشمی لە پیاوێکی تر داگیر کردبێ و سکی خۆی پێ دووریبێتەوە . پاشان خاوەنی تاڵـە دەزووەکە هاتبێ و بە دوو شاهێدی عەدل سەلماندبێتی کە : ئەم پیـاوە ئـەم تاڵـە دەزووەی لـەو داگـیر کـردووە و ، سـکی خـۆی پـێ دووریوەتـەوە . ئایـا تاڵـە دەزووەکـە لـە سـکی دەکەیتەوە ؟

وتم : نەخێر .

موحەممەد وتی : الله أکبر ، وازت لە وتەی خۆت هێنا . هاوەڵانیشی وتیان : وازت لە وتەی خۆت هێنا . (واتە : بۆ ساجەکە رایەکت هەبوو و ، بۆ تاڵە دەزووەکەش رایەکێ) .

وتم : پەلە مەکەن . هەواڵم بدەنێ ، ئەگەر ئەو پیاوە ساجەکەی لـە هیـچ کەسـێ داگـیر نەکردایە و حەڵاڵی خۆی بوایە و بیویستایە ئەو بینایـە بڕووخێنـێ و سـاجەکە دەربـهێنـێ و بینایەکیتر دروست بکات ، ئایا ئەوە موباحە بۆی ، یان حەرامە بۆی ؟

وتیان : بۆی موباحە .

وتم : ئەی ئەگەر دەزووەکە دەزووی خۆی بێت و ، بیەوێ ئەم دەزووە لە سکی بکاتـەوە، ئایا ئەوەی بۆ موباحە ، یان بۆی حەرامە ؟

وتیان : حەرامە .

وتم : جا چۆن قیاسی موباحێکێ لەسەر حەرامێکێ دەکەی ؟

پاشان وتی: ئەگەر پیاوێکێ تەختەساجێکێ لە پیاوێکی تر داگیر بکات و بۆ چاکێکردنی کەشتی‌یەکەی بەکاری بهێنێ و ، کەشتی‌یەکەشی بردە ناو دەریاوە و ، خاوەنی ساجەکە بە دوو شاهێدی عەدل سەلماندی کە : ئەو پیاوە ئەم پارچە ساجەی لێ‌داگیر کردووە و لە کەشتی‌یەکەی‌دا بەکاری هێناوە ، ئایا ئەو تەختەیە لە کەشتی‌یەکە دەکەیتەوە ؟ « واتە لە ناو دەریاکەدا کون دەکەیتە کەشتی‌یەکەوە و خەڵکیشی تێدا بێ ؟ » .

وتم : نەخێر .

وتی : الله أكبر ! وازت لە وتەی خۆت هێنا ! هاوەڵەکانیشی وتیان : وازت لە وتەی خۆت هێنا .

وتم : ئەگەر ئەو کەشتی‌یەوانە ئەو تەختە ساجە هی خۆی بێت و ، بیەوێ لە کەشتی‌یەکەی بکاتەوە ـ لەو کاتەدا کە لە ناوەڕاستی دەریادایە ـ ئایا ئەوەی بۆ موباحە ، یان حەرامە ؟

وتی : بۆی حەرامە . (واتە دەبێتە مایەی خنکانی کەشتیی‌سوارەکان) .

پرسیی : ئەی خاوەن کەشتی‌یەکە چیی بکات ؟

وتم : فەرمانی بەسەردا دەدەم کەشتی‌یەکەی بەرەو نزیکترین بەندەر بەرێت ، تا بە شێوەیەکێ لەنگەر بگرێت نە خۆی و نە هاوەڵانی تیا نەچن . پاشان تەختەکەی لێ دەکەمەوە و ، دەی‌دەمەوە دەست خاوەنی و ، بەویش ئەڵێم : کەشتی‌یەکەت چاکێ بکە و برۆ .

وەکو بەڵگە هێنانەوەیەکێ موحەممەدی کوڕی حەسەن وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ نەی‌فەرمووە : « لا ضرر ولا ضرار » [٢٠٦] ؟

وتم : خۆی زیانی بە خۆی گەیاندووە . کەس زیانی بەو نەگەیاندووە .

شتێکی‌تری خۆش لە بارەی بەرابەرکێی شافیعی‌یەوە دەگێڕنەوە کە جارێکیان لەگەڵ ئەبوعوبەید ـ کە قاسم ی کوڕی سەللامە ـ لەسەر مانای (قرء) لە قورئاندا بەرابەرکێ دەکەن . جا وشەی (قرء) لەو وشانەیە کە دژە مانای هەیە . واتای حەیز و پاکێ بوونەوەش لە حەیز دەگەیەنێ . هەردووکیان ئەوەندە بەڵگەی بە هێزیان لەسەر بۆچوونەکەیان دەهێنایەوە ، کاتێکێ کە دەستیان هەڵ گرت ، هەریەکەیان چووبووە سەر را

---

[٢٠٦] لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ((ضرر)) هاتووە .

و بۆچوونـی ئـەوی تریـان و ، بەڵگـەکان کاریـان کردبـووە سـەری .. ئەمـەش پایـەداریی ئەبوعوبەید دەگەیەنێ ، چونکە نەبیستراوە شافیعیی لەگەڵ کەسێک بەرابـەرکێی کردبێ و، چووبێتە سەر مەزهەب و بۆچوونی ئەو کەسە ، وەک سوبوکیی ئەڵێت .

(٥) زانستی کەلام :

کە کۆمەڵی موسڵمانان بەرپا بوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی خـەمخۆری هـەموو گـیر و گرفتێکیان بوو . موسڵمانەکانیش یەک پارچە دژی دوژمنانیان دەوەسـتان و ، لـە خزمـەتی پێغەمبەری ئازیزدا لە فیقهی ئیسـلام شـارەزا بووبـوون و ، هـەر کـە شتێکیان لێبگیرایـە دەگەڕانەوە خزمەتی ئەو و ، هەربڕیارێکی بدایە بە دڵ و بـە گیـان وەریـان دەگـرت . دوای کۆچی یەکجاریی پێغەمبەر ﷺ شەیتان تۆوی دووبەرەکیی لە نێوان موسڵمانەکاندا چـاند و، بە هەموو توانایەکیەوە هەوڵی دا پەرتەوازەیان بکات .. بـەڵام سـۆز و بـەزەیی پـەروەردگار فریایان کەوت و لەسەر هەڵبژاردنی ئەبوبەکر ـ خوا لێی رازیی بێ ـ بـە خەلیفـە بـۆ خۆیـان رێک کەوتن .. بەڵام تۆوی دووبەرەکیی خۆی حەشـار دا هـەتا ئـەوە بـوو لـە دوا سـاڵەکانی خەلافەتی عوثماندا ـ خوا لێی رازیی بێ ـ سەری دەرهێنا و ، موسڵمانان یەکتریزییان نـەما و ، لە سـەردەمی ئیمـامی عـەلییشدا ـ خـوا لێـی رازیـی بـێ ـ نـاکۆکیی پـەرەی سـەند و موسڵمانان دەستیان دایە یەخەی یەکتریی و ، هەرکەسە بەڵگـە و دەلیلـی لەسـەر راسـتیی خۆی و دەستەکەی دەهێنایەوە . تا ئەوە بوو زانایان لە عەقیدەی موسڵمانان دەترسان تێک بچێ ، لەبەر ئەوە زانستی (کلام) یان (اصول الدين)یان بۆ موسڵمانان نووسیی .

بەڵام زۆربەی زۆری زانا بەرزەکانی ئیسلام ـ کە یـەکێکیان شـافیعیی بـوو ، ئاوڕیـان لـە فەلسەفەی بێ سەر و بن نەدایەوە و خەریکی زانستی پاک و بێگەردی شـەریعەت بوون ، تـا دەستە دەستە و چین بە چین رۆڵەی موسڵمانان شارەزا بکەن .. بەمە ئیمامە پایـەدارەکانی ئیسلام لە جیاوازیی گەورەی نێـوان ئیسـلام و فەلسـەفە گەیشـتن و ، شـەریعەتیان نـەکردە پاشکۆی زانستی ناتەواوی ئادەمیزاد ، بەڵکو لە پلەی بـەرزی شـیاوی خـۆیدا دایـاننـا و ، موسڵمانانیان لەسەر خزمەتکردنی شەریعەت راهێنا .

ئیمام شافیعییش پێی باش بوو موسـڵمانان واز لـە (کـلام) بـهێنن و تەنـها پشـت بـە قورئـان و فـەرموودە ببەسـتن و (فقـه) لـەوان دەربـهێنن . چونکـە زانسـتی (کـلام) پڕیەتیلە هەوا و ئارەزوو . لەبەر ئەوە پێی خۆش نەبوو لە کۆڕی ئەودا موسڵمانان خـەریکی

بن و ، ریـوایەتیش کراوە کـە فـەرمـوویـە : « ئـەگـەر خـەڵکیی بزان عـیـلـمی کـەلام چ (اهواء)ێکی تێدایە ، ئەوا وەک لە دەستی شێر هەڵ دێن لە دەستی ئەویش هەڵ دێن »[207] .

هەروەها ئەیفەرموو : « حوکمی من بۆ ئەهلی کەلام ئەوەیە بە لقـی دارخورمـا لیێـان بدرێت و ، بە ناو عەشـیرەت و هۆزەکـان دا بگێـڕرێن و ، جاڕ بدرێـت : ئەمـە سزای ئـەو کەسەیە کە وازی لە سوننەت هێناوە و ، خەریکی زانستی (کەلام)ە »[208] .

هەروەها ئیمامەکانی تریش ، بە تایبەتیی مـالیک و ئەحمـەد ، هـەمان رایـان بـووە .. چونکە لە سەردەمی ئەواندا وایان پێ باش لە ظاهیری قورئان و حەدیث عـەقیدە وەربگرن، بەبێ درێژە پێدان ، هەتا عەقیدەی موسڵمانان پارێزراو بێت .

بەڵام لە سەرەتای صەدەی چوارەمەوە هەندێ لە زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعـە بـە پێویستیان زانیی ، وەڵامی بیدعەچییان هەر بەو چەکە بدەنەوە کە وا بە دەستیانەوە .. جـا پێشەنگی ئەم کارە بە دەستی دوو ئیمامی بەرێز بوو ، کە ئیمام ئەبولحەسـەنی ئەشعەریی شافیعیی و ئەبومەنصووری ماتریدیی حەنـەفیی بـوون . ئـەوەبوو لەسـەر رێبـازی قورئـان و سوننەت زانستی (کلام) یان دارشت . دوای ئەوانیش زانایانی تر هـاتن و ئـەم زانسـتەیان فراوان کرد هەتا بـووە زانسـتێکی ئیسـلامیی بـروا پێکـراو و ، وای لێ هـات فەقیهـەکانی شافیعیی فێربوونی بە فەرزی عـەین و فەقیهەکانی حەنەفییش بە فەرزی کیفایەی دابنێن .

جـا ئـەو زانسـتی (کـلام)ەی کـە ئیمامـەکان رەخنـەیان لێـی هـەبوو ئـەم زانسـتە ئیسلامییە نەبوو ، بەڵکو زانستێ بوو کە لە قسەی هیچ و پووچی موعتەزیلە و مورجیئـە و رافزییەکان پێک هاتبوو ..

کاتێک کە موعتەزیلە ئەو را هەڵەیـەی خۆیـان دەربـارەی خـەلقی قورئـان خسـتە روو ، زانایانی سەلەف وتیان : « القرآن كلام الله ، لا نقول مخلوق ، ولا غير مخلـوق » . بـەڵام ئیمامی شافیعیی رای خۆی دەربڕیی و وەک سەلەف فەرمووی : « القرآن كـــلام الله » . پاشان فەرمووی : « غير مخلوق » بگرە کەسێک بیوتایە قورئان مەخلووقـە بـە کـافری لـە قەڵەم دەدا .. رەبیعی کوڕی سولەیمان ئەڵێت : کەسێک کە متمانەم پێی هەبوو بۆمی باس

---

[207] مفتاح السعادة (٢ : ٢٦) .

[208] مفتاح السعادة (٢ : ٢٦) .

کرد و وتی : لە مەجلیسی شافیعییدا ئامادەبووم ، (**حفص الفــرد**) وتـی : « **القــرآن مخلوق** » شافیعیی فەرمووی : « **كفرتَ بالله العظيم** » .[٢٠٩]

هەروەها لەو سەردەمەدا ئەوە بلاوبوویەوە کە ئیمان بریتییە لـە بـڕوای دڵ و دەربڕینـی زمان . جا هەرکەی مرۆڤ چاکیی دین لە دڵیا سەلما و بە زمانیش دەریبڕیـی ، ئـەوا ئـەو کەسە موسڵمانێکی تەواوە و ئیمان و ئیسلامی بێ لەکەیـە . هـەندێکی تریش رایـان وەهـا بـووە کـە ئیمـان دوای بـڕوای دڵ و دەربڕینـی زمـان بریتییـە لـە کـار و هـەڵس و کـەوتی ئەندامەکان .. کەواتە هەتا موسڵمان کردەوەی چاک زۆرتـر ئـەنجام بـدات ئیمـانی بـەهێزتر دەبێت . ئیمامی شافیعییش ئەمە رای بوو و ، بە پێی ئەم ئایەتانەش بڕوای وەهـا بـوو کـە ئیمان زیاد دەکات تا خاوەنەکەی بخاتە بەهەشـتەوە و ، کـەمیش دەکـات تـا بـە دۆزەخـی بگەیەنێ :

﴿ **إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْـهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ** ﴾ (الأنفال : ٢) .

﴿ **وَإِذَا مَا أُنزِلَتْ سُورَةٌ فَمِنْهُمْ مَنْ يَقُولُ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَذِهِ إِيمَانًا فَأَمَّا الَّذِيـنَ آمَنُـوا فَزَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ** ﴾ (التوبة : ١٢٤) .

﴿ **هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَعَ إِيمَانِهِمْ** ﴾(الفتح : ٤).

رەبیـع ئـەڵێت : گـوێم لە شـافیعیی بـوو دەیفـەرموو : « **الإيمان : قول وعمـل ، يزيد وينقص** » .

هەروەها لە بارەی بینینی خوای گەورەوە لە لایـەن ئیمـانداران‌ـەوە جمهووری زانایـانی سەلەف لەسەر ئەو رایەن کە بەهەشتییان لە قیامەتدا پەروەردگاریان دەبینن . ئەمەش بە پێی ئەم ئایەتە پیرۆزە : ﴿ **وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ ۞ إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ** ﴾(القيامة : ٢٢ ـ ٢٣) .

هەروەها بە پێی ئەم فەرموودانەش :

لە صوهەیب ەوە ـ خوا لێی رازیی بێ ـ دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویـە : « **إذا دخل أهل الجنة الجنة ، قال الله تبارك وتعالى : تريدون شيئاً أزيدكم ؟ فيقولون : الم تبيض وجوهنا ؟ ألم تدخلنا الجنة وتنجنا من النار ؟ قال : فيكشف الحجاب ، فمـا أعطوا شيئاً أحب إليهم من النظر إلى ربهم عزوجل . وفي رواية ، ثم تـلا : ﴿ لِلَّذِيـنَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ ﴾** » (يونس : ٢٦) . رواه مسلم .

---

[٢٠٩] آداب الشافعي (١٩٤) .

دەفـەرموێ : کـاتێـک کـە بەهەشـتـی‌یان چوونـە بەهەشـتـەوە ، خـوای گـەورە پێ‌یـان دەفەرموێ : دەتانەوێ شتێکی تریشتان بۆ زیـاد بکـەم ؟ ئـەوانیش ئـەڵێن : ئـەی تـۆ دەم و چاوی ئێمەت سپیی نەکردووە ؟ ئەی تۆ ئێمەت نەخستۆتە بەهەشتەوە و لـە ئـاگری دۆزەخ دەربازت نەکردووین ؟ ئەفەرموێ : خوای پەروەردگار پەردەکان لا دەدات ، ئیتر بەهەشتیان هەرچیی ناز و نیعمەتێکیان پێدراوە هیچی ئـەوەندەی سـەیرکردنی پـەروەردگاری مـەزنیان بەلاوە خۆش نیە . لە ڕیوایەتێکیشدا هاتووە : پـاشـان ئـەم ئـایـەتـە پـیـرۆزەی خـوێند : ﴿ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ ﴾ .

جەریری کوڕی عـەبدوڵلاش ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ ئەگێڕێتـەوە و ئـەڵێت : لـە خزمـەتی پێغەمبەری خـوادا ﷺ دانیشـتبووین و ، لـە شـەوی چواردەدا سـەیرێکی مـانگی کـرد و ، فەرمووی : « إنكم سترون ربكم عياناً كما ترون هذا القمر ، لا تضامون في رؤيتـــه فإن استطعتم ألا تغلبوا على صلاة قبل طلوع الشـــمس وقبـــل غروبهـــا فـــافعلوا » .

فەرمووی : هەروەک ئەم مانگە دەبینن ، وەهاش بە ئاشکرا پەروەردگارتان دەبینـن و ، لـە بینینیشی تێر ناخۆن . جا ئەگەر توانیتان با نوێژی پێش خۆرهەڵاتن و پێـش‌خۆرئاوابوونتـان لە کیس نەچێت ، پاشان ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوێند : ﴿ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُـــوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ ﴾ (ق : ٣٩) متفق عليه .

جا بڕوابـوون بـە بینینـی خـوا ڕای ئەبوبـەکری صدديـــق و ، ئیمـــام عـەلی‌یـــە و ، لـــە ڕیوایەتێکیشدا ڕای حوذەیفەی کوڕی یەمان و ،[٢١٠] و عویـادەی کـوڕی صـامیت و ،[٢١١] کەعبی کوڕی عوجرە و ،[٢١٢] ئەبومووسا و ،[٢١٣] صوهەیب و ،[٢١٤] ئیبن عـەبباسـە و ، ڕای کۆمـەڵێک لە تابیعینیشە .[٢١٥]

---

[٢١٠] حوذەیفەی کوڕی حسل ی کوڕی جابری عەبسیی ، ئەو هاوەڵەیە کە خـاوەنی نـهێنیی پێغەمبـەر بـوو ﷺ لـە بـارەی مونافیقەکانەوە . ساڵی (٣٦) ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە .

[٢١١] عوبادەی کوڕی صامیت ی کوڕی قەیسی خەزرەجیی ئەنصارییە ، هاوەڵێکە کە ئامادەی هەردوو پەیمانی عەقەبـە و جەنگی بەدر بووە . لە ساڵی (٣٤) ی کۆچییدا لە ڕەملە کۆچی دوایی کردووە . .

[٢١٢] کەعبی کوڕی عوجرەی کوڕی ئومەییە ، هاوەڵێکە و ئامادەی هـەموو ڕووداوەکـان بـووە و ، ئـەم ئایـەتـە پـیرۆزەش دەربارەی ئەو هاتۆتە خوارەوە : ﴿ فَفِدْيَةٌ مِنْ صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ ﴾ . لە مەدینەدا و لە ساڵی (٥١) ی کۆچیـیدا کۆچی دوایی کردووە .

[٢١٣] ئەبومووسـای ئەشعەریی ، عـەبدوڵلای کـوڕی قـەیسـی کـوڕی سـەلیم ە ، هـاوەڵێکی مـەزن و والی‌یـەکی ئـازا و بەجەرگ بووە . یەکێکە لە حەکەمەکانی نێوان ئیمام عەلیی و موعاویە ـ خوا لە هەموویان ڕازیی بێ ـ دوای جـەنگی صیففین . ساڵی (٤٤) ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە .

جا بەڵگەی شافیعیی لەسـەر ئـەوەی کـە دۆستانی خـوا لـە قیامـەتدا خـوای گـەورە دەبینن لەم ریوایەتەی خوارەوەدا دەردەکەوێ :

موزەنیی لە ئیبن هەرەم ەوە دەگێڕێتەوە و ئەڵێت : گوێـم لـە شـافیعیی بـوو دەربـارەی فەرمایشتی خوای گەورەوە : ﴿ كَلَّا إِنَّهُمْ عَنْ رَبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَمَحْجُوبُـونَ ﴾ (المطففـين : ١٥). دەفەرموێ : ئەمە بەڵگەیە کە دۆستانی خوا لە ئاخیرەتدا خوای گەورە دەبینن .[٢١٦]

رەبیعیش ئەڵێت : رۆژێکیان لە خزمەتی شافیعییدا بووم و لە صەعیدەوە نامەیەکی بۆ هاتبوو کە دەربارەی فەرمایشتی خوای گەورەوە : ﴿ كَـلَّا إِنَّـهُمْ عَـنْ رَبِّـهِمْ يَوْمَئِـذٍ لَمَحْجُوبُونَ ﴾ پرسیاریان لێ کردبوو .. ئەویش نووسییەوە : « کە بە هۆی رەنجانی خواوە کۆمـەڵێک لـە بینینـی خـوا بێبـەش بـوون ، ئـەوە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە بـە هـۆی رەزامەندیی خواوە کۆمەڵێکی تر دەیبینن » . منیش لێم پرسیی : گەورەم ! ئایا تۆ خۆت بڕوات بەوە هەیـە ؟ فـەرمووی : « بـەخوا ئەگـەر بـەلای موحەممـەدی کوڕی ئیدریسـەوە یـەقین نەبووایـە کـە : لـە قیامـەتدا پـەروەردگاری دەبینـێ ، ئـەوا لـە دنیـادا نەیدەپەرست ».[٢١٧]

هەروەها لە بارەی پلەبەرزیی هاوەڵانەوە شافیعیی رای جوانی هەیە . چونکە هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ . هەر هەموویان عەدڵن .. هەر هەموو مانگی بەردەم خۆری پێغەمبەرایەتیین و ، دەروونی هەر هەموشیان بە نووری پێغەمبەرایەتیی تەزکیە کرابوو و، هەردەم چاویان لـە هـەڵس و کەوتی پێغەمبەری ئازیزیـان دەبـوو و ، خۆیـان لەسـەری پەروەردە دەکرد ، بە رادەیەک کە قورئانی پیرۆز دەهاتە خوارەوە و ستایشی دەکردن :

﴿ كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ ﴾ (آل عمران : ١١٠) .

---

[٢١٤] صوهەیبی کوڕی سینانی کوڕی مالیکە کە بەصوهەیبی رۆمیی ناسراوە . یەکێ لـە تیران دازترین پیاوی عـەرەب بوو . لە ناو نەرم و کەس و کارەکەیدا ، کە لەسـەر فورات دەژیان . لە دایک بووە و ، کاتێ کە رۆمەکان هێرش دەکەنە سەر ناوچەکەیان ئەسیری بە کۆیلەیی دەکەوێتە دەستیان و ، یـەکێ لـە نـەوەی (کـەلب) یش لـە رۆمـەکانی دەکڕێت و دەیهێنێ بۆ مەککە و ، لەوێ عەبدوڵڵای کوڕی جەدعان ئەی کڕێ و پاشان ئازادی دەکات . کاتێک کە ئیسلام هات ئەویش موسڵمان بوو و ، کاتێ ئە ویستی وەک موسڵمانەکان کۆچ بۆ مەدینە بکات . بت پەرستەکانی مەککە رێیان پـێ گرت و نەیانهێشت سامانەکەی لەگەڵ خۆیدا بەرێت ، ئەویش لەبەر خاتری هیجرەت دەستی لـە سـامانە فراوانەکەی هەڵ گرت بۆ کافرەکان ، بەو مەرجەی رێی بدەن و کۆچ بکات . ئامادەی بەدر و ئوحود و رووداوەکانی تریش هەر هـەموو بوو . ساڵی (٣٨) ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە .

[٢١٥] تەفسیری (قرطبي) (٨ : ١١٠) .

[٢١٦] الإنتقاء (٨١ ـ ٨٢) .

[٢١٧] طبقات الشافعية (٢ : ٨١) .

﴿ وكذلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وسَطًا ﴾ (البقرة : ١٤٣) .
﴿ وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنْ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّــهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ ﴾ (التوبة : ١٠٠) .

پێغەمبەری ئــازیزیش ﷺ لـە چـەندین فـەرمووده‌دا ستایشـیان دەكـات . ئـەوەتا ـ بـۆ نموونە ـ عـەبدوڵڵای كوڕی موغـەففەل دەگێڕێتەوە كە پێغەمـبـەری خــوا ﷺ فەرمـوویــە : « الله الله في أصحابي لا تتخذوهم غرضاً ، فمن أحبهم فبحبــي أحبهم ، ومن ابغضـــهم فببغضي أبغضهم ، ومن آذاهم فقد آذاني ، ومن آذاني فقـــد آذى الله ، فيوشـــك أن يأخذه » رواه الترمذي وابن حبان في صحيحه .

لەم فەرمووده‌دا دەری دەبڕێ كە خۆشویستنی هاوەڵان خۆشویستنی خۆیـەتی و ، رق لێبوونەوەیان رق لێبوونەوە لە خۆیەتی و ، هەركـەس ئازاریـان بـدات ئـەوا ئـازاری ئـەوی داوە و ، هەركەسیش ئازاری ئەو بدات ئازاری خوای داوە و ، لەوانەیە خوای گەورە لەناوی بەرێت ..

ئەبوزەرعەی رازییش دەیوت : « هەركەستان دیی یەكێ لە هــاوەڵانی پێغەمبــەری خـوا ﷺ بە سووكێ باس دەكات چاك بزانن ئەوە زیندیقە . چونكە پێغەمبــەر حەقـە و ، قورئـان حەقە و ، ئەو ئیسلامەش هێناویەتی حەقە . جا ئەمە هەر هــەمووی هـاوەڵان بـە ئێمـەیان گەیاندووە . جـا ئـەو زیندیقانـە دەیانـەوێ متمانـە لـە شـاهێدەكانمان بسـێننەوە تـا قورئـان و سوننەت بەتاڵ ببنەوە . دەی كەواتە وا چاكە متمانە لەوانە بسەنرێتەوە و ، ئەوانە زیندیقن ».[٢١٨]

بۆ جیاوازیی پایە و پلەی هاوەڵان لەنێوان خۆیاندا چەندین ئایەتی قورئان ئاماژەیان بۆ كردووە وەك : ﴿ لا يَسْتَوِي مِنْكُمْ مَنْ أَنْفَقَ مِنْ قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ أُوْلَئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِــنْ الَّذِينَ أَنْفَقُوا مِنْ بَعْدُ وَقَاتَلُوا وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى ﴾ (الحديد : ١٠) .

ئەم ئـایـەتـە پـلـەی هـاوەڵانـی پێش فـەتحی مەككـە لـە پلـەی هـاوەڵانی دوای فـەتح جیا دەكاتەوە .

ئەم ئـایەتەشـیـان پـلـەی موهـاجیر و ئەنصارە پێشینەكان بە بەرز لـە قەڵـەم دەدات : ﴿ وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنْ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ ﴾ (التوبة : ١٠٠) .

هـەروەها زوو ئیمـان هێنـان و سـەر و مـاڵ بەخشـین و كۆمـەكیی و پشـــتیوانییكردنی پێغـەمبـەری خـوا ﷺ دەبێتە مـایـەی بـەرزیـی پـایە و پلەی هاوەڵان و سەركـەوتنیــان :

[٢١٨] عن كتاب الكفاية .

﴿ فــالَّذِينَ آمَنُوا بِــهِ وعَزَّروه ونَصَرُوه واتَّبَعُوا النُّور الَّذِي أنـزِل مَـعَهُ أُولَئِكَ هُـمْ الْمُفْلِحُونَ ﴾ (الأعراف : ١٥٧) .

دیسـان هاوەڵـە پایـەدارەکانیش هـەندێکیان لـە هـەندێکی تریـان لــە پێش‌تـرن . جـا پێشەوایانی ئیسلام هاتوونەتە سەر ئەو رایە کە چاکترین کەسی ئوممەتی پێغەمبـەر دوای خۆی: ئەبوبەکر، پاشان عومەر، پاشان عوثمان ، پاشان عەلی‌یە ـ خوا لێیان رازیی بێ ـ .

ئەمـە رای ئیمـامی شـافیعییە و بەوپـەڕی راستیی‌ویسـتی‌یەوە فـەزڵی ئەبوبـەکر و عومەری بەسەر ئیمامی عەلیی‌دا دەدا ، هەرچەندە ئیمام ئامۆزای بوو ![219]

جا ئیمام شافیعیی بەرگریی‌یەکی چاکی لە ئال و بەیت دەکـرد ، هەرچـەندە لـەو کاتـەدا هەرکەسێ دۆستایەتیی بۆ ئال و بەیت دەربڕیایە بە رافضـــي تـاوان بـار دەکـرا ، تـا ئـەو رادەیە کە ئەم دێڕە شیعرەی لەو بارەوە فەرمووە :

إن كان رفضاً حب آل محمدٍ

فليشهد الثقلان أنني رافضي

لە هەمان کات‌دا ئیمام شافیعیی رافضەی زۆر بە خراپ زانیون . هـەتا فەرموویـە : (لم أر أحداً ـ من أصحاب الأهواء ـ أشهد بالزور من الرافضة) .[220]

یوونسی کوڕی عەبدولئەعلا وتوویە : گوێم لە شافیعیی بووە کاتێ کە باسی رافضـــە بکرایە زۆر بە عەیبداری لە قەڵەم دەدان و دەی فەرموو : (شرُّ عِصابةٍ) .[221]

هەروەها لەبارەی خەلافەتیشەوە دەی‌فەرموو : خەلیفەکان پێنجن : ئەبوبەکر و ، عومەر و ، عوثمان و ، عەلیی و ، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز » .[222]

هەروەها ئیمام شافیعیی بە سەرنجدانی قورئـانی پـیرۆز رایـەکی جوانـی هەیـە لـەبارەی بینینی جیننی‌یەوە .. دەربارەی رەسەنی جینـن ەوە ئیسـماعیل لـە حەسـەنی بەصریی‌یـەوە ریوایەتی کردووە کە وتوویە : جینن لە ئیبلیس بوون و ئینسیش لە ئادەم . جا ئەمانەیش و ئەوانـەیش ئیمـانداریـش و کافریشـیان تێدایـە و ، لـە پاداشـت و سزاش‌دا هاوبەشـن . جـا

---

[219] طبقات السبكي (١ : ١٩٤) .

[220] آداب الشافعي (١٨٧) .

[221] توالي التأسيس (٦٤) .

[222] آداب الشافعي (١٨٩) .

لەمانیش و لەوانیش هـەرکامیان ئیمـاندار بێـت ئـەوە (وەلیـی) خوایـە و ، لـەمانیش و لەوانیش هەرکامیان کافر بوو ئەوە شەیتانە ..[٢٢٣]

جا ئیمام شافیعیی بە بۆنەی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە : ﴿ إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ ﴾ (الأعراف : ٢٧) ، دەری بڕیوە کە هەرکەسێکی عادیل بڵێ جیننییم دیـوە ئـەوا لە شاهێدیی دەخات ، مەگەر ئەو کەسە پێغەمبەر بێت .

(٦) شارەزایی زمان و شیعر :

خوای گەورە وەهای بۆ شافیعیی هێنایە پێش کە ببێتە یەکێک لە چوار ئیمامە بـەناو بانگەکەی ئیسلام کە دوای هاوەڵان و حەزرەتی مەهدیی ـ خـوا لێـیان رازیـی بـێ ـ هیـچ کەس شان لە شانیان نادات[٢٢٤] ، بگرە بووە یەکەمی هەر چوارەکەیش و ، دەستێکی باڵای هەبوو لە ئیجتیهاددا و نازناوی (ناصر السـنة) شـی وەرگـرت . ئەگـەر وا نەبوایـە ئـەوا دەبـووە مـەزن‌تریـن ئەدیـب و نووسـەر و شـاعیری عـەرەب . چونکـە وەک لـە بنـەڕەتدا عەرەبێکی قوڕەیشیی بوو ، لە هەموو کەس زیاتر هەوڵی دەدا زمانی بە پاکیی بهێڵێتەوە ، چونکە ئەوە بوو کە لە حەوت ساڵیی‌دا قورئانی خەتم کرد مەککەی بەجێ هێشت و چوو بۆ بادیە بۆ ناو هۆزی هوذەیل ـ کە لەناو عەرەبدا لە هەموو هۆزێک زمـانپاراو تربـوون ـ و زۆر بـە چـاکیی زمـانی رەوان کـردن و مـاوەی حـەڤدە سـاڵ لـە ناویـاندا مایـەوە . تـا کـە گەڕایەوە مەککە وەک قوتابییانی شـەریعەت ئامـادەی کـۆڕی دەبـوون ، قوتابیـانی زمـانی عەرەبییش ئامادەی دەبوون .

حەسەنی کوڕی موحەممەدی زەعفەرانیی ئەڵێت : « کۆمەڵێک لەوانەی کە حەزیان لـە زمانی عەرەبیی بوو لەگەڵمانا دەهاتنە کۆڕی شـافیعی‌یەوە و ، لـە لایەکـەوە دادەنیشتن . ئەڵێت : بە یەکێک لە سەردارانیانم وت : ئێوە زانست وەرناگرن ، ئەی بـۆچ دێنـە لامـان ؟ وتیان : گوێ لە زمانی عەرەبیی شافیعیی دەگرین » .[٢٢٥]

---

[٢٢٣] الجامع الأحكام القرآن : (١٩ : ٥) .

[٢٢٤] كليات رسائل النور لبديع الزمان سعيد النورسي ، ج٢ المكتوبات ص ٣٦٢ .

[٢٢٥] معجم الأدباء (١٧ : ٢٩٩) .

بەڵێ ، ئەگەر شافیعیی خەریکی عەرەبیی بوایە دەتوت : لەمەدا پسپۆڕە و ، گەر لە بارەی شیعرەوە باسی بکردایە دەتوت : لەمــەدا پسپۆڕە و ، گـەر لـە بـارەی فیقهیشـەوە باسی بکردایە دەتوت : لەمەدا پسپۆڕە ، وەکڎ یوونسی کوڕی عەبدولئەعلا وتوویە .[٢٢٦]

ئیمام شافیعیی ئەوەندە شارەزای عەرەبیی بوو و جێی متمانەی زمان زانـان بـوو ، وەکڎ وتەی هۆزێکڎ بە بەڵگە دەهێنرایەوە ، فەرمایشتی ئەویش بە بەڵگە دەهێنرایەوە .

مووسای کوڕی ئەبوجاروود وتوویە : « كان يقال : إن محمد بن إدريس وحده يحتـج به كما يحتج بالبطن من العرب » .[٢٢٧]

ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیش فەرموویە : « كلام الشافعي في اللغة حجة » .[٢٢٨]

ئەییووبی کوڕی سوەیدیش وتوویە : « خذوا عن الشافعي اللغة » .[٢٢٩]

ئەبوعوبەیدیش ئەیوت : « كان الشافعي ممن تؤخذ عنه اللغة » .[٢٣٠]

ثەعلـەبیـش دەربـارەی ئـەوەی کـە هـەندێکڎ رەخنـەیان لـە زمـانی شـافیعیی دەگـرت دەری دەبڕێ کە شافیعیی ئەو پیاوە نیـە رەخنـەی لێ بگـیرێ ، چونکـە ئـەو رۆڵـەی زمـانی عەرەبی یە و پێویستە عەرەبیی لەو وەربگرێ کە ئەڵێ : « يأخذون على الشافعي وهو مـن بيت اللغة ، يجب أن يؤخذ عنه اللغة » .[٢٣١]

موزەنیی ئـەڵێت : « کـە شـافیعیی هاتـە میصـر ، لـەو کاتـەدا عـەبدولمـەلیکی کـوڕی هیشامی نەحویی ، خاوەنی مێژووی غەزەواتی لێبوو ، کە لە زمـانی عـەرەبیی و شـیعردا کەڵەزانای سەردەمی خۆی بوو .. هەستا چوو بۆ لای شافیعیی و پاشـان دەیوت : پێنـازانم خوای گەورە کەسێکی تری وەکڎ شافیعیی بەدیی هێنابێ . پاشـان فەرمایشـتی شـافیعیی دەکردە بەڵگە بۆ زمانی عەرەبیی .[٢٣٢]

هەروەها شافیعیی لە شیعری عــەرەبیی کۆندا شـارەزایی یەکی چـاکی پـەیدا کردبـوو ، چونکە ئەو ماوە زۆرەی کە لەناو هوذەیلدا مایەوە هەلێکی باشی بۆ رەخساند تا شـیعری

---

[٢٢٦] معجم الأدباء (١٧ : ٣٠٠) .
[٢٢٧] الطبقات الكبرى (٢ : ١٦١) .
[٢٢٨] توالي التأسيس (٥٧) .
[٢٢٩] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٥٠) .
[٢٣٠] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٥٠) .
[٢٣١] توالي التأسيس (٦٢) .
[٢٣٢] تهذيب الإسماء والغزوات (١ : ٦٢) .

شاعیره هوذەیلییەکان بە جوانیی و بەتێگەیشتنەوە لەبەر بکات و بە وردیی لێیان تێ بگات ، کە حەفتا و ئەوەندە شاعیری ناودار و لێهاتوویان بووە .. دیارە ئەمەش زانستێکی زۆرە کە رۆڵەکانی ئەو هۆزە لە مێشکیاندا پارێزگارییان لێدەکرد و شافیعییش بە تەنیا هەر هەمووی لەبەر کرد . بە رادەیەک کە کەڵەزانای ئەو بوارە ـ وەک ئەصمەعیی ـ سەریان لە شافیعیی دەدا تا شیعری هوذەیلی لێوەربگرن ، یاخود ئەوەی کە لایانە راستی بکەنەوە .[٢٣٣]

نەک تەنها شیعری هوذەیل ، بەڵکو شیعری زۆرێک لە شاعیرانی هۆزەکانی تریشی لەبەر دەکرد .

موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولحەکەم ئەڵێت :

گوێم لە شافیعیی بووە کە فەرموویە : « شیعرم لە سێصەد شاعیری دێوانەوە ریوایەت کردووە » .[٢٣٤]

ئەمە هەمووی بووە مایەی ئەوەی کە شافیعیی ببێتە شارەزایەکی وەها کە لە کاتی قسەکردندا بە عەرەبیی یەکجار فەصیح قسە بکات .

خۆ ئەگەر بەو زمانە کتێبی بنووسیایە بە ئاسانیی هەموو کەسێک لێی تێنەدەگەیشت ، بەڵکو هەوڵی ئەدا بە ئاسانترین شێواز بۆ عەوام بنووسێت، وەک رەبیع بۆمانی باس دەکات .[٢٣٥]

هەروەها جاحیظ شاهێدیی لەسەر ئەوە دەدات کە نووسینی شافیعیی لە هەموو نووسینێک جوانترە و کەسی وەک ئەویشی نەدیوە کە ئەڵێت : « نظرت في كتب هؤلاء النبغة، الذين نبغوا في العلم، فلم أر أحسن تأليف من المطلبي، كأن فاه ينظم دراً إلى در ».[٢٣٦]

هەروەها ئەبو ثەور ئەڵێت :

« هەرکەسێ بڵێ: لە بارەی زانست و، زمان پاراویی و، شارەزایی و، بەیان و، لێ هاتنەوە پیاوێکی تری وەک شافیعیی دیوە ئەوا درۆ ئەکات ».[٢٣٧]

---

[٢٣٣] تهذيب الأسماء واللغات (٥٠) . وفيات الأعيان (١ : ٥٦٥) .
[٢٣٤] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٥٠) .
[٢٣٥] توالي التاسيس (٧٧).
[٢٣٦] توالي التأسيس (٥٩).
[٢٣٧] الوافي بالوفيات (١: ١٧٧).

لە بارەی خوێندنی (نەحو)ەوە لە هیچ سەرچاوەیەکدا ئاماژە بۆ ئەوە نەکراوە کـە شافیعیی لەلای هیچ کەس (نحو) ی خوێندبێ ، لەبەر ئەوەی کە پێویستی بـە خوێندنـی نەبووە . چونکە ماوەیەکی زۆر لەناو هۆزی هوذەیل‌دا ژیابوو و خۆی لە هەموو کـەس زیـاتر شارەزای یاسـاکانی زمـانی عـەرەبیی بـوو . بـەڵام پێـی خۆش بـووە چاوی بـە (خلیـل) بکەوتایە کە شارەزایی‌یەکی چاکی لە عـەرەبیی‌دا هـەبووە ، بـەڵام بـە فـەرمانی خـوا بـۆی رێکنەکەوت چونکە خەلیل لـە بـەصرە و لـە سـاڵی (١٧٠) دا کۆچـی دوایـی کـرد و ، ئەمیش هێشتا لە مەدینەدا لە خزمەتی ئیمام مالیک‌دا بوو .

جـا ئیمـام شـافیعیی هـۆی زمـان‌پـاراویی و زمـان هـەڵنەکـەوتنی ، ئەگـەرچیی تاقــە جارێکیش بێت ، ئەگێڕێتەوە بۆ ئەو خەوەی کە بە منداڵیــی بـە پێغەمبـەری خوایـەوە ﷺ دیی بوو .

رەبیع ئەڵێت : لە شافیعییم بیستووە کـە دەی‌فـەرموو : پێـش بـاڵغ بـوونم لـە خـەوم‌دا پێغەمبـەرم ﷺ بینیـی و پێمـی فـەرموو : « یـا غـلام ! » وتم : **لبیــك یارســـول الله !** فەرمووی : « **ممن أنــت ؟** » . وتم : لـە دەسـتە وکەسـی خـۆتم . فـەرمووی : لێـم نزیـک بەرەوە .. منیش لێی نزیک کەوتمەوە ، ئەوە بوو دەممی کردەوە و تفی دەمی خـۆی هێنـا بەسەر زمان و دەم و هەردوو لێوم‌دا و فەرمووی : « **امض بارك الله فيك** » . ئیتر بە بیرم‌دا نایەت نە لە گێڕانەوەی فەرموودە و نە لە خوێندنەوەی شیعردا زمانم هەڵ کەوتبێ .[٢٣٨]

عەبدولمەلیکی کوڕی هیشامی نەحوییش وتوویە :

« لە خزمەتی شافیعیی‌دا یەکجار زۆر دانیشتووین ، هەرگیز لەنگەیـەکم لێ نەبیسـتووە و وشەیەکیشم لێ‌نەبیستووە کە لەوە جوانتر هەبێت » .[٢٣٩]

ئیمام شافیعیی توانایەکی چاکی هەبووە بۆ وتنی شیعر بە بۆنەی زیرەکیی و لێ‌هاتنـەوە و ، بە بۆنەی ئەو هەمووە شیعرەوە کە لەبەری کردبوو، بەڵام وازی لە نووسینی شیعر هێنـا و رووی لە فیقهـ و ئیجتیهاد کرد ، تا بووە کەڵـەزانای فیقـهی ئیسـلامیی ، هەرچـەندە بـۆ هـەندێ هەڵوێسـت کەمـە کەمـە شـیعری وتـووە . بـەڵام کۆمەڵـە شـیعرێکی زۆر بـە نـاوی شافیعی‌یەوە تۆمار کراون کە هەندێکی لە هی ئەو دەچن . هەتا ئەو دیوانەش کە بـە نـاوی

---

[٢٣٨] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٥) .

[٢٣٩] معجم الأدباء (١٧ : ٣١٢) .

ئەوەوە بڵاوکراوەتەوە ، هەر هەمووی هی ئەو نیە . چونکە ئەگەر شافیعیی دیوانی شـیعری بنووسیایە لە ئاستێکی لەوە بەرزتردا دەی‌نووسیی .[٢٤٠]

بۆ نموونە ئەوەتا بەرگریی لەوە دەکات کە ئامادەیـە لـە پێنـاوی خۆشویـستنی ئـاڵ و بەیت‌دا خەڵکیی بە رافیزییشی لە قەڵەم بدەن کە ئەفەرموێ :

إن كان رفضاً حب آل محمد فليشهد الثقلان أني رافضي[٢٤١]

هەروەها سۆز بۆ شاری غەززەی خۆشەویستی لە فەلەستین ، کە لەوێ لە دایک بـووە و لە تەمەنی دوو ساڵیی‌دا بەجێی هێشتووە ، دەردەبڕێ و ئەفەرموێ :

(وإني لمشتـــاق إلى ارض غزة وإن خـــانني بعد التفرق كتمـــاني
سقى الله ارضاً لو ظفرت بتربها كحلت به من شدة الشوق أجفاني[٢٤٢]

هەروەها لە بارەی رەوشتی جوانەوە وەکۆ بێ‌دەنگیی یان کـەم قسـە کردنـەوە بـە شـیعر فەرموویە :

لاخير في حشو الكلا م إذا اهتديت إلى عيونه
والصمت أجمل بالفتى مـــن منطق في غير حينه
وعلى الفتى لطبـــاعه ســـمة تلوح على جبينه[٢٤٣]

ئیمام شافیعیی وەکۆ مرۆڤێکی زۆر زیرەکۆ و زۆر لێ‌هاتوو ، بە وردیی سەرنجی ژیـان و دنیای دەگرت .. خەڵکی چاکۆ دەناسی .. زۆر هـەوڵی دەدا تـا دۆسـتی راسـتەقینەی دەسـت بکەوێ ، کەچیی بێ‌هوودە بوو . هەتا ئەوە بوو ئەم دێرە شیعرانەی فەرموون :

عمرتُ الدهر ملتمساً بجهدي أخا ثقة فأكداه التماسي
تنـــكرتِ البـــلادُ عليَّ حتى كأن أناسها ليسوا بناسِ[٢٤٤]

هەتا ئەوەندە بە راستیی بۆ دۆست دەگەڕێ ، ئامادەیە ئەگەر دەسـتی بکـەوێ سـامانی دنیا و چاکەی قیامەتی لەگەڵ‌دا بەش بکات .. موزەنیی دەگێڕێتەوە کـە شـافیعیی دەسـتی گرتووە و ، فەرموویە :

أحبُّ منَ الإخوان كل مواتِ وكل غضيض الطرف عَن عثراتِ

[٢٤٠] الإمام الشافعي ، فقيه السنة الأكبر (٢٨٤) .
[٢٤١] الإنتفاء (٩١) .
[٢٤٢] معجم البلدان (٦ : ٢٩٠) .
[٢٤٣] توالي التأسيس (٧٣) .
[٢٤٤] طبقات الشافعية (١ : ٣٠١) .

یصـاحـبني في کل أمرٍ أحـبه ویحفظني حیـا وبعد مـمـاتـي
فمن لي بهذا لیـت أني أصبته فقاسـمته مالي مع الحسـنـات [٢٤٥]

لەو بارەشەوە کە دنیا ، وەک باوەژنێکی بێسۆز و بەزەیی ، بەرامبەر بە مرۆڤـە ژیر و بلیمەتەکان ، دژایەتیی دەکات فەرموویە :

ومن الدلیل علی القضاء وکونه بؤس اللبیب وطیب عیش الأحمق
وأحق خلق الله بـالهَـم أمرؤٌ ذو همةٍ یبلی بعیـش ضیـق [٢٤٦]

لە هەمان کاتدا ئیمام شافیعیی شارەزایییەکی چاکی لە مێژووی نەفامیی و مێژووی ئیسلامیی هەبوو و ، لە رووداوەکانی هۆزە عەرەبـەکان لـە نێـوان خۆیـاندا و لەگـەڵ رۆم و فارسدا ئاگادار بوو .

هەروەها لە پشت و رەچەڵەکی هۆزەکان چاک شارەزا بوو ، هەتا ئیبن هیشامی خاوەنی سیرەت و غەزەوات لە چاو شافیعییدا هیچی نەدەزانی .[٢٤٧]

(٧) فیراسەتی شافیعیی :

شافیعیی بۆ کۆکردنەوەی کتێبی فیراسەت و ئەستێرەناسیی بەرەو یەمەن دەکەوێتە رێ و ، لەوێ هەموویان کۆدەکاتەوە و دەیاننووسێتەوە . پاشـان کـە دەیـەوێ بگەرێتـەوە ، لـە رێگـایدا بـە لای پیـاوێکدا تێپـەڕ دەکـات کـە لـە پـەنای خانووەکـەیدا دەسـتەئەژنۆ دانیشتبوو، کە کۆسەیەک بوو هەردوو چاوی شین و ناوچاوی دەرپـەڕیی بـوو . ئەفـەرموێ : میوان رائەگرن ؟ ئەڵێ : بەڵێ . هەرچیی لە ئیمام شـافیعییە سیفەتی ئـەم پیـاوە هیچیـان چـاک نـین . کـەچیی کـە لا دەدات دەبینـێ پیـاوێکی زۆر سـەخییە ، نـانی ئێـوارە و بـۆن خۆشیی و ئالیکی ولاغەکەی و ، نوێن و پێخەفی بۆ دەنێرێ .. بە درێژایـی شـەو ئـەم دیـو و ئەودیو دەکات و بیر لەوە دەکاتـەوە چیـی لـەو کتێبانـە بکـات .. چونکـە خـاوەن مـاڵ بـە پێچەوانـەی فیراسـەتەوە دەرچـوو . سیفەتەکانی خراپ ، کـەچیی خـۆی سـەخیی و بـەرێز دەرچـوو . ئیـتر بڕیـاری دا کتێبـەکان فـڕێ بـدات . کـە رۆژی لێ دەبێتـەوە بـە خزمەتگوزارەکەی ئەفەرموێ : ولاغەکە زین بکە . کە سوار دەبێ و دەیەوێ خواحـافیزیی

---

[٢٤٥] توالي التأسیس (٧٤) .
[٢٤٦] توالي التأسیس (٧٥) .
[٢٤٧] الوافي بالوفیات (٢ : ١٧٥) و توالي التأسیس (٦٠) .

بکات بە کابرا ئەفەرموێ : ئەگەر هاتیتە مەککە و ، بە لای (ذوطـــوی) دا تێپـەڕت کرد پرسیاری ماڵی موحەممەدی کوڕی ئیدریسی شافیعیی بکە . بەمە دەیـەوێ خزمـەتی بکات و پاداشتی ئەم میوانداریـیەی بداتەوە .

کابرا پێی ئەڵێ : بۆچ من خزمەتکاری باوکتم ؟

ئەفەرموێ : نەخێر .

ئەڵێ : ئەی هیچ خزمەتێکت قەرزارم ؟

ئەفەرموێ : نەخێر .

ئەڵێ : ئەی من لە دوێنێوە مەسرەفت بۆ ئەکەم ، کوا ؟

ئەفەرموێ : کامەیە ؟

ئەڵێ : بایی دوو دیرهەم خواردن و ، ئەوەندە پێخۆر و ، سێ دیرهـەم بـۆن خۆشـیی و ، دوو دیرهەم ئالیک بۆ وڵاغەکەت و ، دوو دیرهەم کرێی نوێن و لێفەکە .

بە خزمەت گوزارەکەی ئەفەرموێ : رۆڵە ! بیدەرێ . هیچی ترت ماوە ؟

وتی : کرێی خانووەکە . تۆم حەساندۆتەوە و تەنگم بە خۆم هەڵچنیوە .

شافیعیی تێدەگات کە ناونیشانی کابرا بە پێی کتێبـەکان راسـت دەرچـوو . دوای ئـەوە دەپرسێ : هیچی ترت ماوە ؟

ئەڵێ ، برۆ ، خوا سەرشۆڕت بکات . خراپی وەک تۆم نەدیوە .[٢٤٨]

ئیمام شافیعیی رووداوی زۆری لێدەگێڕنەوە دەربارەی زانینی هەندێ شت کە زەننـی بـۆ دەروات .

بۆ نموونە : موزەنیی دەگێڕێتەوە : لە مزگەوتدا لە خزمەتی شافیعییدا بووم دەبینین وا پیاوێک هاتە ژوورەوە و بەسەر خەوتووەکاندا دەگەڕێ . شافیعیی بە رەبیعـی فـەرموو : هەستە بەو پیاوە بڵێ : ئایا بەندەیەکی قولەرەشت گوم کردووە کە چاوێکی لە دەست داوە؟ رەبیع هەڵدەستێ و پرسیار لە کابرا ئەکات و ئەویش ئەڵێ : بەڵێ .

کابرا دێتە خزمەتی شافیعیی و ئەڵێ : کوا بەندەکەم ؟ فەرمووی : بـڕۆ لـە بەندیخانـە دەیدۆزیتەوە .

کابرا چوو بۆ بەندیخانە و بەندەکەی دۆزییەوە .

---

[٢٤٨] آداب الشافعي (١٢٩) .

موزەنیی ئەڵێت : پێم وت : هەواڵمان بدەرێ ، سەرسامت کردووین . فەرمووی : بـەڵێ . چاوم لێ بوو کابرایەک لە دەرگای مزگەوت هاتە ژوورەوە و بە ناو خەوتووەکاندا دەگەڕێ . وتم : بە دوای هەڵاتووا دەگەڕێ . دەبینم سەرنجی ڕەشەکان دەگرێ نەک سپی‌یەکان . وتم: بەندەیەکی قولەڕەشی هەڵاتووە . چاویشم لێی بوو سەرنجی چاوی چەپیانی دەگـرت . وتم : هەڵاتووەکـە چـاوێکی لـە دەسـتداوە . وتمـان : ئـەی چۆنـت زانیـی وا لـە بەندیخانــەدا ؟ فەرمووی : ئەو فەرموودەیـەی کـە دەربـارەی کۆیلـەکان دەفـەرموێ : ئەگـەر برسـیی بـوون دزیی‌دەکەن و ، گەر تێریش بوون زینا دەکەن ، تـەئویلم کـرد یـەکێکیانی ئـەنجام داوە و ، هەرواش بوو .[249]

زانایان و خواناسان بە سەلیقەی جوانیان شتیان بۆ دەرکەوتووە .

جارێکیان لە صەنعاوە پیاوێک دێتە خزمەتی شافیعیی، کە دەی‌بینێ پێی ئەفـەرموێ : خەڵکی صەنعای ؟ ئەڵێ : بەڵێ . دەپرسێ : ئاسنگەری ؟ ئەڵێ : بەڵێ .

جارێکیان ئیمام شافیعیی و موحەممەدی کوڕی حەسەن بە جووتە لـە سـایەی کەعبــەدا دادەنیشن و پیاوێکیش لەوێوە تێپەڕ دەکات . یەکێکیان بە هاوەڵەکەی ئەڵێ : وەرە با بــەم پیاوەی کە دێت خۆمان تاقیی بکەینەوە . با بزانین چ پیشەیەکی هەیە ؟ یەکێکیان ئـەڵێ : بەرگ درووە . ئەوی تر ئەڵێت : دارتاشە . کە ناردیان بە دوایدا و پرسیاریان لێ‌کرد ، وتی: ئەوسا بەرگ درووی بووم و ئێستاش دارتاشم .

لە باسەکانی پێشەوەشدا باسی ئەوە کرا کە چۆن ئیمـام شـافیعیی باسـی دواڕۆژی هـەر چوار قوتابی‌یەکەی دەکات .[250]

ئیمام شافیعیی هەتا کۆتایی تەمەنی چارەی هەندێ سیفەتی نەدەویست وەک قـژی زەرد و چاوی شین .

ڕەبیع ی کوڕی سولەیمان ئەڵێت : بۆن خۆشـی‌یەکم بـۆ شـافیعیی بـە دینـارێک کڕیـی . لێمی پرسیی : لە کێت کڕیی ؟ وتم : لەو قژ زەردە . فەرمووی : قژی زەرد و چـاوی شـین . بێ‌بەرەوە ، بێ‌بەرەوە ![251]

هەروەها ڕای وا بووە کە عـەقڵ و قـەڵەویی پێکەوە ناگونجێن ، بۆیە دەی‌فەرموو : جگە لە تاقە پیاوێک هیچ قەڵەوێکم نەدیوە کە عاقڵ بێت .[252]

---

[249] توالي التأسيس (٦٦) .

[250] سەیری لاپەڕە (٥٢)ی ئەم نووسراوە بکە .

[251] آداب الشافعي (١٣١) .

لە پاڵ هەموو بەشەکانی زانستدا ئیمـام شـافیعیی شـارەزاییەکی چاکی لـە زانسـتی پزیشکییدا هەبووە . چونکە بە زانستێکی بەکەڵکی زانیـوە بـۆ تەندروسـتیی موسـڵمانان و بە هاوتای زانستە شەرعییەکانی لە قەڵـەم داوە ، چونکـە شـەرع فریـای قیامـەتی خـەڵک دەکەوێت و پزیشکییش فریای لاشەیان دەکەوێت .

ئەوەتا ئەفەرموێ : « زانست دوو زانستە : زانستی دین و ، زانستی دنیـا . جـا زانسـتی دین بریتییە لە : فیقهـ و ، زانستی دنیاش بریتییە لە زانستی پزیشکیی » .[253]

هەروەها دەفـەرموێ : « دوای زانسـتی حـەڵاڵ و حـەرام زانسـتێکی تـر پـێ نـازانم لـە زانستی پزیشکیی بەرێزتر بێت ، بەڵام ئەوەتا ئەهلی کیتاب لە ئێمەیان سەندووە » .[254]

لە هەمان کاتدا زانستی پزیشکیی بە سێیەکی زانست لە قەڵەم دەدات و ، زۆریش بـە داخەوەیە کە موسڵمانان دەستبەرداری بوون و بە گاور و جوولەکانیان سپاردووە .[255]

هەروەها دەری دەبرێ کە دوو شتی گرنگ هەن کـە خـەڵکیی پشتگوێیـان خسـتوون : زمانی عەرەبیی و پزیشکیی .[256]

لەبەر ئەمە ئیمام شافیعیی خۆی بایەخێکی چاکی بە پزیشکیی داوە ، بە رادەیـەک کـە رەبیع ی قوتابیی وەها باسی دەکات کە تەواو شارەزای پزیشکیی بووە .[257]

بگرە پزیشکێکی میصریی شاهێدیی لەسەر زانستی شافیعیی دەدات کـە وەهـا شـارەزا بووە وەک ئەوەی تەنها ئەو زانستە بزانێ و هیچی تر .[258]

(٨) نووسینی شافیعیی :

پێش شافیعیی هیچ ئیمامێک چ لە ئوصوول و چ لە فرووعدا و ، چ لە فیقهـ و ، چ لە تەفسیردا ئەوەندەی شافیعیی کتێبی نەنووسیوە .

ئیبن زولاق وتوویە : شافیعیی نزیکەی دوو صەد جوزء کتێبی داناوە .[259]

---

[252] آداب الشافعي (١٣٢) ئەو پیاوەش موحەممەدی کوڕی حەسەن بووە وەک لە (روض الأخبار) دا دەری بڕیوە .
[253] آداب الشافعي (٣٢١ : ٣٢٢) .
[254] آداب الشافعي (٣٢١) .
[255] آداب الشافعي (٣٢١) .
[256] آداب الشافعي (٣٢١) .
[257] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٥) .
[258] توالي التأسيس (٦٦).
[259] شذارات الذهب (٢ : ١٠) .

قاضیی ئیمام ئەبو موحەممەد حەسەنی کوڕی موحەممەد میروەزییش وتوویـە : وتـراوە کە : شافیعیی ـ رەحمەتی خوای لێ بێ ـ لە تەفسیر و فیقھ و ئەدەب و شتی تـردا صـەد و سیانزە کتێبی نووسیوە .[٢٦٠]

بە مەرجێ لـە نووسـیندا زۆر گـورج و گـۆڵ بـووە کـە لـە نیـوەی رۆژێـکدا کتێبێکـی نووسیوە . یوونسـی کـوڕی عـەبدولئـەعلا وتوویـە : شـافیعیی لـە بەیانییـەوە تـا نیـــوەڕۆ کتێبێکی دادەنا .[٢٦١]

بەڵێ ، سەیر لەوەدایە کە ئەم هەموو کتێبانەی نووسیوە و تەمەنیشی لە پەنجا و چـوار ساڵ زیاتر نەبووە .

موحەممەدی کوڕی ئیسحاقی کوڕی راهوویە ئەڵێت : لە باوکم پرسیار کرا : شافیعیی ، کە تەمەنی زۆر نەبوو ، چـۆن ئـەم هـەمووە کتێبـەی دانـاوە ؟ گوێـم لێ بـوو دەیوت : بـە بۆنەی کورتیی تەمەنیەوە خوا عەقڵی بۆ پێش خست .[٢٦٢]

جا لێهـاتوویی شـافیعیی و فـەڕ و بەرەکـەتی تەمـەنی و ، ژیریـی و بلیمـەتیی و رۆح سووکیی و غیرەتی لەوەدا دەردەکـەوێ کـە زۆربـەی ئـەو هـەمووە کتێبانـەی لـە دەیـەکی کۆتایی تەمەنیدا ، لـەو ماوەیـەدا کـە لـە میصـر بـووە ، کـە مـاوەی چـوار سـاڵ بـووە ، نووسیوە ، سەرەڕای ئەو نەخۆشییە سەختە بەردەوامەی کە پێوەی گیرۆدە بوو بوو .

رەبیع ئەڵێت : شافیعیی ماوەی چوار ساڵ لێرەدا مایەوە کە هەزار و پێنج صەد وەرەقـە کتێبی نووسیی و ، کتێبی (الأم) ی لە دوو هەزار وەرەقـەدا نووسـیی و هـەروەها کتێبـی (السنن) و شتی تری زۆریشی‌نووسیی . ئەمـە هـەر هـەمووی لـە مـاوەی چـوار ساڵدا و ، نەخۆشیش بوو ، بەڵام نەخۆشییەکی سەخت ، بە رادەیەک کە سواری وڵاغ دەبوو شـەرواڵ و خوففەکانی لە خوێن پڕ دەبوون .[٢٦٣]

دەربارەی چۆنێتیی نووسینی شافیعییەوە ، لە رێی حەرمەلەوە حاکم تـەخریجی کـردووە کە وتوویە : شافیعیی لەلای ئەم کۆڵەکەیەی مزگەوتدا دادەنیشـت و پارچـە مەخمـەڵێکی

---

[٢٦٠] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٥٣) .

[٢٦١] توالي التأسيس (٧٧) .

[٢٦٢] توالي التأسيس (٧٩) .

[٢٦٣] توالي التأسيس (٨٣).

ئاسکی بۆ رادەخراو بەسەر دەم و چاویا دەچەمایەوە ـ چونکە نەخۆش بوو ـ و دەستی بە نووسین دەکرد . ئەوە بوو ئەم کتێبانەی لە ماوەی چوار ساڵدا نووسین .[٢٦٤]

رەبیع یش وتوویە : ئەوەندە جار کە لە ژمارە نەیەن چاوم لە شافیعیی بووە ، کە لە نوێژ دەبوویەوە عەباکەی بەسەر شانیدا دەدا و ، چرایەکی بچکۆلەی بۆ دادەنرا و ، خۆی بەسەر پشتییەکدا دەدا و ، دوو پارچە قوماشی موضەریی لە ژێریدا دەبوون و ، دەستی دەدایە قەڵەم و هەرخەریکی نووسین بوو .[٢٦٥]

جاری وایش دەبوو دەچووە جێگاوە بۆ خەوتن ، کەچیی لە ناکاودا مانا یان فیقهی فەرموودەیەکی وە بیر دەهاتەوە و ، لە ترسی ئەوەی نەوەکو لە بیری بچێتەوە هەڵ دەستا و، چرایان بۆ دادەگیرساند و دەستی بە نووسین دەکرد ..

حومەیدیی ـ کە یەکێ لە قوتابییەکانی مەککەی بووە و ، بەرەو میصریش لە خزمەتیا رۆیشتووە ـ ئەڵێت : لەگەڵ شافیعییدا بەرەو میصر کەوتینە رێ و ، لەوێ ئەو لە نهۆمی سەرەوە نیشتەجێ بوو و ، ئێمەش لە ناوەڕاستدا . جاری وا دەبوو شەو دەچوومە دەرەوە چرام دەبینی ، کە بانگم لە خزمەتکارەکە دەکرد ، خۆی دەنگمی دەبیست و ، دەیفەرموو : وەرە سەرکەوە . کە سەردەکەوتم ، دەبینم وا کاغەز و دەواتی لەبەر دەست دایە . دەم وت : ئەبوعەبدوڵلا ! ئەمە چییە ؟ دەیفەرموو : بیرم لە مانای فەرموودەیەکێ ـ یان مەسەلەیەکێ ـ کردەوە و دەترسام لە بیرم بچێتەوە ، بۆیە فەرمانم دا چراکەم بۆ داگیرسێنن و ، نووسیم .[٢٦٦]

دوای ئەوەش کە کتێبێکی دەنووسیی ، ئیتر سا لە سەرچاوە وەری دەگرت ، یان لەبەر دەینووسیی ، ئیبن هەرەم ـ کە هەمیشە لە خزمەتیا بوو ـ دەهات و بووەیطیی بۆی دەخوێندەوە و ئامادەبوانیش گوێیان لێ دەگرت و ئەویش پاکنووسی دەکرد و دوای ئەوە چەندین نوسخەیان لەبەری دەنووسییەوە ..[٢٦٧]

جا لەبەر ئەوەی کە شافیعیی خاوەنی تەقوا و ئیخلاصێکی کەم وێنە بوو ، خوای گەورە خۆشەویستیی کتێبەکانی ئەوی بردە دڵی زانایانی ئیسلامەوە ، بۆیە حەزیان لە نووسین و بیستنی کتێبەکانی هەبوو و ، هەرکەسە هەوڵی دەدا کتێبێ زیاتری دەست بکەوێ . ئەوە

---

[٢٦٤] توالي التاسيس (٧٨) .

[٢٦٥] تهذيب الأسماء (١ : ٦٦) .

[٢٦٦] آداب الشافعي (٤٤) .

[٢٦٧] توالي التأسيس (٧٧) .

بوو جارێکیان دوای مردنـی ئیمـام شـافیعیی نۆصـەد وڵاغـی سـواریی لەبـەردەم ماڵەکـەی رەبیعی کوڕی سولەیماندا ـ کە خزمەتگوزار و قوتابیی و ریوایەتکەری کتێبەکانی بـوو ـ وەستان و هەر یەکەیان دەیویست بچێتە لای رەبیع و زانستی شافیعیی لێوە ببیستێ .[268]

ئیمام ئەحمەدیش لە باسی فەزڵی شافیعیی لەسەر هەموو زانا و نووسەرێک ئەفەرموێ: هەرکەسێ دەستی لە قەڵەم و دەوات دابێ وا لە ژێر منەتی شافیعییدا و قەرزاریەتی .[269]

حەرمەلەش ئـەڵێت : بـاوکم نووسـەرێکی بـۆم بـەکرێ گرتبـوو و پێیشـی وتبـوو : هـەر وتەیەک لە دەم شافیعیی دەردەچێ تۆ بینووسە .[270]

موحەممەدی کوڕی عـەلیی کوڕی مـەدینیی ئەڵێت : بـاوکم پێمـی وت : دەسـتبـەرداری پیتێک لە کتێبەکانی شافیعیی نەبی و هـەمووی بنووسـە .[271] جـا موحەممـەد ئـەیوت : دەستبەرداری پیتێکی کتێبەکانی شـافیعیی نـابم و هـەمووی ئەنووسـم ، چونکـە زانسـتی تێدایە .[272]

ئەحمەدی کوڕی سـەلەمەی نەیسـاپووریی ئـەڵێت : ئیسـحاقی کـوڕی راهوویـە ژنێکـی مارە کرد کە ئەو ژنە هاوسەری پیاوێک بوو بوو کە کتێبەکانی شافیعیی بـەلاوە بـوون و ، کۆچی دوایی کردبـوو تەنـها لەبـەر کتێبـەکانی شـافیعیی مـارەی کـرد . ئـەوە بـوو کتێبـی (الجامع الكبير) ی لەسەر کتێبەکانی شافیعیی دانا ..[273]

ئیمام شافیعیی دەیویست لـەرێی خـوادا زانسـتی شـەرعیی بـڵاو بکاتـەوە ئیـتر بـاکی نـەبوو لـەوەی کە ئەو زانستە بە ناوی خۆیـەوە بڵاو بێتەوە یان نەء ، بۆیە دەی فـەرموو : «ما أبالي لو أن الناس كتبوا كتبي وتفقهوا بها ، ثم لم ينسبوها إلي ».[274] ئەوە بـوو خـوای گەورە بەدڵی ئەوی کرد و کتێبەکانی بڵاو بوونەوە .

دڵگەرمبوونی زانایان بۆ وەرگرتنی زانستی شافیعیی و بڵاوکردنەوەشی، دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ئیخلاصـەی کـە خـوا لـە دڵیـا دروسـتی کردبـوو . هـەروەها هـەرگیز نـاو و ناوبـانگی نەویستووە ، بۆیە بەرابەرکێی بۆ سەرکەوتن و بردنـەوە نـەبووە ، بـەڵکو ئـاواتی خواسـتووە

[268] تهذيب الأسماء (١ : ٤٨) .
[269] توالي التأسيس (٥٧) .
[270] تهذيب الأسماء (١ : ٦٠) .
[271] تهذيب الأسماء (١ : ٦٠) .
[272] توالي التأسيس (٥٧) .
[273] توالي التاسيس (٧٦) .
[274] توالي التأسيس (٧٦) .

خەڵكیی هەر هەموو ئەو زانستەی ئەویان بزانیایە با هیچ کەس ئەو زانستەی بە هی ئەو نەزانیایە کە دەفەرموێ :

« ما ناظرت قط علي الغلبة ، وبودي أن جميع الخلق تعلموا هذا الكتاب ، فلا ينسب إلي منه شيء » .[٢٧٥]

ئەبوئەحمەدی کوڕی عەدیی کە عەبدوڵلای کوڕی عەدیی کوڕی عەبدوڵلای جورجانیـیە و بە (ابن القطان) ی حافیظی گەورە ناسراوە و ، یەکێکە لەو کەڵەزانایانەی کە لە ناسینی فەرموودە و پیاوانیدا رای وەردەگیرێت و ساڵی (٣٦٥) ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە ، دەگێڕێتەوە : لە ئەبوبەکری کوڕی ئەبوحامیدم بیست ، کە بەڕێوەبەری (بیت المال) ی میصر بوو ، دەیوت : لە مەجلیسی (ابن الفرات)[٢٧٦] دا دانیشتبووین و ئەبومووسای ضەریریشمان لەگەڵ دا بوو ، کە ئەو رۆژە گەورە مامۆستای ئەهلی (رأي) بوو ، (ابن الفرات) بە ئەبومووسای وت : لە بارەی دووپیاوەوە پرسیارت لێ دەکەم و تۆش وەڵامم بدەرەوە .

وەزیر وتی : یەحیای کوڕی ئەکثەم ئینکاریی زانستی ناکرێت و ، دەشزانی چەندە لای خەلیفە لە پێشەوەیە ، بە رادەیەک کە مەئموون لەگەڵ خۆیدا ماوەی دەدا شوێنی خەوتنیشی ببینێ و ، کتێبی داناون و ، ئینکاریی زمان پاراویی و زانیارییشی ناکرێت ، کەچیی وا پێ نازانم کە دووکەس بە گوێی بکەن . ئەوەش شافیعی‌یە کە بە هەژاریی هاتە عیراقەوە و ، لەلای خەلیفەش هیچ پلەیەکی نیە . ئەویش کتێبی داناون و، وا دەبینم هەموو رۆژێ ناوی بەرزتر دەبێتەوە و، خەڵکیی زیاتریش لە دەوری کتێبەکانی کۆدەبنەوە ..

ئەبومووسا بۆ ماوەی سەعاتێک هەر بیری دەکردەوە ، پاشان وتی : ئەڵێم : شافیعیی بەم زانستەی مەبەستی خوا بووە ، بۆیە خوایش بەرزی کردەوە ..[٢٧٧]

ئەمە کلیلی سەرکەوتنە بۆ موسڵمانان : کار بۆ رەزامەندیی خوا بکەن .. گرنگ نیە ئەوکارە ناودار بێ یان نەء .. گەورە بێت یان بچووک !!

ئیخلاص و پاکیی نییەتی ئیمام شافیعیی لە رادەیەکدا بوو کە زانستەکەی لە هەموو سەرزەوییدا بڵاوە بکات .

---

[٢٧٥] توالي التأسيس (٧٦) .

[٢٧٦] ناوی عەلیی کوڕی موحەممەدی کوڕی مووسایە . وەزیرێکی زۆرزانی زمانپاراوی ئەدەبیی سەخیی بووە . لە سەردەمی (المقتدر) دا سێجار پۆستی وەزیریی وەرگرتووە و لە (٣١٢) ی کۆچییدا کوژراوە .

[٢٧٧] توالي التأسيس (٧٦) .

رەبیع ئەڵێت : لە شافیعییم بیست کە دەیفەرموو : « لە خەوما کەسێکێ هاتــە لام و ، کتێبەکانمی هەڵ گرتــن و ، دانــی بـە دەم بـاوە و ، ئـەوانیش بـە ئاسمــاندا پــەرش و بــڵاو بوونەوە . کە خەوەکەم بۆ یەکی لە لێکدەرەوانی خەو گێڕایەوە ، وتی : ئەگەر ئەم خــەوەت بێتە دیی ، زانستەکەت دەگاتە هەموو وڵاتێکێ لە وڵاتانی ئیسلام ».[٢٧٨]

ئیمام شـافیعیی گـەلێکێ مامۆسـتای هـەبوون و ، لـە هـەموو کەسیش زیـاتر قوتـابیی هـەبوون کـە چـەندین کەڵـەزانایان لێ هەڵکـەوتن کـە بەشـی زۆریـان مامۆسـتای ئیمامــە ناودارەکان بوون ، بە تایبەت مامۆستای شەش ئیمامی دانەری (الصحاح الستة) .[٢٧٩]

(٩) زانایان و ستایشی ئیمام شافیعیی :

خوای گەورە بە سۆزی بەلێشاوی وەهای بۆ شافیعیی هێنایە پێش کــە لــە سـەردەمێکی ناوازەدا بژیــت .. لــەو سـەردەمەدا کـە ئومـمـەتی ئیسـلام بەخەبـەر هـاتبوون و لـە هـەموو بوارێکی زانستدا لە پێش برکێدا بوون . ئا لــەو سـەردەمە پڕ بەختەوەرییـەدا مێـژوو بـە ژیرانە کاری سەرشـانی خۆی ئـەنجام دەدا .. رێـز لـەی پیـاوی پیاوانـەی خزمـەتگـوزاری خاوەن زانست و رەوشت بەرز و بەتــەقوا دەگـیرا .. پایـە بـۆ خواناسـان دادەنـرا .. قیامـەت سەنگی مەحەکێ بوو بە لای کۆمەڵــەوە .. بۆیـە کەڵـەزانای پایـەدار هـەر چوار ئیمامـەکـە بوون، کە رێزی تایبەتی‌یان لێ دەگیرا و خۆشەویستی ناو کرۆکی دڵی موسـڵمانان بـوون و ، ئومـمـەتی ئیســـلامیش تەوپــەڕی ستایشــی دەکــردن و ، زانــا پایــەدارەکانیش وەسـفی راستەقینەی ئەوانیان دەکرد .

جا هەرچەندە لە پێشەوە ستایشی هەندێ لە مامۆستایان خرایــە پێـش چـاو ، وا چاکـە لێرەشدا هەندێکی تر باس بکەین :

فەضلی کوڕی دەکین ، کــە زانایــەکی پایەبــەرز بــووە و لــە سـاڵی (٢١٩) ی کۆچیـیدا کۆچی دوایی کردووە ، وتوویە :

« ما رأينا ولا سمعنا أكمل عقلاً ، ولا أحضر فهماً ، ولا أجمع علماً من الشافعي » .[٢٨٠]

---

[٢٧٨] توالي التأسيس (٥٢) .

[٢٧٩] سەرنجی کتێبی (الإمام الشافعي) دانراوی مامۆستا (عبدالغني الدقر) م دا دەبینم پەنجا و چوار قوتابیی ئیمام شافیعیی مامۆستای نەو شەش ئیمامە بوون . ل ٣٢٥ ـ ٣٣٦ .

[٢٨٠] توالي التأسيس (٥٩) .

(ابو الثور) یش وتوویه : هەرکەس وادەربـبڕێ کـە لـە زانسـت و ، زمـان پـاراوی و ، زانین و ، دامەزراویی و ، لێهاتن‌دا پیاوی وەکێ موحەممەدی کوڕی ئیدریسی دیوە ئەوە درۆی کردووە ، بە راستیی تا لە ژیان‌دا بوو هاوتای نەبوو و ، کە چوویش بە رێـی خۆیـەوە کەس شوێنـەکەی پڕ نەکردەوە .[٢٨١]

کـاتێکیش کـە فـەرموودەی ئامۆژگـاریی بـۆ خوێندرایـەوە و لەسـەر خـۆی چـوو ، بـە سوفیانی کوڕی عویەینـەی مامۆستای وتـرا کـە لەوانەیـە شـافیعیی مردبـێ ، ئـەویش لـە وەڵام‌دا وتی : ئەگەر مردبێ ، ئەوا چاکترین پیاوی سەردەمی خۆی مردووە .[٢٨٢]

هاروونی کوڕی سەعیدی ئەیلییش ، کە یەکێک لە مامۆستایانی موسلیم بووە ئـەڵێت : پیاوی وەکێ شافیعییم نەدیوە .[٢٨٣]

ئەبومەنصووری ئەزهەرییش ، کە لە ساڵی (٣٧٠) ی کۆچیی‌دا کۆچی دوایی کردووە ، دەری دەبڕێ کە هیـچ فەقیـهێکی نـەدیوە ئـەوەندەی شـافیعیی زانسـتی زۆرتـر و ، زمـانی پاراوتر و ، خوربەی دڵی فراوان تر بێت کە ئەڵێت : « عكفت على المؤلفات التي الفها فقهاء الأمصار ،فألفيت الشافعي أغزرهم علماً ، وأفصحهم لساناً ، وأوسعهم خاطراً » .[٢٨٤]

ئەبوعوبەید قاسمی کوڕی سەلام یش وتوویە : کەسم نەدیوە لە عـاقلیی و ، لە وەرەع و ، لە زمان‌پاراویی و ، لە رای دروست‌دا لە شافیعیی زیاتر بێت .[٢٨٥]

هەروەها وتوویە : هێشتا پیاوێکم نەدیوە لە شافیعیی کامڵتر بێت .[٢٨٦]

زەعفەرانییش دەری بڕیوە کە پیاوی نەدیوە لە شافیعیی چاکتر و بـەرێزتر و سـەخیی‌تر و بەتەقواتر و زاناتر .[٢٨٧]

بیشری مورییسیی‌ش وتوویە :« ما رأيت أمهر من الشافعي » .[٢٨٨]

---

[٢٨١] وفيات الأعيان (١ : ٥٦٦) .

[٢٨٢] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٥٩) .

[٢٨٣] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٢) .

[٢٨٤] توالي التأسيس (٦٢) .

[٢٨٥] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦١) .

[٢٨٦] وفيات الأعيان (١ : ٥٦٥) .

[٢٨٧] توالي التأسيس (٥٥).

[٢٨٨] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٣) .

ئیمام ئەحمەدیش دەری دەبڕێ کە هیچ کەس ئەوەندەی شـافیعیی لـە زانسـتدا هەڵـەی کەم نەبووە و ، هیچ کەسیش ئەوەندەی ئەو بە توندیی دەسـتی بـە سـوننەتی پێغەمبـەرەوە ﷺ نەگرتووە .[٢٨٩] هەروەها فەرموویە : « ما رأيت أفصح منه ، ولا أفهم للعلوم منه» .[٢٩٠]

ئیسحاقی کوڕی راهوویەش ، کە سەرەتا بەرابەرکێی لەگەڵ شافیعییدا دەکرد ، ئـەڵێت : « الشافعي إمام العلماء ، وما يتكلم أحد بالرأي إلا والشافعي أقل خطـــأً منـــه » .[٢٩١]
هەروەها وتوویە : « الشافعي إمام » .[٢٩٢]

یەحیای کوڕی سەعیدیش ناوی شافیعیی دەبات و ئەڵێت : کەسم نەدیوە لـە شـافیعیی عاقڵ تر و فەقیهـ تر بێت) .[٢٩٣]

حومەیدییش ناوی شافیعیی بە (سيد الفقهاء) و (سيد علماء زمانه) دەبرد .[٢٩٤]

ئەییووبی کوڕی سووەیدی رەملیـیش ، کـە یـەکێ بـووە لـە مامۆستایانی شـافیعیی و یانزە ساڵیش پێش ئەو کۆچی دوایی کردووە ، ئەڵێت : بە بیرمدا نەهاتووە کە مـن دەمێنـم هەتا پیاوی وەک شافیعیی ببینم .[٢٩٥]

جونەیدیش ئەڵێت : «كان الشافعي من المريدين الناطقين بلسان الحق في الدين ».[٢٩٦]

موحەممەدی کوڕی حەسەنیش کە گەورە قوتابیی ئیمام ئەبوحەنیفە بووە یـەکجار رێـزی لە شافیعیی گرتووە . ئەبوحەسسان ئەڵێت : نەمدیوە موحەممـەد ئـەوەندەی شـافیعیی رێـز لە هیچ کەس بگرێت .[٢٩٧]

موعەممەری کوڕی شەبیب یش ئەڵێت : گوێم لە مـەئموون بـووە وتوویـە : لـە هـەموو شتێکدا موحەممەدی کوڕی ئیدریسی شافیعییم تاقیی کردۆتەوە و بـە کـامڵ هاتـە پێـش چاوم .[٢٩٨]

---

[٢٨٩] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٠) .
[٢٩٠] توالي التأسيس (٥٧) .
[٢٩١] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦١) .
[٢٩٢] توالي التأسيس (٥٧) .
[٢٩٣] توالي التأسيس (٥٥) .
[٢٩٤] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٢) .
[٢٩٥] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٥٩) .
[٢٩٦] توالي التأسيس (٦١) .
[٢٩٧] توالي التأسيس (٧١) .
[٢٩٨] توالي التأسيس (٥٦) .

ئەمە کەمێکێ لە ستایشی گەورە زانایانی سەردەمی خۆی بوو ، هەروەها زانایانی دوای خۆیشی ستایشیان کردووە :

ئەحمەدی کوڕی سەییار ، کە بە هاوتای عەبدوڵلای کوڕی موبارەکێ لە قەڵـەم دراوە و ، لە ساڵی (٢٦٨) ی کۆچیی‌دا کۆچی دوایـی کـردووە ، دەری بڕیـوە کـە ئەگـەر شـافیعیی نەبوایە ئیسلام تیا دەچوو کە ئەڵێت : « لولا الشافعي لدرس الإسلام » .[٢٩٩]

ئیبراهیمی کوڕی ئیسحاقی حەربییش ئەیوت : مامۆسـتای مامۆسـتایان فەرموویـە : کە پێی دەوترا : کێ‌یە ؟

ئەیوت : شافیعیی . ئەی مامۆستای ئەحمەدی کوڕی حەنبەل نیە ؟[٣٠٠]

ئەبوزەرعەش وتوویە : پێ نازانم هیچ کەس لە شـافیعیی زیـاتر منـەتی بەسـەر ئـەهلی ئیسلامەوە هەبێ .[٣٠١]

ئەبوحاتەمی رازییش وتوویە : شافیعیی هاوناوی منە و ، باوکیشی هاونـاوی باوکمـە . (ئەویش ناوی موحەممەدی کوڕی ئیدریس بووە) . ئەگەر ئەو نەبوایە زانایانی فـەرموودە هەر بە کوێریی دەمانەوە .[٣٠٢]

ئـەبو عـەبدوڵلای بوشـەنجیی شـافیعییش ، گـەورە مامۆسـتای زانسـت دۆسـتانی نەیساپوور، کە لە ساڵی (٢٩٠) ی کۆچیی‌دا کۆچی دوایـی کردووە ، دەری بڕیـوە کـە بـە وردیـی سـەرنجی پیـاوانی ئیسـلامی داوە و دوای چـەرخی یەکـەمی ئوممـەتی ئیسـلام کەسێکی نەدیوە کە لە شافیعیی پایەدارتر و ، روونکردنەوە چاکتر و ، زمان پاراوتر بێـت، سەرەڕای خزمایەتییشی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ .[٣٠٣]

داوودی کوڕی عـەلیی ئەصبـەهانییش ـ کـە پێشـەوای مەزهـەبی ظاهیری‌یـە ـ ئـەڵێت : کۆمـەڵێکێ رەوشتی جوان لە شافیعیی‌دا کۆ بوونەتەوە کە لە کەسانی تـردا کۆنەبوونەتـەوە . یەکەم رەوشتی ئەمەیە :

شەرەفـداریی نەسەب و پایە و پلەی و ، لە خزم و کەس‌وکاری پێغەمبەریشە ﷺ .

یەکێ تر لەوانە : دروستیی دینی و ، سەلامـەتیی عـەقیدەی لە هەوابازیی و بیدعـەت .

---

[٢٩٩] توالي التأسيس (٦٢) .
[٣٠٠] توالي التأسيس (٦١) .
[٣٠١] توالي التأسيس (٦١) .
[٣٠٢] توالي التاسيس (٦١) .
[٣٠٣] توالي التأسيس (٦١) .

یەکێ تر لەوانە : سەخاوەتی دڵ و دەروونی .

یەکێ تر لەوانە: ناسینی فەرموودەی صەحیح و نەخۆش ، هەروەها ناسیخ و مەنسووخ .

یـەکێ‌تر لەوانـە : لەبـەر کردنـی قورئـانی پـیرۆز و ، شـارەزایی لـە هــەواڵ و مێــژووی پێغەمبەری خوا ﷺ و ، ئاگاداریی لە سیرەتی پێغەمبەر ﷺ و سیرەتی خەلیفەکانی .

یەکێ تر لەوانە : دەرخستنی ناتەواویی ناحەزانی و ، دانانی کتێب .

یەکێ تر لەوانە : هەڵکەوتنی کۆمەڵە قوتابیی و هاوەڵێکی بۆی ، وەکێ ئەحمەدی کـوڕی حەنبەل لە زوهد و زانست و جێبەجێ‌کردنی سوننەتدا و ، وەکێ سولەیمانی کوڕی داوودی هاشمیی و ، حومەیدیی و، کەرابیسیی و ، ئەبوثەور و ، زەعفەرانیی و ، بووەیطــیی و ، ئەبولوەلیدی کوڕی ئـەبولجاروود و ، حەرمەلـە و ، رەبیـع و ، حـاریثی کـوڕی سـورەیج و ، سەروکاریی‌کەری مەزهەبەکەی ئەبوئیبراهیمی موزەنیی .[٣٠٤]

هەروەها داوودی کوڕی عەلیی ، دوای ئەوەی کە باسـی مەسـەلەیەکێ دەکـات ، وەسـفی شافیعیی دەکات کە لێکدانەوەی ئەو مەسەلەیە قەولی ئەوە : (هـــذا قــول مطلبيِّنــا الشافعي الذي علاهم بنكته ، وقهرهم بأدلته ، وباينهم بشهامته ، وظهر عليــهم بحمازتــه ، التقي في دينه ، النقي في حسبه ، الفاضل في نفسه ، المتمسك بكتاب ربه ، المقتــدي قــدوة رسوله ، الماحي لآثار أهل البدع ، الذاهب بجمرهم ، الطامس لسنتهم ، فأصبحوا كما قــال تعالى : ﴿ فَأَصْبَحَ هَشِيمًا تَذْرُوهُ الرِّيَاحُ وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ مُقْتَدِرًا ﴾) .[٣٠٥]

هیلالی کوڕی عەلائی رەققییش وتوویـە : خـوای گـەورە بـە (بـەدیی‌هێنانی) چـوار کەس ـ هەر یەکە لە سەردەمی خۆیاندا ـ بەخششی خۆی بەسەر ئەم ئوممەتەدا رژاند : بە شافیعیی بە شارەزایی لە فیقهی فەرموودەی پێغەمبەری خـوا ﷺ و ، بـە ئیمـام ئەحمـەدی کوڕی حەنبەل لـە تاقیی‌کاری‌یەکـەیدا ، چونکـە ئەگـەر وا نەبوایـە خەڵکەکـە ئیمانیـان لـە دەست دەدا و ، بە یەحیای کوڕی موعین بە پـاکێ‌کردنـەوەی فـەرموودەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە درۆ هەڵبەسـتن و ، بـە ئەبوعوبـەیدی قاسم ی کـوڕی سـەلام بـە تەفسـیرکردنـی فەرموودەی غەریبی پێغەمبەری خوا ﷺ ، چونکـە ئەگـەر وا نەبوایـە خـەڵکیی بـە هەڵـەدا دەچوون .[٣٠٦]

---

[٣٠٤] توالي التأسيس (٦١) .

[٣٠٥] توالي التاسيس (٦١) .

[٣٠٦] نزهة الألباء (١٣٩) .

(١٠) ستایشی هەندێ لە زانایان :

یەکەم کەسێک کە بە لای شافیعی‌یەوە گـەورە و بـەڕێز بـوو بێـت مامۆسـتای پایەبـەرز ئیمام مالیک بووە . دوای ئەویش ڕێزی تایبەتیی بۆ سوفیانی کـوڕی عویەینـە دادەنـا کـە ئەوە بوو لە تەمـەنی یانزە ساڵی‌یەوە ئامادەی دەرسەکانی دەبـوو و ، زانستێکی چـاکی لێ وەرگرت .

هەروەها یەکێ لەوانەی کە بە لایەوە زۆر بەڕێز بوون موسلیمی کـوڕی خـالیدی زنجیـی بوو کە یەکەم مامۆسـتای بـوو و لـە مەککـەدا فیقـهی بـە لایـەوە خوێنـد و ، دەربارەشـی دەیفەرموو : ((موسلیمی کوڕی خالیدی زنجیی فەقیهی سەردەمی خۆی بوو)) .

هەروەها ڕێزێکی زۆری لە تابیعیی بەناوبانگ و موفتیی و زانای فەرموودەی مەککـە ، عـەطائی کوڕی ئـەبوڕەباح دەگـرت ، ئەگـەرچیی بـە خزمـەتیشـی نەگەیشـتبوو [٣٠٧] کـە دەیفەرموو : ((لە ناو تابیعی‌یاندا کەسێک نیە لە عەطاء زیاتر شوێن‌کەوتـەی فـەرموودە بێت)).[٣٠٨]

هەروەها ستایشی زۆرێک لە زانـا بـەڕێزەکانی عـیراق و میصـری دەکرد ، بـە تایبـەت ئیمام ئەحمەد چونکە ئەو خاوەنی چەندین سیفەتی بەرز بوو ، کـە دەیفـەرموو : ((کـە لـە بەغداد دەرچووم لـە ئەحمـەد فەقیهـ تـر و ، واریـعتـر و ، زاهیدتـر و ، زانـاترم تیایـا بـەجێ نەهێشت)) .[٣٠٩]

لە هەمان کاتدا ستایشی زانایانی فەرموودە و فەقیهەکانی عیراقی دەکرد ..

لە بارەی شەعبی‌یەوە دەیفـەرموو : ((لـە زۆر ریوایـەت‌کردنـی فـەرموودەدا شـەعبیی وەک عوروەی کوڕی زوبەیر وەهایە)) .[٣١٠]

وەهایشی دەبینی کە شوعبەی کوڕی حەججاج کە ئـەمیری فـەرموودە بـوو و لـە سـاڵی (١٦٠) ی کۆچیی‌دا کۆچی دوایی کردبـوو ، دەورێکـی گرنگـی هـەبووە بـۆ بڵاوکردنـەوەی فـەرموودە و ، دەسـت‌کۆتـاکردنیش بەوانـەی کـە شـیاوی گێڕانـەوەی فـەرموودە نـەبوون .

---

[٣٠٧] چونکە لە ساڵی (١١٤) ی کۆچیی‌دا کۆچی دوایی کردووە .

[٣٠٨] آداب الشافعي (٢٠٦) .

[٣٠٩] الطبقات الكبرى (١ : ٢٧) .

[٣١٠] آداب الشافعي (٢٠٨) .

ئەفەرموێ : « ئەگەر شوعبە نەبوایە فەرموودە لە عیراقدا نەدەناسـرا . ئەوە بـوو دەهاتـە لای کابرا (کە شیاوی گێڕانەوە نەبوو) و پێی دەوت :

فەرموودە نەگێڕیتەوە ، دەنا لای کاربەدەستان شکاتت لیٚدەکەم » .[٣١١]

جـا وەکێ ستایشـی شـوعبەی دەکـرد لـە سـەر شـارەزایی لـە فـەرموودەدا و ، لەسـەر وەرەعـی، لـە هـەمان کـاتدا رەخنەشـی لیٚ دەگـرت کـە لـە قیـاسدا لاوازە . بگـرە بـە نموونەش دەهێنرایەوە .

رەبیع ی کوڕی سولەیمان ئـەڵێت : « ئەگـەر کەسـێک لـە قیـاسدا هەڵـەی بکردایـە ، شافیعیی دەیفەرموو : ئەمە قیاسی شوعبەیە ».[٣١٢]

شافیعیی هەرچەندە لەگەڵ فەقیهەکانی ئەهلی (رأي) عیراقدا بەرابەرکێی هـەبوو و ، پەرچی زۆرێک لە بۆچوونەکانیانی دەدایەوە ، لە هەمان کاتدا زۆر رێزی لیٚ دەگرتـن و بـە سەنگین سەیری دەکردن ، ئەمەش لـە روانگـەی ئـەوەوە کـە ئـەو فەقیهـە بەڕێزانـە کـاری ئیجتیـهادیان ئـەنجام داوە . جـا موجتـەهیدیش بـە پێکـان بـەرز دەبێتـەوە ، کـەچیی بـە نەپێکان نزم نابێتەوە ، چونکە ئەگەر پێکای دوو پاداشـتی هەیـە و گـەر نەشـی پێکـا ئـەوا یەک ئەجری هەر دەبیٚ و ، هەموو زانایەکیش دەگونجیٚ هەڵە بکا . جا ئەوە بوو شـافیعیی بە شێوەیەکی گشتیی ستایشی زانایانی عیراقی دەکرد و دەیفەرموو : « الناس عيال علـى أهل العراق في الفقه » .[٣١٣] بە تایبـەتییش رێـزی زیـاتری لـە ئەبوحەنیفـەی ئیمـامی عـیراق دەگرت کە دەیفەرموو: « من أراد أن يتبحـر في الفقه فهو عيال علـــى أبي‌حنيفـة » .[٣١٤] هەروەها دەیفەرموو : بە مالیکیان وت : ئایا ئەبوحەنیفـەت دیـوە ؟ فـەرمووی : بـەڵیٚ ، پیاوێکم دیوە کە ئەگەر بیویستایە بیسەلمێنیٚ کە ئـەم کۆڵەکەیـە ئاڵتوونـە ئـەوا بەڵگـەی دەست دەخست .[٣١٥]

بەڵام لەوە ناچیٚ شافیعیی و ئەبویووسفی قاضیی یەکیان بینیبیٚ ، چونکـە ئەبویووسـف لە ساڵی (١٨٢) ی کۆچییدا کۆچی دوایی کـردووە و شـافیعییش لـە سـاڵی (١٨٤) دا

---

[٣١١] آداب الشافعي (٢٠٩) .

[٣١٢] آداب الشافعي (٢٠٩) .

[٣١٣] آداب الشافعي (٢١٠) .

[٣١٤] الجواهر المضية (٢ : ٤٥٦) .

[٣١٥] الجواهر المضية (٢ : ٥٠٨) .

بۆ یەکەم جار سەری لە بـەغداد داوە ، مەگـەر ئەبویووسـف سـەری لـە مەککـە و مەدینـە دابێت و لە سەردەمی لاویی شافیعیی‌دا چاویان بە یەکتر کەوتبێ .

بـەڵام ئـەوە بـوو کـە هاتـە بـەغداد چـاوی بـە موحەممـەدی کـوڕی حەسـەن کـەوت و کتێبەکانی نووسی‌یەوە و ڕێزێکی چاکیشی لێ دەگرت ..

هەروەها ستایشی پیـاوێکی خـەڵکی ڕەی دەکـرد کـە خـەڵکی لـە دەوری قورئـان جـەم کردووە کە ناوی مووسا بووە و بە ئەبوعیمرانی صووفیی بە ناوبانگ بووە .

هەندێ کەڵە زانای تر هەبوون کە بە لایەوە زۆر سەنگین بوون ، بەڵام بە داخەوە بوو کـە چاوی پێ نەکەوتبوون ، وەک : (لیث) ی کوڕی سەعدی کـوڕی عـەبدوڕڕەحمانی فـەهمیی کە زانا و فەقیهـ و سەرۆکی میصر بـووە و لـە سـاڵی (١٧٥)ی کۆچیـی‌دا کۆچـی دوایـی کردووە و ، وەک ئیبن ئەبوذیئب ، موحەممەدی کـوڕی عـەبدوڕڕەحمانی کـوڕی موغـیرەی کوڕی حـاریثی قوڕەیشـیی عامـیریی ، کـە ئیمـامێکی خواناسـی دامـەزراو و ، پیـاوێکی زانسـت‌دۆستی ڕاسـتیی‌بێژ بـووە و ، لـە سـەردەمی مـالیک‌دا و لـەوەو پێشـیش فەقیـهی مەدینە بووە و ، ئیمام ئەحمـەدیش زۆر بـە واریـع ی دانـاوە [٢١٦] و، لـە سـاڵی (١٥٩) ی کۆچییدا کۆچی دوایی کردووە .

ئیمام شافیعیی لـە ڕاسـتیی‌بێژیـی ئیـبن ئـەبوذیئب زۆر دڵ خـۆش بـوو کـە لـە بـەردەم شمشێری خەلیفەکان‌دا ڕاستیی وتووە و ، هیچ هێزێک نەی‌توانیوە چاوترسێنی بکات .

موحەممەدی کوڕی عـەبدوڕڕەحمانی دەینەوەریی ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت : عەبدولحەکـەم بۆمانی باس کرد و وتی : شـافیعیی هـەواڵی داینـێ و ، فـەرمووی : مامـەم موحەممـەدی کوڕی عـەلیی (کە ئامۆزای باپیری شافیعیی بـووە) بۆمـی بـاس کـرد و وتـی : ئامـادەی مەجلیسـی ئـەمیری ئیمـان‌داران ئەبوجەعفـەری مـەنصوور بـووم و ، ئیـبن ئـەبوذیئب و حەسەنی کوڕی زەیـدی کـوڕی ئیمـام حەسـەنی والیـی مەدینـەش لـەوێ بـوون . ئـەوە بـوو غیفاریی‌یەکان (هۆزەکەی ئەبوذەڕڕی غیفاریی ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ) هاتن و لە هـەندێ هەڵس و کەوتی حەسەن شکاتیان بە لاوە کرد . ئەویش وتی : ئەی ئەمیری ئیمان‌داران ! لـە بارەی ئەمانەوە پرسیار لە ئیبن ئەبوذیئب بکە . کە پرسیاری لێ کـرد ، وەڵامـی دایـەوە : شاهێدیی دەدەم کـە باسـی شـەرەف و ئـابرووی موسـڵمانان دەکـەن و ، ئـازاری زۆریشـیان دەدەن . ئەبوجەعفەر وتی : بیستتان ؟ وتیان : لە بارەی حەسەنیشـەوە پرسـیاری لێ بکـە .

---

[٢١٦] توالي التأسيس (٥١).

وتی : دەربارەی ئەو چیی ئەڵێیت ؟ وتی : شاهێدیی دەدەم کە حوکم بە ناڕەوا دەدات و ، شوێن هەوای خۆی دەکەوێت . موحەممەد (کە ریوایەت دەکات) ئەڵێت : جلەکانم پێچان بە خۆمەوە و ، شمشێربەدەستیش بەسەر سەری ئەبوجەعفەرەوە وەستا بوو ، چونکە دەترسام فەرمانی پێ بکا بیکوژێ و ، خوێنەکەی بەر جلەکانم بکەوێت . ئەبوجەعفەر وتی: حەسەن بیستت چیی وت ؟ ئەویش وتی : دەربارەی خۆیشت پرسیاری لێ بکە . ئەبوجەعفەر بە ئیبن ئەبوذیئبی وت : ئەی دەربارەی من چیی ئەڵێی ؟ وتی : ئایا ئەمیری ئیمانداران دەستبەردارم دەبێت ؟ وتی : بەخوا پێم ئەڵێیت ، دەمێ بە نەرمیی و دەمێ بە توندیی لەگەڵیا هات . وتی: شاهێدیی دەدەم کە سامانت بە ناڕەوا وەرگرتووە و، داویشتە بە کەسانێک کە شیاوی نین . ئەبوجەعفەر لە شوێنەکەی خۆیەوە هات و دەستی لە پشت ملی ئیبن ئەبوذیئب گیر کرد . موحەممەد ئەڵێت : لە ترسی ئەوەی کە فەرمان بە کوشتنی بدات جلەکانم پێچان بە خۆمەوە ، نەوەکو خوێنەکەی بەر جلەکانم بکەوێت . پاشان خەلیفە وتی : بەخوا ! ئەگەر من نەبوومایە ئێستە رۆڵەکانی فارس و رۆم و تورک و دەیلەم ئەم شوێنەیان لێت سەندبوو . مامۆستا وتی : ئەبوبەکر و عومەریش کاریان گرتە دەست و ، شوێن حەقیش کەوتن و ، بە یەکسانییش سامانیان بەش کرد و ، پشت ملی فارس و رۆمیشیان گرت و لووتیشیان چەقاندن بە خۆڵدا . ئەبوجەعفەر پشت ملی بەردا و، وازی لێهێنا و وتی : بەخوا لەبەر ئەوە نەبوایە کە دەزانم راستگۆی دەمکوشتی . ئیبن ئەبوذیئبیش بە ئەبوجەعفەری وت : بەخوا من ئامۆژگاری چاک ترم بۆت لە مەهدیی . واتە کوڕەکەی .[317]

حەرمەلەش لە شافیعیی‌یەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویە : موحەممەدی کوڕی عیجلان[318] فەرمانی بە چاکە دەدا و دوورەپەرێزیی لە خراپە دەکرد . رۆژێکیان والیی مەدینە درێژەی بە وتارەکەی دا . کە هاتە خوارەوە و نوێژی کرد ، ئیبن عیجلان هاواری لێ کرد و وتی : کابرا ! لە خوا بترسە . قسە و باسەکەت لەسەر مینبەری پێغەمبەری خوا ﷺ درێژە پێ دەدەی ؟! والیی فەرمانی دا بیهێنن و بەند کرا . هەواڵ گەیشتە ئیبن ئەبو ذیئب ئەویش خۆی گەیاندە لای والیی و پێی وت : ئیبن عیجلانت بەند کردووە ؟ والیی وتی : گوایا بەوەوە ناوەستێ لە بەینی خۆم و خۆیدا فەرمانم بەسەردا دەکات ، تا بە

[317] آداب الشافعي (٤٦) .

[318] موحەممەدی کوڕی عیجلانی قورەیشیی یەکێکە لە زانا دڵسۆزە خزمەت گوزارەکانی ئیسلام کە ئیمام ئەحمەد و ئیبن موعین بە (ثقة)یان داناوە . ساڵی (١٤٨) ی کۆچیی کۆچی دوایی کردووە .

فەرمانەکەی ئەو بکـەین ، کـەچیی لەبـەر چـاوی خـەڵکیی‌دا هاوارمـان لێ دەکـات و بـێ دەسەڵاتمان دەردەخات ؟

ئیبن ئەبوذیئب وتی : ئیـبن عیجـلان ئەحمەقـە ، ئەحمەقـە . ئـەو چـاوی لێتـە حـەرام دەخۆیت و ، جل و بەرگی حەرام دەپۆشیت ، کەچیی نارەزایی دەرنـابڕێ و ئـەڵێت : بەسـەر مینبەری پێغەمبەری خواوە ﷺ درێژە بە قسە و باسەکەت دەدەیـت !! والیـی وتـی : ئیـبن عیجلان بکەنە دەرەوە ، هیچی لەسەر نیە .[٣١٩] وەکـ بڵێ : رەحمەت لە کفن دزی پێشوو !

هەروەها شاهێدیی راستگۆیی ئەصمەعیی داوە و ، شاهێدییشی داوە کە کەسسائیی لە (نحو) دا زۆر شارەزایە .[٣٢٠]

زانا و فەقیهەکانی ئیسلام ، کە هەموو گیانیان ویژدان و دڵ پاکی‌یە ، لە رۆڵـی گرنگـی ئیمـام شـافیعیی ئاگـادار بـوون و ، دەیـانزانیـی خـاوەنی چ ئیخلاصێکـی بێوێنەیـە بـۆ خزمـەتکردنی قورئـان و سـوننەت .. ئـەو زانـا بەرێزانـە دەیـانزانیـی چـەندە قـەرزاری شافیعیین ، بۆیە لە ماوەی ژیانی‌دا و دوای مردنیشی ، بە نهێنیی و بە ئاشکرا لـە خـوای گەورە بۆی دەپاڕانەوە کە بە چاکترین شێوە لە بریی ئەو خزمەتە مەزنە پاداشتی بداتەوە .

ئەوەتا ئیمام ئەحمەد دان بە فەزڵی شـافیعیی‌دا دەنـێ و ، دەری دەبـڕێ کـە ئـەوە سـیی ساڵە دوعای بۆ دەکات و ، داوای چاوپۆشیی بۆ دەکات کە ئەفەرموێ : « هذا الذي تـــرون كله أو عامته من الشافعي ، وما بت منذ ثلاثين سنة إلا وأنا أدعو الله للشافعي وأستغفر له » .[٣٢١]

هەروەها دەری بڕیوە کە شـەش کـەس هـەن لـە بەرەبـەیان‌دا دوعایـان بـۆ دەکـات کـە یەکێکیان شافیعی‌یە .[٣٢٢]

هەروەها فەرموویە : کەسێ پێ نازانم لە سـەردەمی شـافیعیی‌دا لـە شـافیعیی منـەتی زیاتری بەسەر ئیسلامەوە هەبێت .. منیش لە دوای نوێژەکـانم بـۆی دەپاڕێمـەوە و ئـەڵێم : خوایە لە خۆم و ، لە دایکـ و باوکم و ، لە موحەممەدی کـوڕی ئیدریسـی شـافیعیی خـۆش ببیت .[٣٢٣]

---

[٣١٩] آداب الشافعي (٤٨) .

[٣٢٠] نزهة الألباء (٧١) .

[٣٢١] توالي التأسيس (٥٧) و وفيات الأعيان (١: ٥٦٥) .

[٣٢٢] صفة الصفوة (٢ : ١٤٢) .

[٣٢٣] معجم الأدباء (١٧ : ٢٠٣) .

یـەحیای کـوڕی سـەعیدی قـەططانیش کـە لـە سـەردەمی خۆیدا پێشـەوای زانایـانی فەرمووده بووه وتوویه : ئەمه چوار ساڵه له نوێژدا بۆ شافیعیی له خوا دەپاڕێمەوه .[٣٢٤]

هەروەها عەبدوڕڕەحمانی کوڕی مەهدییش ، که لەسەر داوای ئەو شافیعیی (الرسالة) ی نووسیی ، ئەڵێت : هەرچیی نوێژ بکەم تیایا له خوا دەپاڕێمەوه بۆ شافیعیی .[٣٢٥]

(١١) نوێ خوازی صەدەی دووهەم :

پێغەمبەری خـوا ﷺ دەری بڕیـوه کـه خـوای گـەوره لەسـەری هـەموو صـەد سـاڵێکدا نوێکردنەوەی ئیسلام به کەسێک دەسپێرێ ، وەک لەم فـەرموودەدا دەی بینـین . لـه ئـەبو هـورەیـرەوه ـ خوا لێی ڕازیی بێ ـ لـه پێغـەمبەری خواوه ﷺ دەگێڕێتەوه که فەرموویـه : « يبعث الله لهذه الأمة على رأس كل مائة سنة من يجـدد لهـا دينـها » . بـەدوای ئـەم فەرموودەیەدا ئیمام ئەحمەد دەفەرموێ : سەرنجی ساڵی صەدەمینم دا دەبینـم پیاوێکـه له ئال و بەیتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، عومەری کـوڕی عەبدولعـەزیز و ، سـەرنجی سـەری صەد ساڵی دووهەممدا دەبینم پیاوێکه له ئال و بەیتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، موحەممـەدی کـوڕی ئیدریـس . ئیـبن سـوبوکیی دەری دەبڕێـت کـه ئەمـه شـتێکی سـەلماوه لـه ئیمـام ئەحمەدەوه .[٣٢٦]

شێخ ئەبولوەلید حەسسانی کوڕی موحەممەدی فەقیه وتوویه : لـه سـاڵی سێ صـەد و سێدا له مـەجلیسـی قـاضیی ئەبولعەبباسـی کـوڕی سورەیج دا بوویـن ، مامۆسـتایەک لـه ئەهلی عیلم هەستایه سەرپێ و پێی وت : ئەی قاضیی ! مژده بێت . خوای گەوره لەسەری هەموو صەد ساڵێکدا کەسێک بۆ ئەم ئوممەته ڕەوانه دەکات تـا کاروبـاری دینەکـەی بـۆ نوێ بکاتـەوه . ئـەوه بـوو خـوای گـەوره لەسـەری صـەد سـاڵی یەکـەمدا عومـەری کـوڕی عـەبدولعەزیزی ڕەوانه کرد و ، له ساڵی صەدوسێدا کۆچـی دوایـی کـرد و ، لەسـەری صـەد ساڵی دووهەمیشدا ئەبوعەبدوڵڵا موحەممەدی کوڕی ئیدریسی شافیعیی ڕەوانـه کـرد و، له ساڵی دووصەد و چواردا کۆچی دوایی کرد و ، لەسەری صەد سـاڵی سـێهەمیشدا تـۆی ڕەوانه کرد . پاشان ئەم شیعرەی وت :

[٣٢٤] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٥٩) .
[٣٢٥] معجم الأدباء (١٧ : ٣١٣) .
[٣٢٦] طبقات الشافعية (١ : ٢٠٠) .

إثنان قد مضيا فبورك فيهما عمر الخليفة ثم حلف السؤدد
الشـافعي الألـمعي محمد إرث النبوة وابن عـم محمد
أبشر ابا العباس إنك ثالث من بعدهم سـقياً لتربة أحمد

ئەڵێت : قـاضیی هـاواری کـرد و دەسـتی کـردە گریـان و وتـی : ئـەم پیـاوە مردنـمی راگەیاند . ئەڵێت : قاضیی ئەبولعەبباس هەر لەو ساڵەدا مرد . خەطیب‌یش لە (مێژوو)ەکەی‌دا باسی کردووە کە ئیبن سورەیج لە ساڵی سێ صەد و شەش‌دا کۆچی دوایی کردووە .[٣٢٧]

ئیبن سوبوکیی‌ش لە (الطبقات) دا ئەڵێت :

لە سەری صەد ساڵی چوارەمینیـش‌دا وتوویانـە کـە : شـێخی ئیسـفرایینیی تیـا رەوانـە کراوە و ، وتووشیانە کە : مامۆستا سەهلی کوڕی ئـەبو سـەهلی صـەعلووکیی تیـا رەوانـە کراوە ، کە هەردووکیان دوو ئیمامی مەزنی دامەزراوی مەزهەبی شافیعیین .

هەروەها وتوویە : پێنجەمینیش غەزالی‌یە و ، شەشەمینیش ئیمام فەخرەددینی رازی‌یە و ، حەوتـەمینیش شـێخ تـەقیوددینی کـوڕی (دقیـق العیـد)ەو ، هـەر هەمووشـیان لـە ئیمامانی مەزهەبی شافیعیین .

(١٢) عەقڵی شافیعیی :

گرنگ نیە خەڵکیی شاهێدیی لەسەر ژیریی کەسێک بدەن ، چونکە عـەقڵ و ژیریـی ئـەو کەسە بە پێی خزمەت‌کردن و کەڵک گەیاندنیەتی بە خەڵکیی و ، بە پێی ئەوەیـە کـە تـا چ رادەیـەک مێشـکی بـۆ بـیر و هەسـتی نـوێ دەڕوات و ، هەسـت بـە لادان و سـەرگەردانیی دەوروبەری دەکات . بە تایبەت ئەگـەر کەسێک لـە سـەردەمێکدا بژیـی کـە کۆمەڵەکـەی رادەی ژیریـی و تێگەیشـتنیان بـەرز بێـت و ، ئـەویش پێـش هـەموویان بداتـەوە و ، بێ‌سەلمێنێ کە ئەو خاوەنی بەڵگەی زانستیانەی زۆر بـەهێزە و ، لـە هـەمان کـاتیش‌دا بـە لای کاربەدەستی رۆژگارەوە هیچ پشت‌گیری‌یەکی نیە و ، خاوەنی پارە و پوولێکیـش نیـە . ئا لەم حاڵەتەدا ئەو کەسە لە هەمووان ژیرترە ..

---

[٣٢٧] معجم الأدباء (١٧ : ٣١٤) .

جا ئیمام شافیعیی لە سەردەمی خۆیدا وەها بوو . چووبــووە سـەر لوتکـەی قووچـەکی ژیریی ئوممەتی ئیسلامەوە ، کە مەگەر چەند دانەیەکی یـەکجار کـەم بتوانـن لێـی نزیـک بکەونەوە .

خەڵکێکی زۆر لە زانایان و تێگەیشتووان شاهێدییان لەسەر ژیریی کەموێنەی شـافیعیی دەدا ، بێئەوەی تەماعێکیان پێی ببێ ، یان لێی بترسـن ، یـان خزم و کەسـی بـن .. هـەتا هەندێکیش لەوانەی کە لە ڕێبازیی سوننەت و جەماعەت لایان دابــوو دانیـان بـەوەدا دەنا کە شافیعیی خاوەنی عەقڵ و ژیرییەکی بێوێنەیە . ئەوەتا ـ بـۆ نموونـە ـ بیشـری کـوڕی غـەییاثی موریسیی ، کە فەقیـهێکیی موعتەزیلیـیە و قوتـابیی بەردەسـتی ئـەبو یووسـف بووە ئەڵێت : « مع الشافعي نصف عقل أهل الدنيا »[٣٢٨] هەورەها ئەڵێت : « ما رأيـــت أعقل من الشافعي »[٣٢٩] .

یەحیای کوڕی ئەکثەمیش ، کە سەرۆکی قاضییانی بەغداد بووە و ، خـاوەنی پلەیـەکی وەها بەرز بووە بە لای خەلیفە مەئموونەوە کە بە شەو و بە ڕۆژ بتوانێ بچێتە لای خەلیفـە، ئەڵێت : « ما رأيت أحداً أعقل من الشافعي »[٣٣٠] .

هەروەها کەڵەزانا و فەقیهـ و پیاوی ژیری میصر ، یوونسی کوڕی عەبدولئەعلا وتوویـە: نەمدیوە کەسێک لە شـافیعیی عـاقڵتـر بێـت ، جا ئەگـەر ئوممـەتی موحەممـەد ﷺ کۆ بکرێنەوە و لە عەقڵی شافیعیی بەشیان بدرێ ، بەشیان دەکات[٣٣١] .

ڕەبیعی کوڕی سولەیمانی قوتابییشی ئەڵێت : ئەگەر عەقڵی شافیعیی بە نیوەی عـەقڵی ئەهلی دنیادا کێشانە بکرێت ئەوا ئـەو قـورسـترە و ، ئەگـەر لـە بـەنی ئیسـرائیلیی بوایـە پێویستییان پێی دەبوو .[٣٣٢] واتە هەرچەندە بەنی ئیسرائیلیی پێغەمبەری زۆریان بۆ ڕەوانـە کراوە ، هێشتا پێویستییان بە یەکێ وەک شافیعیی هەیە.

هەتا کاتێکیش کە منداڵ بووە و لای مامۆستایانی مەککە دەرسـی دەخوێنـد عـەقڵ و ژیریی و زیرەکیی بێوێنەی پێوە دەبینرا .

---

[٣٢٨] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٣) .
[٣٢٩] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٣) .
[٣٣٠] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦١) .
[٣٣١] توالي التأسيس (٥٨) .
[٣٣٢] توالي التأسيس (٥٨) .

حومەیدیی دەری بڕیوە کـە سـوفیانی کـوڕی عویەینـە و ، موسـلیمی کـوڕی خـالید و ، سـەعیدی کـوڕی سـالم و ، عەبدولمـەجیدی کـوڕی عـەبدولعـەزیز و ، مامۆسـتایانی تـری مەککە ، دانیان بە زیرەکیی و عـەقڵیی شافیعییدا ناوە .[٣٣٣]

(١٣) تەقواو خوا پەرستیی شافیعیی :

شافیعیی بە هۆی خواپەرستیی و ئیخلاص و تەقوایـەوە خـوای گـەورە پایـەی پـێدا و کردیـە پێشـەوای موسـڵمانان تـا زانسـتی راسـتەقینەی قورئـان و فـەرموودەیان پێشـکەش بکـات، چونکـە بـە راسـتیی زانسـت کـاتێک بـە کـەڵک دێـت و کاریگـەر دەبێـت ، کـە خاوەنـەکـەی خۆی پێش هـەموو کەسێکی تـر رەفتـاری پـێ بکـات و ، خـۆی نـموونـەی ئیمـانداری رەفتار جوان بێت ..

تەقواش : بریتییـە لـەوەی کـە ئیمـاندار واز لـەو شـتانە بـهێنێ کـە خـۆی حـەزیان لێ دەکات و شوێن ئەو کارانە بکەوێ کە شەرع پێی باشە و لە موسڵمانیان داوا دەکات ..

وەرەعیش : بریتییە لەوەی موسڵمان واز لەو شـتانە بێنـێ کـە گومانیـان لێ دەکرێ ، نەوەکو تووشی حەرام ببێ ، بگرە دەست لە شتی موباحیش هەڵ دەگرێ نەوەکو ببێتە هـۆی تووشبوونی شتی گومان لێ کراو و، ئەو گومان لێکراوەش ببێتە هۆی تووشبوونی حەرام.

سـوپاس بـۆ خـوا ئیمـام شـافیعیی هـەروەک لـە ئیجتیـهاد و فیقهـ دا پێشـەوا بـوو ، هەروەها لە ئیمان و تەقوا و وەرەع و خواپەرستییشدا پێشەوا بوو ..

رەبیـع ئـەڵێت : عـەبدوڵلای کـوڕی عـەبدولحەکـەم ـ کـە لـە مامۆسـتا پایـەدارەکانی مەزهەبی مالیکیی میصر بووە ـ بە شافیعیی ئەڵێت : ئەگەر دەتـەوێ لـەم وڵاتـەدا ـ واتـە میصر ـ نیشتەجێ ببێ ، با خۆراکی ساڵێکت هـەبێ و ، هـات و چۆی مـەجلیسـی سوڵتان بکە تا پێی دەسەڵاتدار ببی . شافیعیی فەرمووی : ئەبومحەممەد ! هەرکەسێ بـە تـەقوا دەسـەڵاتدار نـەبێ ، هـەرگیز دەسـەڵاتی نـابێ . مـن لـە غـەززە لـە دایـک بـووم و ، لـە حیجازیش گەورە کراوم و ، خۆراکی شەوێکمان نەبووە و ، هەرگیز بە برسـێتییش سـەرمان نەناوەتەوە .[٣٣٤]

---

[٣٣٣] توالي التأسيس (٥٤) .

[٣٣٤] توالي التأسيس (٦٧) .

شافیعیی وەکێ خواناسێکی ڕەببانیی زۆر بە چاکیی خواپەرستیی بەجێدەهێنا ، ئەوەندە هەبوو زەکاتی نەداوە ، چونکە سەرەتا هەژار و دەست کورت بوو و ، پاشـانیش کـە پـارە و سامان رووی تێکرد ئەوەندە سەخیی بوو هیچی لە دەستدا نەدەمایەوە .

لە بارەی شەونوێژیشەوە ڕەبیع دەری دەبڕێ کە شافیعیی هەتا کۆتایی تەمەنی هـەموو شەوێکێ شەونوێژی دەکرد .[٣٣٥]

حوسەینی کوڕی عەلیی کەرابیسیی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هەشتا شەو لە خزمـەتی شافیعیی‌دا بووە و نزیکەی سێیەکی شەو شەونوێژی دەکـرد ، کـە لـە پـەنجا ئایـەت زیـاتر قورئانی لە یەکێ ڕەکعەتدا نەدەخوێند و ، هـەرچیی تووشـی ئایـەتی ڕەحمـەت ببوایـە بـۆ خۆی و ئیمانداران لە خوای گەورە دەپاڕایەوە و ، هـەرچیی تووشـی ئایـەتی سزا و عـەزاب ببوایە پەنای بەخوا دەگرت و داوای سەرفرازیی بۆ خۆی و ئیمانداران دەکرد .[٣٣٦]

لە ڕەبیع ەوە ئەگێڕنەوە وتوویە : شافیعیی شەوی کردبـوو بـە سـێ بەشـەوە : سـێیەکی یەکـەم ئەی‌نووسیی و ، سـێیەکی دووهـەمی نوێـژی دەکـرد و ، سـێیەکی سـێ‌هەمیش دەخەوت .[٣٣٧]

هەرچیی بە شەویش‌دا قورئانی بخوێندایە دەبوا لە نوێژدا بوایە ، وەکێ موزەنیـی دەری دەبڕێ .[٣٣٨]

لەبەر ئەوەش کە بە منداڵیی هـەموو قورئـانی لەبـەر کردبـوو لـە قورئـان خوێنـدن تـێر نـەدەبوو ، چونکـە لـەزەتێکی چـاکی لـە بەلاغـەت و ئیعجـازی قورئـان وەردەگـرت . بۆیـە گەورەترین خۆشیی دڵی ئەوە بوو خەریکی قورئان خوێندن بوایە ، بە ڕادەیەکێ کـە هـەموو مـانگێکێ سیی جار قورئانی خەتم دەکرد و ، لە ڕەمەزانیش‌دا شەصت جار خەتمی دەکـرد ، جگە لەو قورئانەی کە لە نوێژدا دەی‌خوێند ، وەکێ ڕەبیع گێڕاویەتەوە .[٣٣٩]

---

[٣٣٥] توالي التأسيس (٦٨) .

[٣٣٦] شذرات الذهب .

[٣٣٧] صفة الصفوة (٢ : ١٤٤) .

[٣٣٨] توالي التأسيس (٧٩) .

[٣٣٩] توالي التأسيس (٦٠) وصفة الصفوة (٢ : ١٤٥) .

لەو کارە سـوننەتانەش کـە شـافیعیی ئـەنجامی دەدان زۆر صەڵـەوات دان بـوو لەسـەر پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانیشی بۆ ئەوە هان دەدا و دەیفەرموو : « پێم خۆشـە صەڵـەواتی زۆر لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ بدەن » .[٣٤٠]

هەتا وای دەبینی کە پێویستە لەگەڵ پاڕانەوەدا لە خوا صەڵـەوات لەسـەر پێغەمبـەری خوا ﷺ بدرێت . هەروەها لە هەموو کەس زیاتر بە چاوی ڕێزەوە سەیری پێغەمبەری خوای ﷺ دەکرد ، هەتا پێی ناخۆش بوو کەسێک بیوتایە : (قال الرسـول) ، بـەڵکو پێویسـتە بڵێ : (قال رسول الله ﷺ) ئەمـەش لەبەر ڕێز لێنانی .[٣٤١]

(١٤) سەخاوەتی شافیعیی :

یەکێ لە سیفەتە جوانەکانی عەرەب بریتی‌یە لە سەخاوەت و ناندان و بەخشـیین ، بـە رادەیەک کە جێی شانازییان بێت ، جا لە ناو تیرەکاندا چەندین پیاوی زۆر سـەخیی هـەڵ کەوتبوون کە سەخاوەتیان بە نموونە دەهێنرایەوە ، یەکێ لەوانە حاتەمی طەی و ، کـەعبی کوڕی مامە و ، ئەوسی کوڕی حاریثە و ، هەرەمی کوڕی سینان .

کاتێک کە ئیسلام هات و خەڵکەکە پۆل پۆل موسڵمان بوون ، ئەوەیان کە لە سـەردەمی نەفامییدا چاک بوو ، بەو چاکەیەوە هاتە ریزی موسڵمانانەوە .. پیاوی ئازا هەر ئازا بـوو ، سەخیی هەر سەخیی بوو .. بەڵام نییەتی ئەو کەسە دەگۆڕا .. جاران کـە چاکەیـەکی دەکـرد مـەبەستی نەفسی خۆی بوو و حەزی لە ناوبانگ و ڕێزلێنان بوو ، بەڵام دوای مـوسڵمانبـوون مـەبەستی ڕەزامەندیی خوا بوو .. ئەوە بوو لە ناو هاوەڵاندا سنگفراوان و دڵگوشـادی زۆر هەڵ کـەوتن کـە ئەوپـەڕی سـەخاوەتیان بـۆ ڕەزامـەندیی خـوا دەنوانـد ، وەک ئەبوبـەکر و عومەر و عوثمان و عەلیی و عەبدوڕڕەحمان و هی تریش .

ئیمامی شافیعییش وەک عەرەبێکی قوڕەیشیی موطـــەللیبیی ئیمـاندار سـەخاوەتی بێوێنە بوو . جا هەرچەندە زۆربـەی ژیـانی دەسـتکـورت بـوو ، بـە رادەیـەک کـە خۆراکـی شەوێک شک نەبات ، هەر کاتێک پارەیەکی پێ بگەیشتایە ئـەوا بـە راسـت و چـەپدا بـە هەژارانی دەبەخشیی .

[٣٤٠] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٦) .

[٣٤١] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٦) .

رەبیع ئەڵێت : ناوی خاوەن سەخاوەتمان بیستووە و هەندێکیش لە دەوروبەری خۆمـاندا هەبوون ، بەڵام وەکۆ شافیعییمان نەدیوە .[٣٤٢]

عەمری کوڕی سوادی سەرجییش وتوویە : لە دینار و دیرهەم و خواردندا شافیعیی لـە هەموو کەس سەخییتر بوو .[٣٤٣]

موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەبدولحەکەم یش وتوویە : شافیعیی لـەوەدا کـە بووبێتی لە هەموو کەس سەخییتر بووە .[٣٤٤]

دیسان رەبیع ئەڵێت : ئەگەر کەسێکۆ داوای شـتێکی لـە شـافیعیی بکردایـە ، ئـەوا لـە شەرمی داواکارەکەدا دەم و چاوی سوور دەبوویەوە و ، بـە پەلـە ئـەو شـتەی دەدایـێ . خـۆ ئەگەر لەلای نەبوایە کاتێ دەگەڕایەوە ئەو شتەی بۆ دەنارد .[٣٤٥]

ئەمـەش هـەندێ نموونـەی سـەخاوەتی . حومـەیدیی ئـەڵێت : جارێکیـان شـافیعیی لـە یەمەنـەوە هاتـەوە و ، بیست هـەزار دیرهەمیشی پـێ بـوو . هـەر لـە دەرەوەی مەککـە چادرەکەی هەڵ داو ، لە جێی خۆی هەڵ نەستا هەتا هەمووی بەخشییەوە .[٣٤٦]

هەروەها ئەڵێت : جارێکیان شافیعیی بە سێ هەزار دینـارەوە هاتـەوە . ئامۆزاکـانی و خەڵکی تریش هاتن بۆ لای و ، ئەویش دەستی بە بەخشینی پارەکە کرد . کە هەستا هیچی لە لا نەمابوو .[٣٤٧]

زوبەیری کوڕی سولەیمانی قوڕەیشیی ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت :

شافیعیی فەرمووی : هەرئەمە هاتە لام و سەلامی ئـەمیری ئیمـاندارانـی بـۆ هێنـام و وتی : فەرمانی داوە پێنج هەزار دینارت بدرێتێ . کە هێنایان بـۆی (٥٠) دینـاری لێ دا بە خوێنگرەکەی .. پاشان چەند پارچە قوماشێکی هێنا و کردنیە چەند توورەکەیەکۆ بۆ ئـەو پارەیە و دابەشی کردن بەسەر ئەو قوڕەیشییانەدا کـە لـەوێ ئامـادەبوون و هـەر کەسێکی ئەهلی مەککەشی دەناسی توورەکەیەکی بۆ نارد ، هەتا کە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە کەمتر لـە صەد دیناری پێ مابوو .[٣٤٨]

---

[٣٤٢] توالي التأسيس ٠ ٦٧) .

[٣٤٣] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٥٧) .

[٣٤٤] توالي التأسيس (٦٨) والوافي بالوفيات (٢ : ١٧٤) .

[٣٤٥] تهذيب الأسماء (١ : ٥٨) .

[٣٤٦] صفة الصفوة (٢ : ١٤٥) .

[٣٤٧] توالي التأسيس (٦٨) . دیناری ئەوسا بریتیی بوو لە یەکۆ مسقالۆ زێر .

[٣٤٨] توالي التأسيس (٦٨) .

له ئەبوثەوریشەوە ئەگێڕنەوە کە وتوویە : شافیعیی ویستی بچێت بۆ مەککە و هەندێ پارەشی پێ بوو ، پێم وت : خۆزگە پارچە موڵکێکت بۆ منداڵەکانت بکڕیایە ، چونکە لەبەر نەرم و نیانیی پارەی لە دەستدا نەدەمایەوە . ڕۆیشت و پاشان کە گەڕایەوە پرسیارم لێ کرد ، فەرمووی : لە مەککەدا پارچە موڵکێکم نەدیی بتوانم بیکڕم ، بەڵام لە مینادا چادرێکی گەورەم بۆ هاوەڵانمان هەڵ داوە ، تا کە حەجیان کرد بچنە ناوی .

ئەبوثەور ئەڵێت : کە دیتی وا من بایەخ بەوە دەدەم ، ئەم شیعرانەی فەرموون :

إذا اصبحتُ عندي قوتَ يومي فخلِّ الهمَّ عني يـا سعيدُ
ولا تـخطر هموم غدٍ ببـالي فإن غداً له رزق جـديد
أُسـلّم إن أراد الله أمـراً وأتـرك ما أريد لما يريد [349]

دەری دەبڕێ کە ئەگەر خۆراکی ئەمڕۆی هەبێ پێویست بە خەفەت ناکات ، چونکە سبەینێ ڕزقی نوێی بۆ دێت و ، واش چاکە کاروبار بدرێتە دەست خوا ..

ڕەبیع یش ئەڵێت : ڕۆژێکیان لەگەڵ شافیعییدا بووین قایشی نەعلەکەی پچڕا و پیاوێک بۆی چاک کردەوە . فەرمووی : ئەی ڕەبیع ! ئایا لە پارەی خەرجییمان هیچت بەلاوە هەیە ؟

وتم : بەڵێ . فەرمووی : چەند ؟ وتم : حەوت دینار . فەرمووی : بیدەرێ . [350]

هەروەها ڕەبیع ئەڵێت : شافیعیی سواری گوێدرێژێک بوو و ، بە بازاڕی ئاسنگەرەکاندا تێپەڕی کرد و قامچییەکەی لە دەستی کەوتە خوارەوە . خێرا پیاوێک هەڵمەتی دا و بە دەستی سڕیی و دایەوە دەستی . ئەویش بە خزمەتگوزارەکەی وت : چەند پارەت لایە بیدەرێ .. ئیتر نازانم ئایا حەوت دینار بوو یان نۆ ؟ [351]

لە ربیع ەوە ئەگێڕنەوە وتوویە : شافیعیی دەعوەتێکی کرد ..

کاتێ کە خەڵکیی نانیان خوارد ، بوەیطیی پێمی وت : تۆش دانیشە ، نان بخۆ . وتم : کێ ماوەی داوین نان بخۆین ؟ ئەڵێ : شافیعیی بە گوێوە بوو و فەرمووی : پاک و بێگەردیی بۆ خوا ! هەموو سامانم بۆ تۆ حەڵاڵە .

---

[349] توالي التأسيس (٦٨) .
[350] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٥٨) .
[351] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٥٨) .

شافیعیی دەبوا هەموو رۆژێکێ خێر و صەدەقە بکات . بە شەویش صەدەقـەی دەکـرد ، بە تایبەت لە رەمەزاندا و ، هەواڵی هەژاران و دەستکورت و لاوازانـی دەپرسیی و ، زۆر بە سەخاوەت مەسرەفی بۆ ماڵ و منداڵی دەکرد و ، لە مەجلیسیشیدا زۆر بەرێز بوو .[٣٥٢]

(١٥) حیکمەتی شافیعیی :

لەبەر ئەوەی کە شافیعیی پیاوێکی خاوەن عـەقڵ و ژیریـی بـوو و ، لەوپـەڕی پلـەشدا زیرەک بوو و ، هەموو جۆرە ژیانێکی بە خۆیەوە دیی بوو .. ماوەیەک هەتیوو و بێکـەس و هەژار .. پاشان ناودار و دەستدار و خاوەنی ناو و ناوبانگیی .. گەلێ لە وڵاتـانی ئیسـلامی دیی بوو .. تێکەڵیی خەڵکی جۆرا و جۆری کردبوو ، بوو بووە خاوەنی تاقیکارییەکی وردی ژیان .. لەبەر ئەوە وتەی بە کەڵک و پڕ حیکمەتی زۆری پێشکەش بـە موسـڵمانان کـرد و ، پێیشی خۆش بوو بە ئامۆژگاریی شیرین بیانخاتە سەر رێی سەرفرازیی هەردوو ژیان ..

رەبیعی کوڕی سولەیمان ئەڵێت : شافیعیی پێمی فەرموو :

« ئەی رەبیع ! رازییکردنی خەڵک کارێکە نایگەیتێ . لەبـەر ئـەوە ئـەوەی بـۆت چاکـە ئەنجامی بدە ، چونکە رازیی ناکرێن ، ئـەوەش بزانـە هەرکـەس فـێری قورئـان بـوو لەبـەر چاوی خەڵکدا مەزن دەبێت و ، هەرکەسیش فێری فەرموودە بوو بەڵگەی بەهێز دەبێت و ، هەرکەسیش فێری (نحو) بوو سامی دەبێت و ، هەرکەسیش فێری عەرەبیی بوو سروشتی ناسک دەبێت و ، هەرکەسیش فێری ژمارە بـوو رای بـەهێز دەبێـت و ، هەرکەسـیش فـێری فیقهـ بوو رێزی زیاد دەبێت و ، هەرکەسیش خۆی نەپارێزێ زانستەکەی بـە کـەڵکی نایـەت و ، ئەمەش هەر هەمووی بەستراوە بە تەقواوە » .[٣٥٣]

حەرمەلـەی کـوڕی یـەحیاش ئـەڵێ : لـە شـافیعییم بیسـت کـە ئەیفـەرموو : دوای بەجێهێنانی فەرزەکان کارێکی تر نیە بۆ نزیک بوونەوە لە خوا لە بەدەست هێنانی زانسـت چاکتر بێت .[٣٥٤]

هەروەها فەرموویە : بەدەست هێنانی زانست لە نوێژی سوننەت چاکترە .[٣٥٥]

---

[٣٥٢] توالي التاسيس (٦٨) .

[٣٥٣] صفة الصفوة (٢ : ١٤٤).

[٣٥٤] الطبقات الكبرى (٢ : ١٢٩) .

[٣٥٥] صفة الصفوة (٢ : ١٤٢) .

هەروەها فەرموویە : هەرکەس لە هەر مەسئەلەیەکدا خەڵک پێی پێکەنیی هەرگیز لە بیری ناچێتەوە .[٣٥٦]

هەروەها فەرموویە : هەرکەسێ بە بێ قەڵەم و کاغەز ئامادەی مەجلیسی زانست ببێ ، وەک ئەوکەسە وەهایە کە بە بێ گەنم چووبێت بۆ ئاش .[٣٥٧]

هەروەها فەرموویە : بەر لەوەی قسە بکەن ماوەیەک بێ دەنگ بن و ، بۆ دەرهێنانی حوکمیش ماوەیەک بیر بکەنەوە .[٣٥٨]

هەروەها فەرموویە : نموونەی ئەو کەسەی کە زانست بەبێ بەڵگە دەست دەخات ، وەک ئەو کەسە وەهایە کە بە شەو دار کۆ بکاتەوە و کۆڵەدارێک بە کۆڵەوە بگرێ و بە خۆی نەزانێ مارێکی تێدا بێ و بی‌گەزێ .[٣٥٩]

هەروەها فەرموویە : پلەبەرزیی زانایان تەقوا و ، خشڵی خۆڕازاندنەوەشیان ڕەوشت جوانیی و ، جوانییشیان سەخاوەتە .[٣٦٠]

هەروەها فەرموویە : هەرکەس زانستی خۆش نەوێ خێری تێدا نیە و ، تۆش نە ناسراویی و نە دۆستایەتییت لەگەڵیا نەبێ .[٣٦١]

ڕۆژێکیان شافیعیی برایە ژوورێک لە ژوورەکانی کۆشکی هاروونوڕڕەشید ، تا ماوەی چوونە ژوورەوەی بدرێت و (سەرراج) ی خزمەتگوزاریشی لەگەڵدا بوو و ، لەلای ئەبوصەمەدی ئامۆژگاریکەری منالەکانی ڕەشید دایئیشاند . سەرراج بە شافیعیی وت : ئەبوعەبدوڵلا ! ئەمانە منداڵی هاروونوڕڕەشیدن و ، ئەمەش ئامۆژگاریکەریانە و خۆزگە دەربارەی ئەو منداڵانە ئامۆژگارییت بکردایە . ئەویش رووی تێ کرد و فەرمووی : بەر لەوەی بتەوێ منالەکانی ئەمیری ئیمانداران چاک بکەیت خۆت چاک بکە ، چونکە چاویان لێتە .. ئەوەیان بەلاوە چاکە کە تۆ بە چاکی بزانی و ، ئەوەشیان بە لاوە ناشیرینە کە تۆ رقت لێی بێ .. فێری قورئانی پیرۆزیان بکە ، بەڵام زۆریان لێ مەکە و لێی وەرس ببن و ، پشتگوێشیان مەخە و پشتی لێ هەڵ بکەن .. پاشان پاکترین شیعر و ،

[٣٥٦] صفة الصفوة (٢ : ١٤٢) .
[٣٥٧] توالي التأسيس (٧٢) .
[٣٥٨] صفة الصفوة (٢ : ١٤٢) .
[٣٥٩] توالي التأسيس (٧٢) .
[٣٦٠] توالي التأسيس (٧٢) .
[٣٦١] توالي التاسيس (٧٢) .

بەڕێزترین فەرموودەیان بۆ بگێڕەرەوە و ، تا زانستێکیش بە چـاکیی ڕەوان نەکـەن ، مـەیان بەرە سەر زانستێکی تر ، چونکە بیستنی شتی زۆر تێگەیشتن تێکدەدات .[٣٦٢]

هەروەها فەرموویە : پیاو لە دنیادا بە چـوار شت کـامڵ دەبێـت : بـە دیـنداریـی و ، دەستپاکیی و ، خۆپارێزیی و ، سەنگینیی .[٣٦٣]

هەروەها فەرموویە : خـێر و چاکـەی دنیـا و قیامـەت وا لـە پێنـج سیفەتدا : سـنگ تێریی و ، ئازارنەدان و ، کاسپیی حەڵاڵ و ، پۆشاکی تەقوا و ، متمانە بە خـوا لـە هـەموو حاڵەتێکدا .[٣٦٤]

هەروەها فەرموویە : تۆ ناتوانی هـەر هـەموو خـەڵکیی ڕازیـی بکـەی . کەواتـە نێـوان خۆت و نێوان خوا چاک بکە و ، پاشان باکت لە خەڵکیی نەبێت .[٣٦٥]

هەروەها فەرموویە : دەست هەڵگرتن لە خواپەرستیی گوناهێکی تازە داهێنراوە .[٣٦٦]

هەروەها فەرموویە : چاکترین کردەوە سیانن : سەخاوەت لە دەستکورتییدا و ، وەرەع لە تەنیاییدا و ، وتنی وشەی (حەق) لەبەردەم کەسێکدا کە خاوەنی دەسەڵات بێ .[٣٦٧]

دەربـارەی هـەڵس و کـەوت لەگـەڵ دۆسـت و بـرادەردا ئامۆژگـاریی یونسـی کـوڕی عەبدولئەعلا دەکات و ئەڵێت : ئەی یونس ! ئەگەر لە دۆستێکەوە شتێکت بیست و پێت ناخۆش بوو ، نەکەی دوژمنایەتیی لەگەڵدا بکەیت و پـەیوەندیی لـەگەڵدا بپچڕێنـی ، ئـەو کاتە وەک ئەوکەسەت لێ دێ کە بۆ گومانێک دەسـت لـە یـەقینی خـۆی هـەڵ دەگرێـت ، بەڵکو کە پێی گەیشتی پێی بڵێ : دەربارەی تۆ ئەوە و ئەوەم پێ گەیشـتووە و ، نـەشکـەی ناوی قسەهێنەرەکەی بە لاوە بڵێیت . ئەگـەر دانـی بـەو کـارەیدا نـەنا پێـی بڵـێ : تـۆ لـە هەموو کەس ڕاستگۆتر و چاکتری . ئیتر لەوە زیاتر هیچ نەڵێیت . ئەگەر دانیشی پـێدا نـا و عوزرێکـی گونجـاوی هێنایـەوە ، لێـی وەربگـرە ، ئەگـەر وایشـت نـەزانی پێـی بڵـێ : مەبەستت چیی بوو بەوەی کە پێم گەیشتووە ؟ جا ئەگەر شتێکی بـاس کـرد کـە بـە عـوزر دابنرێ ئەوا لێی وەربگرە . بەڵام ئەگەر عوزری بە دەستەوە نەبوو و ، تـۆش پێـی نارەحـەت

---

[٣٦٢] صفة الصفوة (٢ : ١٤٥) .

[٣٦٣] توالي التأسيس (٧٢ : ٧٣) .

[٣٦٤] توالي التأسيس (٧٢ — ٧٣) .

[٣٦٥] توالي التأسيس (٧٢ — ٧٣) .

[٣٦٦] توالي التأسيس (٧٢ — ٧٣) .

[٣٦٧] توالي التأسيس (٧٢ — ٧٣) .

بووی ، ئەوا ئەوکاتە تاوانێکی لەسەر تۆمار بکە . پاشان بە دەستی خۆتە : ئەگــەر بتــەوێ بە وێنەی خۆی بەبێ زیاد تۆڵەی لێ دەکەیتەوە و ، گەر بشتەوێ چاوپۆشیی لێ دەکـەی و، چاوپۆشییش لـە تـەقواوە نزیکـترە و ، زیـاتریش مایـەی سـەخاوەتە ، ئەمـەش بـە پێـی فەرمایشتی خوای گەورە ﴿ وَجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّــهِ ﴾. جا ئەگەر نەفست حەزی لە تۆڵەسەندن بوو ، ئەوا بیر لە چاکـەکانی رابـوردووی بکـەرەوە و بیانژمێرە ، پاشان بەم تاوانەی چاکەیەکی بکوژێنـەوە ، بـەڵام چاکـەکانی تـری پشـتگـوێ نەخەیت ، ئەگینا ئەوە ستەمە .

ئەی یوونس ! ئەگەر دۆستێکت هـەبوو بـە هـەردوو دەسـتت بیگـرە و بـەری نـەدەیت ، چونکە دەستخستنی دۆست گرانە و ، وازلێهێنانیشی ئاسانە .[٣٦٨]

هـەروەها فەرموویـە : هـاوەڵێتیی کەسـێک کـە شـوورەیی نـەفامێت ، شـوورەیی رۆژی قیامەتە .[٣٦٩]

هەروەها فەرموویە : ستەمکارترین ستەمکار بۆ خۆی کەسێکە کە بچووکیـی بـۆ کەسـێ بنوێنێ کە رێزی لێ نەگرێت و ، حەزی لە دۆستایەتیی کەسێکیش بێ کە بە کەڵکی نەیەت و ، ستایشی کەسێکیش ببیستێ کە نەیناسێت .[٣٧٠]

هەروەها فەرموویە : کەسێک ئارد لە ماڵیدا نەبێ راوێژی پێ مەکە .[٣٧١]

هەروەها فەرموویە : هەرکەسێ قسەی بۆ هێنای قسەیشـت دەبـات و ، هەرکەسێکیش باسی خەڵکی بۆ هێنای باسی تۆش دەبـات و ، هەرکەسیش کـاتێ کـە رازییـت کـرد وەهـا ستایشی کردیت کە پێتەوە نەبوو ، کاتێکیش کە تـووڕەت کـرد شـتانێکت پێـوە دەنـێ کـە پێتەوە نەبن .[٣٧٢]

لە باسی پیاوەتیی و مەردایەتییشدا لە ئەحنەف پرسیار کرا : پیاوەتیی چیـیە ؟ وتــی : داوێن پاکیی و پیشەگەریی .

---

[٣٦٨] صفة الصفوة (٢ : ١٤٣) .
[٣٦٩] توالي التأسيس (٧٢) .
[٣٧٠] توالي التاسيس (٧٢) .
[٣٧١] توالي التأسيس (٧٢) .
[٣٧٢] توالي التأسيس (٧٢) .

هەروەها پرسیاری مەردایەتیی لە یەکێکی تـر کـرا و ، وتـی : مەردایـەتیی ئەوەیـە لـە نهێنییدا کارێک ئەنجام نەدەی کە بە ئاشکرا لە رووت نەیەت ئەنجامی بدەی .[٢٧٣]

شافیعییش فەرموویە : مەردایەتیی چوار پایەی هەیە : رەوشتی جوان و سەخاوەت و، خۆ بەکەم زانین و ، شوکرانەبژێریی .

(١٦) نزاو پاڕانەوەی شافیعیی :

هەرکاتێ ئیمام شافیعیی نارەحەتییەکی بهاتایەتە رێ ، بە نزا و پاڕانەوە هانای دەبـردە بەر دەرگانەی خوای گەورە . بـەڵام چونکـە بـە دڵێکـی پـڕ لـە ئیمـان و تـەقوا و یەقینـەوە دەپاڕایـەوە و متمانـەی بـە خـوای گـەورە زۆر بـوو ، ئـەوا خـوای گـەورە پاڕانەوەکـەی لێ وەردەگرت و ، لەو نارەحەتییە رزگاری دەکرد ..

لە هەموو هەڵوێستێک نارەحەت تر بە لایەوە ئەو کاتە بوو کە بـە تـاوانبـاریی بردیانـە بـەر دەسـت ئـەمیری ئیمـانداران هاروونەڕەشـید کـە گوایـا لـە دەوڵـەتی ئیسـلام هـەڵ گەڕاوەتەوە و ناپاکیی کردووە . لەم هەڵوێستە سەختەدا هانای بردە بـەر دەرگانـەی خـوا .. خوای گەورەش گەیشتە فریای و دەربازی کرد .

فـەضلی کـوڕی رەبیـع کـە لەبـەر دەستی خەلیفـەدا بـوو هـەر کـاتێک ئـەو باسـەی بگێڕایەتەوە ئەیوت : چوومە ژوورەوە لای هاروونوڕڕەشید دەبینـم کۆمـەڵێک شمشـێر و جۆرەها شتی سزادان وان لەبەر دەستیدا .. پێمـی وت : ئـەی فـەضل ! وتم : بـەڵێ ، ئـەی ئەمیری ئیمانداران ! وتی : ئەو حیجازییەم بۆ بهێنە . واتە شافیعیی . وتم : « إنا لله وإنـا اليه راجعـــون » کـابرا تیـا چـوو . ئـەڵێت : هاتمـە لای شافیعیی و پێـم وت : ئـەمیری ئیمانداران داوات دەکات .

فەرمووی : با دوو رەکعەت نوێژ بەجێبهێنم .

وتم : نوێژ بکە . نوێژی کرد و ، پاشان سواری ئێسترێکی خۆی بوو و پێکەوە چووین بـۆ کۆشکی رەشید . کـە گەیشـتینە دالانـی یەکـەم ، شـافیعیی هـەردوو لێـوی جووڵانـد . کـە گەیشـتینە حزووری رەشـید ، ئـەمیری ئیمـانداران وەک کـەسێک بچووکیـی بـۆ بنوێنـێ لەبەری هەستایەوە و ، لە جێگەکەی خۆیدا دایینیشاند و ، خۆیشی لەبـەردەمیدا دانیشت

[٢٧٣] تاج العروس مادة (مرؤ) .

و عوزری بۆ دەهێنایەوە .. دەست و پێوەندی ئەمیری ئیماندارانیش بە پێوە سەرنجی ئەو هەموو جۆرە ئامێرەی سزادانیان دەکرد ، کەچیی وا ئێستا لەبەر دەستی‌دا دانیشتووە . ماوەیەکی درێژ قسە و باسیان کرد و ، پاشان ماوەی دا هەستێ و بڕوات .

پێمی وت : ئەی فەضل .

وتم : بەڵێ ، ئەی ئەمیری ئیمانداران !

وتی : توورەکەیەک پارەی بۆ هەڵ بگرە . منیش بۆم هەڵ گرت و ، کاتێ گەیشتینە دالانی یەکەمی چوونە دەرەوە ، وتم : لەبەر خاتری ئەو خوایەی کە توورەیی خەلیفەی گۆڕیی بە رەزامەندیی لێت پرسیارت لێ دەکەم و وەڵامم بدەرەوە ، لە رووی ئەمیری ئیمانداران‌دا چیت وت وا لێت رازیی بوو ؟

پێمی فەرموو : ئەی فەضل ! وتم : لەبیەیکە ، ئەی سەرداری شارەزای دین !

فەرمووی : لێم وەربگرە و لەبەری بکە :

وتم : « ﴿ شهد الله أنه لا إله إلا هو ﴾ (آل عمران : ١٨) . أللهم إني أعوذ بنور قدسك ، و ببركة طهارتك ، وبعظمة جلالك ، من كل عاهة وآفة وطارق الجن والإنس إلا طارقاً يطرقني بخير ، يا أرحم الراحمين . اللهم بك ملاذي ، فبك ألوذ ، وبك غياثي فبك أغوث ، يا من ذلّت له رقاب الفراعنة ، وخضعت له الجبابرة . اللهم ذكرك شعاري ، ودثاري ، و نومي ، وقراري ، أشهد أن لا إله إلا أنت ، إضرب علي سرادقات حفظك ، وقني رعبي بخير منك يارحمن » .

فەضل ئەڵێت : منیش نووسیمەوە و بە گومەزیەکدا هەڵم واسیی . ئەوە بوو رەشیدیش زۆرم لێ‌توورە دەبوو ، جا هەرچیی بیویستایە لێم توورە ببێ لە رووی‌دا دەم‌جووڵاند ، ئیتر رازیی دەبوو . منیش لە بەرەکەتی شافیعیی ئەوەم دەست کەوت .[٣٧٤]

یەکێ لەو دوعایانەی کە ناوبانگی بووە شافیعیی فەرموویێتی ئەمەیە : « یا لطیف ! اسألك اللطف فیما جرت به المقادیر » .

ئیبن خەلەکان وتوویە : لە نێوان زانایان‌دا وا مەشهوورە کە دوعایەکی گیرا بووە و ، تاقییش کراوەتەوە .[٣٧٥]

---

٣٧٤ الطبقات الكبرى (٢ : ١٥٢) .

٣٧٥ معجم الأدباء (١٧ : ٣٠٦) .

ئیمام شافیعیی له هەموو هەڵوێستێکدا پەنای دەبردە بەر دەرگانەی پەروەردگار و لێی دەپاڕایەوە . ئەوە بوو رۆژێکیان لە کاتی حەجدا بۆ وت و وێژ کۆڕی بەست و ، لەو کاتەدا ئافرەتێك هات و پارچە کاغەزێکی بۆ هەڵ دا کە تیایا نووسرابوو :

عفا الله عن عبدٍ أعانَ بدعوَةٍ خليلَين كانا دائمين على ودّ

إلى أن مشى واشي الهوى بنميمةٍ إلى ذلك من هذا فزالا عن العهد [٣٧٦]

ئیمام شافیعیی ، کە بە هۆی ئیمانەوە دڵی یەکجار ناسك بووە ، دەست بە گریان دەکات و ئەفەرموێ : ئەمڕۆ رۆژی وت و وێژ نیە ، ئەمڕۆ رۆژی دوعایە . دەستی بە پاڕانەوە کرد و هەر خەریکی وتنی اللهم اللهم بوو هەتا هاوەڵانی هەستان و رۆیشتن .[٣٧٧]

یەکێ لەو دوعایانەی کە لە ئیمامەوە دەیگێڕنەوە دوعایەکە کە بۆ مردوویەکی کردووە. یوونسی کوڕی عەبدولئەعلا ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ : گوێم لە شافیعیی بوو ، کە هاتبووە سەر مردوویەك ، دوای ئەوەی دامان پۆشیی ، سەیری کرد و فەرمووی : « اللـهم بغناك عنه، وفقره إليك اغفرلـه ».[٣٧٨] لە خوا دەپاڕێتەوە کە لەبەر دەوڵەمەندیی و بێباکیی خۆی و هەژاریی و ئاتاجیی ئەو مردووە لێی خۆش ببێ ..

(١٧) فەرمایشتی شافیعیی :

شافیعیی نموونەی پیاوی تەواو و ، پیاوی رێك و پێك بوو .. بۆیە مەردانە شوێن راستیی دەکەوت و ، پیاوانەش خۆی پەروەردە کردبوو و ، جڵەوی نەفسی ئەممارەی توند گرتبوو ، تا خزمەتی دین و زانست و حەق هەڵ بژێرێ و ، واز لە سۆز و ویستی کەسیی خۆی بهێنێ . بۆیە بە رۆحێکی یەکجار پاکەوە خەریکی خزمەت دەبوو .. ئەوەندە بە پاکیی کاری دەکرد خوای گەورە بە هەموو شێوەیەك پشتگیریی لێ دەکرد ، هەتا چەند وتەی جوان بە دەمیا هاتوون کەکەس لەوەو پێش نەی وتوون .

---

[٣٧٦] بەم دوو دێڕە دەری خست کە ناحەزێك کەوتۆتە نێوان خۆی و مێردەکەی و تێکی داون و ، بەڵکو ئیمام دوعای خێریان بۆ بکات .

[٣٧٧] معجم الأدباء (١٧ : ٣٠٦) .

[٣٧٨] صفة الصفوة (٢ : ١٤٢) .

ئیبن حیببان لە صەحیحەکەیدا بۆمان بـاس دەکـات کـە شـافیعیی سـێ وتـەی جوانـی هەیە کە لە ئیسلامدا لە پێش ئەوەوە کـەس نـەیوتوون و دوای ئـەویش بـە دەمـی کـەسدا نەهاتوون :

یەکەمیان : لە ئیبن خوزەیمەم بیستووە کـە ئـەیوت : لـە موزەنییم بیستووە کـە ئەیوت : لە شافیعییم بیستووە کە ئەیفەرموو : « إذا صح لكم الحديث ، فخذوا بــه ، ودعوا قولي » داوا لە فەقیهـ و موجتەهیدان دەکـات بـە کوێرانـە شـوێن ئـەم نەکـەون ، بەڵکو سەرنج بدەن ئەگەر فەرموودەی صەحیحیان دەست کەوت با واز لە راکەی ئەم بهێنن .

دووهەمیان : لە ئیـبن مونذیـرم بیسـت ئـەیوت : لـە حەسـەنی کـوڕی موحەممـەدی زەعفەرانییم بیستووە کە ئەیوت : لە شافیعییم بیستووە کە ئەیفەرموو : « ما نــاظرت أحداً ، فأحببتُ أن يخطيء » . واتە : لەگەڵ هیچ کەسدا بەرابەرکێم نەکردووە و پێم خۆش بێ هەڵە بکات .. ئەمە دەری ئەخات کە شـافیعیی هـەڵگری چ دڵێکـی پـاک بـووە ؟ ئـەم حەقی ویستووە دەربکـەوێ ، خـوا بکـا حـەق بـەلای بەرامبـەرەوە بێـت .. ئەمـە فرێدانـی ئەنانییەتە لە بەرزترین پلەدا !! کەسێک ئەم رایەی هەبێت دیارە خۆی بـە خزمـەتگوزاری ئیسلام و موسڵمانان دەزانێت و هیچی تر .

سێهەمیان : لە مووسای کوڕی موحەممـەدی دەیلـەمییم بیسـتووە کـە ئـەیوت : لـە رەبیعیی کوڕی سولەیمانم بیستووە کە دەیوت : لە شافیعییم بیستووە کـە ئـەیفەرموو : « وددت أن الناس تعلموا هذه الكتــب ، ولم ينسبوها إلي » [379] هـەموو ئـاواتێکی ئەوەیە خەڵکیی شارەزای شەریعەت ببێ و ، هەرچیی زانستی هەیە موسڵمانان فێری بـبن ، ئیتر قەیدی نیـە ئـەو کتێبانـەی بـە نـاوی ئـەوەوە بڵاو نەبنـەوە گرنـگ ئەوەیـە خـەڵک کەڵکیان لێ وەربگرێ .

شایانی باسە ئیمام شافیعیی دووجار داوای لێ کراوە تا کاروباری (قضــاء) بگرێتـە دەست ، کەچیی بە دەستی نەگرتووە

یەکەمیان : لە سەردەمی خەلیفە هاروونوڕڕەشیددا بووە ، کاتێک کـە لەگـەڵ هەندێ عەلەوییدا بە تاوانباریی هێنایانە بەغدا و ، دوایی خەلیفـە دڵـی چـووە سـەر رەوشـت و زانستی و ، بووە جێیی متمانەی ، بە رادەیەک داوای لێ کرد کاروباری (قضاء) وەربگرێ ، کەچیی ئیمام نەیویست . خەلیفە وتی : چیت پێویستە داوای بکە . فەرمووی : پێویستیی

---

[379] آداب الشافعي ومناقبه (٣٢٥) .

من ئەمەیە کە بەشی شەرعیی (ذوي القربى) لە میصر بەشم بدرێت و بمنێریتــە ئەوێ . ئەوە بوو خەلیفە بە گوێی کرد و نامەشی بۆ ئەمیری میصر نووسیی .[380]

دووهەمیان : لـە سەردەمی خەلیفـە مـەئموونـدا بـووە ، کـاتێـک کـە شـافیعیی لـە میصردا بووە . ئەوە بوو خەلیفـە نێرراوی خۆی دەنێرێتـە میصـر لای و داوای لێ دەکـات کاروباری (قضاء) بە دەست بگرێ .

بەڵام لەوکاتەدا ئیمام یەکجار نەخۆش بوو . ئەوە بـوو لـە خـوای گـەورە پاڕایـەوە کـە ئەگەر ئەوکارە بۆ دین و دنیا و قیامەتی چاکە ئەوا سـەربگرێت ، ئـەگینا بیباتـەوە بۆلای خۆی کە فەرمووی : « **اللهم إن كان خيراً لي في ديني و دنياي وعاقبة أمـري فأمضـه ، وإلا فاقبضني إليـك** » . ئـەڵێ : بـە سێ ڕۆژ دوای ئـەم دوعایـە کۆچـی دوایـی کـرد و ، نێرراوەکەی خەلیفەش هێشتا نەگەڕابوویەوە .[381]

---

[380] توالي التأسيس (٧٧) .

[381] توالي التأسيس (٨٤) .

نەخۆشکەوتن و کۆچی دوایی

لە ماوەی تەمەنێکی کورتدا ئیمام شافیعیی خزمەتێکی زۆری ئیسلام و موسڵمانانی کرد .. بەڵام خزمەتێکی ناوازە .. هەروەک ئەو خزمەتە چاوەڕوانی پیاوی خۆی بێ ، بێت و بە موسڵمانان بە تایبەتیی و بە مرۆڤایەتیی بە گشتیی پێشکەشی بکات .. ئیتر ئەوە بوو کە کاری سەرشانی ـ کە بۆی نەخشە کێشرابوو ـ تەواو کرد ، تووشی نەخۆشیی بوو . لە میصر تووشی نەخۆشیی مایەسیریی بوو ، ئەمەش لە ئەنجامی بەکارهێنانی (لُبّان)کە رووەکێکی دڕکاوییە و بۆ لەبەرکردن و زیرەکیی کاریگەرە ، وەک خۆی ئەفەرموێ : بۆ لەبەرکردن (لُبّان) م بەکار هێنا ، لە ئەنجامدا بۆ ماوەی ساڵێک خوێنم دانا .[٢٨٢] ئەم خوێن لێ ڕۆیشتنە هەر بەردەوام بوو ، بەڕادەیەک کە ئەگەر سواری وڵاغ ببوایە لە پاژنەکانیەوە خوێن سەری دەکرد ، هەتا زۆر جار نەشتێ کە لبادی تیابوایە لە ژێری خۆیدا دای دەنا .. نەخۆشییەکی یەکجار سەخت بوو .. ئەوەبوو ئەو خوێن لێ ڕۆیشتنە هێزی لێ بڕیی .

یوونسی کوڕی عەبدولئەعلا ئەڵێت : کەسم نەدیوە وەک شافیعیی دەردی گران بێت .[٢٨٣]

جا بەم نەخۆشییە سەختەوە ئیمام شافیعیی توانیی ئەو هەمووە نووسینەی ئیجتیهادە نوێکەی لە ماوەی چوار ساڵدا بنووسێت ، کە بە هەزارەها پەڕە دەبوو ، سەرەرای دەرس وتنەوە و بەرابەرکێ و خوێندنەوەی بەردەوامی شەو و ڕۆژی .

هەرچۆن بوو نەخۆشیی یەکی شافیعیی خست و دای هێنا و چاوەڕوانی هاتنی ئەجەلی دەکرد .. ئەوە بوو لە دواساتەکانی تەمەنیدا یەکێ لە قوتابییە ناودارەکانی ، کە موزەنیی بوو ، هاتە لای و هەواڵی نەخۆشییەکەی پرسیی ، ئیمامیش وەڵامی دایەوە و فەرمووی : « أصبحت من الدنيا راحلاً ، وللإخوان مفارقاً ، ولكأس المنية شارباً ، وعلى الله جل ذكره وارداً ، ولا والله ما أدري روحي تصير إلى الجنة فاهنئها ، أو إلى النار فأعزيها » .

---

[٢٨٢] شذرات الذهب (٢ : ٩) .

[٢٨٣] تهذيب الأسماء واللغات (١ : ٦٥) .

دەری بڕیی کە ئەم دنیایە بەجێدەهێڵێ و ، لە برایان دادەبڕێت و ، شەرابی مەرگ دەچێژێت و ، بە خوای گەورە دەگاتەوە .. ئیتر نازانێ ڕۆحی بە بەهەشت دەگات تا پیرۆزبایی لێ بکات ، یان بۆ ناو ئاگر دەڕوات تا سەرەخۆشیی لێ بکات .. پاشان دەست بەگریان دەکات و پارچە شیعرێک ئەڵێت کە بریتی‌یە لە وتوویژێکی پڕ ئەدەب لەگەڵ پەروەردگاردا و ، لاوازیی و تاوانباریی خۆی دەردەخات و چاوەڕوانی چاوپۆشیی خوایە کە ئەفەرموێ :

ولما قسى قلبي وضاقت مذاهبي ... جعلت الرجا مني لعفوك سُلَّما

تعاظمني ذنبي فلما قرنته ... بعفوك ربي كان عفوك أعظما

ومازلت ذا عفو عن الذنب لم تزل ... تجود وتعفو منةً وتكرما[٣٨٤]

هەر لەوکاتەدا یوونسی کوڕی عەبدولئەعلا دەچێتە ژوورەوە لای و ئیمام پێی ئەفەرموێ : ئەبو مووسا ! ئایەتی صەد و بیستی ئالی عیمران بە دوواوەم بەسەردا بخوێنە، بەڵام خوێندنەکەت دەرمەخە و با قورسیش نەبێ . منیش بەسەریدا خوێندم .. کە ویستم هەستم ، فەرمووی : لێم غافڵ نەبی ، چونکە من وام لە تەنگانەدا .

یوونس ئەڵێ : مەبەستی شافیعیی لە ئایەتی صەد و بیست بە دواوە ، باسی ئەو ناڕەحەتی‌یەیە کە هاتە بەردەم پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانی .[٣٨٥]

حەرمەلەش ئەڵێ : شافیعیی پێمی فەرموو : بڕۆ بۆ لای ئیدریسی خواناس و پێی بڵێ : لای خوای گەورە بۆم بپاڕێتەوە .[٣٨٦]

ڕەبیع یش ئەڵێت : کە خۆر ئاوا بوو ، ئامۆزاکەی پێی وت : دادەبەزینە خوارەوە بۆ نوێژ کردن . فەرمووی : دانیشن چاوەڕوانی دواهەناسەم بن .. ئێمەش خێرا دابەزین و پاشان هاتینەوە سەرەوە ، وتمان : نوێژت کرد ؟ فەرمووی : بەڵێ . ئەوە بوو داوای ئاوی کرد و ، کاتیش زستان بوو . ئامۆزاکەی وتی : ئاوی گەرمی تێکەڵ بکەن . شافیعیی فەرمووی : نا ، ربی بەهێی تێکەڵ بکەن . ئەوە بوو دوای نوێژی عیشا کۆچی دوایی کرد .[٣٨٧]

---

[٣٨٤] صفة الصفوة (٢ : ١٤٦) .

[٣٨٥] آداب الشافعي (٧٦) .

[٣٨٦] توالي التأسيس (٨٣) .

[٣٨٧] توالي التأسيس (٨٤) .

رەبیعی کوڕی سـولەیمان ئـەڵێت : شـافیعیی شـەوی جومعـە دوای عیشـا کـە دوارۆژی رەجەب بوو کۆچی دوایی کرد و ، رۆژی جومعەش ناشتمان . کە گەڕاینەوە هیلالی مـانگی شەعبانی ساڵی دووصەد و چوارمان بینیی ، کە تەمەنی پەنجا و چوار ساڵ بوو .[٣٨٨]

تەرمەکەیان لە فوسطاطی میصرەوە بەرەو قەبرستـانی نـەوەی زوهـرە هـەڵ گـرت ، کـە کۆمـەڵێک لە نەوەی زوهرە لە نەوەی عـەبدوڕڕەحمانی کوڕی عـەوفی زوهەریی لـە دەوریـا نێژرابوون .. ئەو قەبرستانە (تربة ابن عبدالحكم) یشـی پـێ دەوتـرێ ..[٣٨٩] قـەبری ئیمـام شافیعیی لەوێ بەناوبانگە و کە سێ قەبر لە پاڵ یەک دان ، کە ئەو دوانەکـەش یـەکێکیان قـەبری عـەبدوڵڵای کـوڕی عەبدولحەکەمـە کـە سـاڵی (٢١٤) ی کۆچیـی کۆچـی دوایـی کردووە و ، ئەوی تریشیان قەبری عـەبدوڕڕەحمانی کوڕی عـەبدوڵڵای کـوڕی عـەبدولحەکەمـە کە لە ساڵی (٢٥٧) ی کۆچییدا کۆچی دوایی کردووە .[٣٩٠]

کە دەنگ و باسی کۆچـی دوایـی ئیمـام شـافیعیی بـڵاو بوویـەوە ، خـەڵکیی سەرسـام و وڕبوون و، زانایان خەم و خەفەت دایگرتنەوە و ، ئەڵقە دەرسەکانی چـۆڵ بـوو .. هـەتا دوای مردنی بە ماوەیەکی کەم عەرەبێکی دەشتەکیی دێتە مزگـەوت و لەسـەر ئەڵقەکـەی ئیمـام دەوەستێ و ئەڵێ : ئەوە خۆر و مانگەکەی ئەم ئەڵقەیە کوا ؟ وتیان : کۆچـی دوایـی کـرد . کە ئەمە ئەبیستێ دەست بەگریانێکی گەرم دەکات و ئەڵێت :

« رحمه الله و غفر له ، فقد كان يفتح ببيانه مغلق الحجة ، ويسد على خصمه واضـح المحجة ، ويغسل من العار وجوهاً مسودة ، ويوسع بالرأي أبواباً منســـدة » .[٣٩١] پاشـان رۆیشت .[٣٩٢]

لەو کاتەدا کـە ئیمـام کۆچـی دوایـی کـرد خـەڵکێکی زۆر لـە خواناسان و پیاوچاکـان و زانایان خەویان دەبینی ، کـە ئەمـەش بەڵگـە بـوو لەسـەر گـەورەیی ئـەو موسیبەتەی کـە تووشی ئیسلام و موسڵمانان بوو ، ئەویش بە لە دەستدانی ئەو کەڵەزانایـەی کـە مەردانـە خزمـەتی شەریعەتی پێغەمبەری ئـازیزی ﷺ کـرد و ، خـەڵکیی بـە وردیـی تـێ گـەیاند و ، بەرگرییەکی بێوێنەی لە سوننەت کرد و سەری ئیسلام و موسڵمانانی بەرز کردەوە .

---

[٣٨٨] صفة الصفوة (٢ : ١٤٧) و آداب الشافعي (٢٦) .

[٣٨٩] تاج العروس : شفع .

[٣٩٠] معجم الأدباء (١٧ : ٣٢١) .

[٣٩١] پێمان خۆش بوو دەقی وتەکانی دابنێین نەک وەرگێرانەکەی .

[٣٩٢] الوافي بالوفيات (١ : ١٧٧) .

عەزیزیی ـ کە پیاوێکی خواناس بووە ـ ئەڵێت : ئەو شەوەی کە شـافیعیی تیایـا کۆچـی دوایی کرد لە خەومدا دەوترا : ئەمشـەو پێغەمبـەر ﷺ کۆچـی دوایـی کـردووە و ، وەهاشم بەرچاو دەکەوت کە لە مەجلیسی عەبدورڕەحمانی زوهەریی‌دا لە مزگەوت‌دا دەشـۆرێت و ، پێیشم وتـرا : دوای عـەصر بـۆ سـەرقەبرانی دەبـەن . کـە رۆژم لێبوویـەوە پێیـان وتم : شافیعیی مردووە و ، پێشیان وتم : دوای جومعە بۆ سەر قەبرانی دەبەن . وتم : ئەوەی مـن لە خەومدا دیومە ، پێیان وتم : دوای عەصر بۆ سەرقەبرانی دەبەن و لە خەویشمدا ـ کاتێ کە بردیان بۆسەر قەبران ـ وام دەزانی جەنازەیەکی شـڕی ئـافرەتێکی لەگـەڵدایـە . ئـەوەبوو ئەمیری میصر پیاوی ناردبوو کە : تا دوای عەصر نەیبەن بـۆ سـەرقەبران . ئـەوە بـوو تـا دوای عەصر هێشـتیانەوە .. عـەزیزیی ئـەڵێت : ئامـادەی بـەرێکردنی جەنازەکـەی بـووم ، کاتێک گەیشتمە شـوێنە فراوانەکـە دەبینـم وا جەنازەیـەک ـ بـە وێنـەی جـەنازە شـڕەکەی ئافرەتەکە ـ لەگەڵ جەنازەکەی‌دایە .[٢٩٣]

سوفیانی کوڕی وەکیعی کوڕی جەڕڕاحیش ـ کە تیرمیذی و ئیبن‌ماجـە فـەرموودەیان لێ وەرگرتووە و ساڵی (٢٤٧) ی کۆچیی کۆچـی دوایـی کـردووە ـ ئـەڵێت : لـە خـەومدا وام دەزانیـی کـە قیامـەت هەسـتاوە و خـەڵکیی بـە جـارێ پەشـۆکاون ، لەوکاتـەدا براکـەم بـۆ دەرکەوت و وتم : ئێوە چۆنـن ؟ وتـی : براینـە بـەردەم پـەروەردگارمان . وتم : ئـەی بـاوکم چۆنـە؟ وتـی : چاوپۆشیی لێ کـرا و ، فـەرمان درا بـبرێت بـۆ بەهەشـت . وتم : ئـەی موحەممەدی کوڕی ئیدریس ؟ وتی : بە وێنەی نوێنەر برا بۆ لای خوای رەحمان و ، خشڵی کەرامەی لەبەر کراو ، تاجی بەهایش کرایە سەری .[٢٩٤]

رەبیـع یـش ئـەڵێت : لەخـەوم دا ئـادەم (علیـه السـلام) کۆچـی دوایـی کردبـوو . کـە پرسـیاری تەعبیرەکـەیم کـرد ، وتیـان : ئـەوە نیشـانەی مـەرگی زانـاترینی دانیشـتوانی سەرزەوی‌یە ، چونکە خوای گەورە زانستی هەموو ناوەکانی فێری ئادەم کرد . ئەوەندەی پێ نەچوو ، شافیعیی کۆچی دوایی کرد .[٢٩٥]

---

[٢٩٣] آداب الشافعي (٧٣).

[٢٩٤] الوافي بالوفيات (٢ : ١٧٦) .

[٢٩٥] المجموع (١ : ١٥) .

هەروەها ئەڵێت : شافیعیی دوای مردنی لە خەومدا بینی ، وتم : ئەبوعـەبدوڵڵا ! خـوا چیی پێکـردی ؟ فـەرمووی : لەسـەر کورسـی‌یەکی زێڕیـن دای‌نیشـاندم و ، لوئلوئـی تـەڕی بەسەرمدا پژاند .[٣٩٦]

ئێستەش با ئازیزانمـان گـوێ لـەم چیرۆکـە خنجیلانەیـە بگـرن دەربـارەی گواستنەوەی تەرمەکەی ئیمام شافیعیی بۆ بەغداد

ئەم چیرۆکە بەڕێز مەقریزیی[٣٩٧] لە کتێبی (الخطط) دا بەم شێوەیە گێڕاویەتەوە :

(نظام الملك) ئەبوعـەلیی حەسەنی کوڕی عەلیی کـوڕی ئیسـحاق کـە مـاوەی دە سـاڵ وەزیـری سـوڵتان ئـەلب ئەرسەلان بـووە و ، خزمـەتی کردووە و ، لـە سـەردەمی سوڵتان مەلیکشای کوڕیشی‌دا بۆ ماوەی بیست ساڵی تر کاروبار هەر هەمووی لە دەستی‌دا بووە ، بە رادەیەک کە وڵات گەشەی کرد و زانایان بە دڵی خۆیـان کاریـان دەکـرد ، کـە لـە سـاڵی چوار صەد و حەفتا و چواری کۆچیی‌دا لە بەغداد قوتابخانەی (النظامیـة) ی بنیـات نـا ـ پێـی خـۆش بـوو تەرمەکـەی ئیمـام شـافیعیی لـە قەبرستانی میصرەوە بگوازێتـەوە بـۆ قوتابخانەکەی خۆی .

بۆ ئەمە نامەی بۆ (بدر الجمالي)[٣٩٨] ئەمیری سوپا و وەزیری دەوڵەتی (المسـتنصر بالله) مەعدی کوڕی عەلیی کوڕی (الحاکم بـأمر الله) کـە یـەکێ بـوو لـە خەلیفـەکانی دەوڵەتی فاطمیی لە میصر ، نووسیی و دیاریی و خـەڵاتێکی زۆر زۆری بـۆ نـارد و داوای لێکرد لاشەی پیرۆزی ئیمام شافیعیی بۆ رەوانە بکاتەوە .

ئەمیری سوپا بە خۆی دەستە و تاقمەیەوە ، بەوپەڕی سام و هەیبەتەوە ، لەگـەڵ پیـاوە ناودارەکانی دەوڵەت‌دا و ، لەگەڵ زانا ناودارەکانی میصردا کەوتە ڕێ و خەڵکیش پـۆل پـۆل وەستابوون و تەماشای ئـەو قەڵەباڵغی‌یـەیان ئـەکرد .. کـە چوونـە سـەر قـەبران و ویسـتیان قەبرەکە هەڵ بکەنن ، خەڵکەکە زۆر ناڕەحەت بـوون .. قرەقـڕ و هـەرا هـەرا بەرزبوویـەوە وەها دڵی ئەو خەڵکە گەرم بوو خەریک بوو رەجمی ئەمیر بکەن و لێـی هـەڵ بگەڕێنـەوە کە ئەمیر ئەمەی زانیی ، خەڵکەکەی بێدەنگ کرد و ، هەواڵیشی بۆ ئەمیری ئیمانداران

---

[٣٩٦] ...فة الصفوة (٢ : ١٤٧).

[٣٩٧] ...قـ...یی : ئەحمەدی کوڕی عەلیی کوڕی عەبدولقادرە کە مێژوونووسی بەناوبانگی وڵاتی میصر بووە و ، بە ...سەن خەڵکی ... [illegible] . لە قاهیرە لە [illegible]یک بووە و هەر لەوێش لە ساڵی (٨٤٥) ی کۆچیی‌دا کۆچی دوایی کردووە .

[٣٩٨] ...ەمیری سوپای میصر و باوکی مەلیک (افضـل) شاهنشاه بووە ، ساڵی ٤٨٧ ی کۆچیی کۆچی

خەلیفە (المستنصر) نارد کە کارەکە ئەنجام نادرێ . خەلیفە وەلامی گێڕایـەوە کـە دەبێ ویستی (نظام الملـك) جێبەجێ بکرێ .کە وەلامەکـە گەیشت لـەلای قەبرەکـەدا بـۆ خـەڵکیی خوێنرایـەوە و هـەرچیی دەنـگ و هـاواری لێ بـەرز دەبوویـەوە دوورخرانـەوە و دەستیان بە هەڵ کەندن کرد هەتا گەیشتنە لای قەبرەکە . کە ویستیان خشتی سەر قەبرەکە لابدەن ، لە قەبرەکەوە بۆنی جۆرە عەترێك بەرزبوویـەوە کـە هـەرچیی بەسـەر قەبرەکـەوە بـوون هـەر هـەموویانی بێهـۆش کـرد و کـەوتن و ، دوای سـەعاتێك ئەوسا هۆشـیان بـە خۆیاندا هاتەوە و ، لە خوا پاڕانەوە تا لەسەر ئەم کارەیـان لێیـان ببوورێ و ، قەبرەکـەیان وەك خۆی لێکردەوە و ، گەڕانەوە دوا .. بە راستیی رۆژێکـی نـاودار بـوو .. ئـەوە بـوو بـۆ ماوەی چل شەو و رۆژ خەڵکیی بە کۆمەڵ دەهاتنە سەردانی قەبرەکەی ئیمام شافیعیی و ، ئەوەندەش قەڵەبالغ بوو بە نارەحەتییەکی زۆر دەگەیشتنە لای قەبرەکە .

ئـەمیری سوپا کـە ئـەم حاڵـەی دیـی رووداوەکـەی وەك خـۆی نووسـییەوە و ، لەگـەڵ دیارییەکی زۆر و نامەیەکدا ناردی بۆ (نظام الملك) و، ئەویش لـەوێ خـەڵکێکی زۆری لە هەموو چین و توێژەکان کۆکردەوە و نامەکەی بۆ خوێندنەوە . بە راستیی ئەو رۆژەش لە بەغداد رۆژێکی دیار و ناودار بوو ..

(نظام الملك) هەر بەمەشەوە نەوەستا بـەڵکو نامەیـەکی بۆهـەموو ناوچـە جـۆر بـە جۆرەکـانی دەوڵـەتی فراوانـی ئیسـلام نووسیی و نامـە و نووسـینەکەی ئـــەمیری ســوپای میصریشی لەگەڵدا ناردن و لە هەموو ئەو ناوچانەدا موسـڵمانان کۆدەکرانـەوە و نامەکـە و رووداوەکەیان بۆ دەخوێنرایەوە . بەمە ئیمام شافیعیی ئـەوەندەی تـر رێـز و حورمـەتی لـە دڵی موسڵماناندا زیادی کرد .

پاشان مەقریزیی مێژوونووس روونی دەکاتەوە کە لەو کاتەوە قەبری شافیعیی سـەردانی دەکرێت هەتا ئەوەبوو رۆژی یەك شەممەی حەوتەم رۆژی مانگی جومادی یەکـەمی سـاڵی (٦٠٨) ی کۆچیـی هاتـە بـەرەوە .. ئـەو رۆژەی کـە ئـەو گومەزییـەی کـەوا بەسـەر قەبرەکەیەوە تەواو کرا ، ئەمەش بـە دەستی پادشـای پایـەدار ئـەمیری ئیمـانداران نـاصر الدین ظهیری کوڕی سوڵتانی پادشای دادپەروەر سیف الدین ئەبوبـەکری کـوڕی ئـەییووب ، کە پەنجا هەزار دیناری میصریی ئەو رۆژەی تێ چوو ..

جا لە بارەی ئـەو گومەزییـەوە چـەند شـاعیرێك شیعریان وتـووە ، کـە یـەکێ لەوانـە ئەدیبی نووسەر (ضیاء الدین ابو الفتح) مووسای کوڕی مولهەم بووە ، ئەڵێت :

مــررت على قبة الشــافــعي
فعاين طرفي عليها العشاري
فــقلت لــصحبي : لا تعجبوا
فإن المراكب فوق البحــار

هەروەها (علا الدين أبو علي) عوثمانی کوڕی ئیبراهیمی نابولسییش وتوویە :

لقد أصبح الشافعي الإما　　　م فــينا لــه مــذهبُ
ولو لم يكن بحر علــم لما　　　غدا وعلى قبره مركبُ

هەروەها ئاماژە بۆ قەبرەکەی ، شاعیرێکی تریش وتوویە :

اتيت لــقبر الشــافعي أزوره　　　تعرضنــــا فلكٌ وما عنده بحرُ
فقلت : تعالى الله تلك إشارة　　　تشير بأن البحر قد ضمه القبرُ

لە تاج العروس‌یش‌دا شاعیر ئاماژەی بۆ قەبری شافیعیی کردووە :

أكرم به رجلاً ما مثله رجــل　　　مشارك لرسول الله في نسبه
اضحى بمصر دفيناً في مقطمها　　　نعم المقطَّم والمدفون في تربه

ئیمام بوصیرییش کە ناوی موحەممەدی کوڕی سەعیدی کوڕی حــەمادی صەنـهاجیی میصریـیە و خـاوەنی (الــبردة) یـە و لـە سـاڵی (٦٩٦) ی کۆچیـیدا کۆچـی دوایـی کردووە، وتوویـە :

بــقــبة قــبر الشــافــعي ســفينة
رســت من بنــاء محــكم فــوق جــلمود
وإذ غاض طوفــان العــلوم بقــبره
استوى الفلك من ذاك الضريح على الجودي

له كۆتایی‌دا

ئازیزان ! ئەمە کورتە ژیانێکی ئیمام شافیعیی بوو .. ئەمە کورتە ژیـانی مەردێکـە کـە ئیسلام پەروەردەی کرد و پێی گەیاند .. ئەمە نموونەی هەزارەها بەڵکو ملیۆنـەها مـەرد و بەشەرەف و بەغیرەتە کە ئیسلام بۆ خزمەتی مرۆڤایەتیی پێی گەیاندن ..

بەڵێ ، ئیمام شافیعیی وەکو مۆم خۆی تواندەوە و ، بەرهـەمێکی نایـابی بـۆ ئوممـەتی ئیسلام بەجێ هێشت ، بێ ئەوەی چـاوی لـە ژیـان و ، خۆشیی و سـەروەت و سـامانی ئـەم دنیایە بێت.. بە پەروەردەیەکی ئیمانیی ناوازە فـێری ئـەوە بـوو بـوو کـە تەنـها مەبەسـتی ڕەزامەندیی خوا بێت ..

ئیمـام شـافیعیی بـە سـەری بـەرزەوە ڕێـی قیامـەتی گرتـە بـەر و گەڕایـەوە بارەگـای پەروەردگاری تا پاداشتی خۆی لای خوای خاوەن شەفەقەت و سـەخاوەت وەربگرێـت و ، لـە بەهەشتی بەریندا پشوویەک بدات ..

سـەربەرزیی بـۆ ئەوانـەی کـە دەبنـە قوتـابیی شـافیعیی و هاوڕێنـانی تـا خزمـەت بـە بەندەکانی خوا بکەن و ، گوڵێک زیاتر لەم ژیانەدا بڕوێنـن و دڕکێکیـش زیـاتر لەبـەر پێـی ڕێبوارانێدا لابدەن ..

سەربەرزیی بۆ ئەو بەڕێزانە کە مەبەستیان ئاسوودەیی و سـەرفرازیی ئادەمی‌یەکانـە و ، ئاواتەخوازن ئادەمی‌یەک زیاتر ڕێبازی خواناسیی بدۆزێتەوە ، تا لـە ئـاگری دۆزەخ ڕزگـاری ببێ ..

خوای گەورە کۆمەکی هەموو خێرخوازێک بێت ، بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتیی ..

خـوای گـەورە هیدایـەتمان بـدات لـە ژێـر بـەیداخی رســول الله دا بوەسـتین و ، لـە شەفاعەتیشی بێبەش نەبین ..

سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين .

سلێمانیی

١٠ / رەبیعی دووهەم / ١٤٢٢ ك

١٠ / ٧ / ٢٠٠١ ز

سەرچاوەكان

كتێب	دانەر
الإصابة	ابن حجر العسقلاني
الإمام الشافعي ، فقيه السنة الاكبر	عبدالغني الدقر
حلية الأولياء	أبو نُعَيم الأصبهاني
صفة الصفوة	ابن الجوزي

ناوەرۆك

باس لاپەرە

﴿ما رأينا ولا سمعنا أكمل عقلا، ولا
أحضر فهما، ولا أجمع علما من الشافعي﴾.
من أقوال الفضل بن دكين
له بلاوكراوەكانى
كتێبخانەی سۆز لە سلێمانیی